بەختیاری

برایان تره‌یسی

هێزی باوەڕ بەخۆبوون

ببە بە کەسێکی بوێر و نەوەستێنراو و بەهێز
لە هەموو بوارەکانی ژیانتدا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
کەلسوم عۆمەر - حەیدەر ئیبراهیم

پڕفرۆشترین کتێب
لەبواری
گەشەپێدانی مرۆیی



هێزی باوەڕ بەخۆبوون

ببە بە کەسێکی بوێر و نەوەستێنراو و بەهێز
لە هەموو بوارەکانی ژیانتدا

برایان تریسی

وەرگێڕانی:
کەلسوم عومەر & حەیدەر ئیبراهیم

- ناوی کتێب: هێزی باوەڕ بەخۆبوون
- بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی
- نووسینی: براین تریسی
- وەرگێران: حەیدەر ئیبراهیم – کەلسوم عومەر
- چاپی دووەم: ٢٠١٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: تاران – چاپی دووەم
- نرخ: ٤٠٠٠ هەزار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەسپاردنی (١٤٢١) ساڵی (٢٠١٨) پێدراوە.

.....



لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بەختیاری

سلێمانی شەقامی مەولەوی

07701495270

پێڕست

چوونە ناو ناوچەی نەترسان ٥

بەشی یەکەم

بنەمای باوەڕ بەخۆبوون ٧

بەشی دووەم

مەبەست و هێزی کەسی ٢٧

بەشی سێیەم

بەدەستهێنانی توانا و کارامەیی کەسی ٥٦

بەشی چوارەم

یاری ناوەوەی باوەڕ بەخۆبوون ٩١

بەشی پێنجەم

جەخت لەسەر تواناکانت بکەرەوە ١٢٤

بەشی شەشەم

سەرکەوتن بەسەر دۆخی دژواریدا ١٥٧

بەشی حەوتەم ١٨٦

باوەڕ بەخۆبوون لە کار وکرداردا ١٨٦

چوونە ناو ناوچەی نەترسان

" جگە لەو کەسانەی کە بوێربوون و باوەڕیان وا بووە شتێك لە ناخیاندا هەیە گەورەترە لە بارو دۆخەکە, هیچ کەسێکی تر نەیتوانیوە دەسکەوتی ناوازە بەدەست بهێنێت. "

(بڕوس بارتن)

بەخێربێیت بۆ ناوچەی نەترسان, لە لاپەڕەکانی دواتردا, فێردەبیت کە چۆن پەرە بە باوەڕ بەخۆبوون, بوێریی, وزەیەکی پتەو و نەگۆڕ بدەیت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. فێردەبیت کە بەبوێری و چاونەترسییەوە لە گەورەترین بەرەنگاریی و دەرفەتەکانی ژیانت نزیك ببیتەوە و ڕووبەڕوویان ببیتەوە. باوەڕت بە تواناکەت دەبێت کە دەتوانی هەرشتێك بەدەست بهێنیت کە بیری لێدەکەیتەوە.

هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە تۆ کە توانایەکی شاراوەی نائاساییت هەیە بۆ سەرکەوتن, دەستکەوت و سامان لەگەڵ بەهرە و توانای سروشتی زیاتر کە دەتوانی بۆ سەدان ساڵ بەکاریان بهێنیت. تاکە شت کە لەنێوان تۆ و ژیانە سەرنجڕاکێشەکەدا هەیە ترس و جۆرەکانیەتی. کاتێك ئەم کتێبە تەواودەکەیت, ترسەکانت بۆ هەمیشە نامێنن.

بۆماوەی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ, سەبارەت بە کەسانی سەرکەوتوو خوێندومەتەوە و لێکۆڵینەوەم کردووە و بۆ ئەو خەسڵەت و

تایبەتمەندییانە گەڕاوم کە هەیانە و وای لێکردوون زیاتر لە کەسانی ئاسایی شت بەدەست بهێنن. هەزاران کتێب و لێکۆڵینەوە و وتارم خوێندوەتەوە سەبارەت بە سەرکەوتن. گەشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە تایبەتمەندیی ڕیشەیی سەرکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا, باوەڕ بەخۆبوونە.

هەموو ئەو کەسانەی کە شتی نائاسایی و جیاوازیان بەدەستهێناوە, ئەوانە بوون کە باوەڕ بەخۆبوونی زیاتریان لە کەسانی ئاسایی هەبووە. کاتێک پەرە بەخۆت و تواناکانت دەدەیت تا ئەو ئاستەی کە باوەڕت وایە دەتوانی هەرشتێک بەدەست بهێنیت کە بەڕاستی دەتەوێت, داهاتوت سنوردار نابێت.



بەشی یەکەم

بنەمای باوەڕ بەخۆبوون

"هیچ شتێکی خراپ یان باش بوونی نییە, بەڵکو بیرکردنەوەیە جیایان دەکاتەوە."

(ویلیام شکسپیر)

بیرۆکەکان و هەستەکانت سەبارەت بەخۆت و شتانێك کە دەتوانیت ئەنجامیان بدەیت یان ناتوانیت ئەنجامیان بدەیت, دەرئەنجامی تەواوی تەمەنێك لە ئەزموون و ڕاهێنانی فێرکردنە. زۆرکات پەیوەندییەکی زۆر کەمی هەیە بەو شتەی کە بەڕاستی گونجاوە بۆت.

لە پەرەپێدانی کەسییدا بنەمایەك یان یاسایەکی گۆڕان هەیە کە بە شێوازێکی سادە دەڵێ هەر تاکێك لە پڕۆسەیەکی بەردەوامی گۆڕان یان پەرەسەندن و گەورەبوونداید بە ئاڕاستەی بیرۆکە سەرەکییەکانی. هەروەها جەستەشت لە دۆخی گۆڕاندایە لە ڕێژەیەکی سادەی مردنی خانەکان و دووبارە هێنانەوەیاندا, هەر حەوت ساڵ جارێك جەستەیەکی نوێ و بەکارنەهێنراوت دەبێت. گەشەسەندن و گۆڕانی جەستەت کاریگەرییان لەسەر دەبێت بەو خواردنانەی کە دەیانخۆیت. بەزۆری گۆڕان و گەشەسەندنی هزرییت لەلایەن ئەو بیرۆکانەی کە بیریان لێدەکەیتەوە دیاری دەکرێن.

دەبیت بەو شتەی کە بیری لێدەکەیتەوە

یاسای جەختکردنەوە دەڵێت: " هەرشتێك کە ماوەیەکی زۆر بیری لێبکەیتەوە, ئەوا لە ژیانی ڕاستییدا ڕووەدات." هەر شتێك کە بۆ ماوەیەکی درێژ بیری لێدەکەیتەوە, لەئەنجامدا دەبێت بە بەشێك لە پڕۆسەی هزربیت و کاریگەرییەکەی و هێزەکەی لەسەر هەڵوێست و هەڵسوکەوتت دەردەکەون. ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام بیر لە نەترسیی و بوێریی و باوەڕ بەخۆبوون دەکەیتەوە, بەردەوام زیاتر باوەڕت بەخۆت دەبێت و دەبیت بە کەسێکی چاونەترس و بوێر.

تا زیاتر بیر لەو کەسە بکەیتەوە کە حەزت لێیە ببیت, ئەو خەسڵەتانەی کە حەزت لێیە خاوەنیان بیت, تا زیاتر ئەو بیرۆکانە لە بەشی هزری نائاگاییتدا بچێنێت, تیایدا دەبن بە بەشێك لە گۆڕانە بەردەوامەکەت. ئەو شتەی کە وەك خویەکی بەردەوام لە بیرکردنەوەیدایت, لەئەنجامدا دەبێت بە بەشێك لە تایبەتمەندی و کەسایەتییت.

لەم دۆخەدا, کەسێکی سەرکەوتوویت. لەو شوێنەی کە هەیت و ئەو شتەی کە هەیت, هۆکاری ئەو بیرۆکانەن کە ڕێگەت پێداون هزرت دابگیر بکەن. هەر شتێك کە بۆ ماوەیەکی زۆر و بەردەوام لە ساڵانی پێشودا بیرت لێکردوەتەوە, لە دەرئەنجامی ئەو بیرۆکانەوە لە ئەمڕۆدا بویت بەم کەسە.

تۆ تەنها خۆتت نەکردووە بەو کەسەی کە ئەمڕۆ هەیت, بەڵکو بەردەوامیت لەکاری دروستکردنی خۆت بە هەر بیرۆکەیەك کە بیری لێدەکەیتەوە, لەبەرئەوەی کە ئەمە ڕاستییەکی خۆڵێلانەدەری ژیانە. زیرەکانەترین شتێك کە دەتوانی ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە بەبەردەوامی

بیر لەو بیرۆکانە بکەیتەوە کە دەگونجێن لەگەڵ جۆری نەو کەسایەتییەی کە دەتەوێت ببیت.

پەرەسەندنی کەسی ئاسان نییە

هەر چەندە بۆ زۆربەی خەڵکی ئەمە گۆڕانێکی زۆر گەورەیە. کەسانێکی زۆر بەردەوام دەبن لە بیرکردنەوە لێی و قسەدەکەن سەبارەت بەو شتەی کە نایانەوێت ڕووبدات. دواتر سەرسام دەبن کە کتومت ئەو شتە بەبەردەوامی ڕووەدات بۆیان کە هیوایان دەخواست ڕوونەدات. یەکێك لە گەورەترین دۆزینەوەکانی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە "بیرۆکە داهێنەرە." بیرۆکەکان لە مێشکدا هەڵدەگیرێن و لەئەنجامدا جۆری نەو بیرۆکانە بەرهەم دەهێنن.

ڕێسایەکی بۆماوەییە. بیرۆکەکانت دەبن بە ژیانی ڕاستییت. دەبیت بەو شتەی کە زۆرترین کات بیری لێدەکەیتەوە, ناکرێت بۆ ماوەیەکی درێژ بیر لە بیرۆکەیەك بکەیتەوە و ئەزموونێکی جیاواز لە ژیاندا ببینیت.

ئەم یاسای هۆ و ئەنجامە لە هەموو جێگایەك و بەردەوام بۆ هەموان بەبێ کێشە کاردەکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەرەوپێشبردنی باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ بەوە دەستپێدەکات کە کۆنترۆڵی ڕێکو پێك و تەواوی بەشەکانی هەزری بەئاگاییت بکەیت, خۆت ڕابهێنە بۆ بیرکردنەوەی بەردەوام سەبارەت بەو شتانەی ئارەزوویان دەکەیت و یەکلایکەرەوانە هەزرت لەو شتانە بەدوور بگرە کە لێیان دەترسیت.

تەواوی ژیان پێچەوانەیە, لە ناوەوە بۆ دەرەوە. یاسای ڕەنگدانەوەیە. ڕەنگە یەکێك بێت لە گرنگترین یاساکانی هەزر کە دەڵێت:" جیهانی

دەرەکییت، ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەکییتە." ئەو شتەی کە لەدەرەوە دەیبینیت بەزۆری ڕەنگدانەوەی ئەو شتەیە کە لەناختدا ڕووەدات. ئەم تەنها بۆ تۆ ڕاست نییە بەڵکو بۆ هەموو ئەو کەسانەش ڕاستە کە ل چواردەورتدان.

ژیانی ناوەکییت پێشبینی ژیانی دەرەکییت دەکات

زۆر کات کەسانێك دەبینیت کە زۆر باش و ڕووخۆش دیارن لە ڕووکاری دەرەوەیاندا بەڵام دیارە کە کێشەی بەردەوامیان لە ژیانی بازرگانی و کەسییاندا هەیە. سەرمان دەسوڕمێ لەوەی کە چۆن دەکرێت ئەم شتە ناخۆشانە بۆ ئەو کەسە باشانە ڕووبدەن؟

ڕاستییە خۆلێلانەدەرەکە ئەوەیە کە جگە لە کۆمەڵێك شتی کەم زۆرینەی ئەو شتانەی کە کەسێك ئەزموونی دەکات لە ژیانی دەرەکییدا کتومت ڕەنگدانەوەی شتێکە کە لەژیانی ناوەکییدا ڕووەدات. ناکرێت پێچەوانە بێت.

سەرکەوتن وکامەرانیی ڕاستی بە بەڕێکردنی ژیانت دێن لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە بوونت بەڕێوەدەبەن. هەرچەندە ئەم یاسایانە نەبینراون وەك یاسای کێشکردنی زەوی وان کە ئەویش نەبینراوە بەڵام تەنها لەلایەن خۆتەوە پێشێل دەکرێت و پێویستە بەرپرسیاریەتییەکەی لە ئەستۆ بگریت.

کەسانی دڵخۆش ئەوانەن کە شوێن یاساکانی سروشت دەکەون و بەردەوام ژیانیان لەگەڵ یاساکاندا بەڕێدەکەن.

بەهاکانت بدەیت. کەسە باشەکان ئەوانەن کە کاتیان پەخساندووە تا
ئەوەی بەڕوونی بڕیاربدەن کە ئەو شتە چییە باوەڕیان پێیەتی، دواتر
ژیانیان ڕێکخستوە تا ئەوەی هەر شتێك کە ئەنجامی دەدەن
ڕەنگدانەوەی ئەو بەهایانەیە بێت. بەم دواییانە ئاماژەم بە سەد و پەنجا
ئەندامی دەستەی کەرین و فرۆشتنی نەتەوەیی کۆمپانیایەکی نەوت
سەرکەوتوو کرد. ئەم کۆمپانیایە لە بیرۆکەیەکەوە دەستیپێکرد، نەوت
بەخێرایی پەرەسەندنی بەخۆوە بینی لە مارکێتینێکی زۆر پێشبڕکێداردا
و کۆمپانیاکە پڕبەرهەم بوو.

هەموان لە کۆبونەوەکەدا زۆر ئەرێنی، پڕهیوا بوون و کوالێتییەکی
تایبەتی باشیان سەبارەت بە ئەوان هەبوو. کاتێك سەبارەت بەمە قسەم
کرد، سەرۆکی کۆمپانیاکە بەها سەرەکییەکانی کۆمپانیاکەی نیشاندام ک
جێبەجێکارەکانی کۆمپانیاکە بەرلەوەی دەستبەکاربن کاریان لەسەر
کردبوو.

ڕێساکان و بەهاکان دوو پەڕە بوون کە دەدران بە هەرکەسێك لە
کۆمپانیاکەدا بەرلەوەی دەستبەکاربن. دواتر ئەم دوو پەڕەیە
کورتکرانەوە بۆ کارتە پلاستیکییەکان تا هەر کەسێك بتوانێت لە جزدان
یاخود کیسەی پارەکەیدا هەڵی بگرێت.

سەرۆکی کۆمپانیاکە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی بۆ گێڕامەوە، گوتی هەر
کاتێك دوو کەس یان زیاتر لەکۆمپانیاکەدا منافەسەیان کردبێت بۆ هەر
جۆرە بڕیارێك تەنانەت سەبارەت بە تەلەفونەکەش، کارتە
پلاستیکییەکانیان دەردەکرد کە ڕێسا و بەهاکانی کۆمپانیاکەی
لەسەربوو. دواتر پێکەوە پێداچونەوەیان بە دانە بەدانەی ڕێساکاندا

بە ژیانی ناوەکییت دەستپێبکە

ئەگەر دەتەوێت لە ژیانی دەرەکییت خۆشی لە باوەڕ بەخۆبوون ببینیت پێویستە ڕاستگۆیی تەواو لەناوەوەی خۆتدا پەیڕەو بکەیت. بنەمای باوەڕ بەخۆبوون بۆ تۆیە تا ئەوەی ژیانت لەگەڵ ڕێسا و بەها گرنگەکانت بەڕێبکەیت, لەکاتێکدا بیردەکەیتەوە و ڕەفتار دەکەیت لەگەڵ بەرزترین بەهاکانتدا دەگونجێن.

سەرکەوتن و کامەرانی ڕاستی بە بەڕێکردنی ژیانت دێت لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە بونت کەسانێك کە باوەڕ بەخۆبوونێکی نەگۆڕ و جێگیریان هەیە, ئەوانەن کە بەتەواوی دڵنیان لەو شتەی کە باوەڕیان وایە ڕاستە, باشە, بەسودە و ژیانیان بەبەردەوامی لەگەڵ ئەم بەهایانەدا بەڕێدەکەن. هەر شتێك کە ئەنجامی دەدەن و دەیڵێن دەرخەری باوەڕە سەرەکییەکانیانە. تەواوی جیهانت سەرکەوتوو دەبێت تا ئەو ساتەی کە دەزانیت شتە دروستەکە ئەنجامدەدەیت, هەستێکی ناوەکی قوڵت دەبێت کە خۆی لە هەڵوێستی باوەڕ بەخۆبوون بە توانای خود لە هەر دۆخێکدا نیشاندەدات. زۆرێك لە سەختی و دژوارییەکانت ڕوبەڕوو دەبێتەوە لە ژیاندا بەڵام ئەو شتەی کە گرنگترینە ئەوەیە کە "لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆ بمێنیتەوە." وەك شکسپیر دەڵێت:" لەگەڵ خۆت ڕاستگۆبە, لەگەڵ کەس ناڕاستگۆ نابیت."

بەهاکانت دیاری بکە

خاڵی وەرچەرخانی پەرەپێدانی ئاستە بەرزەکانی باوەڕ بەخۆبوون و بوون بە مرۆڤێکی باشتر بۆ تۆیە تا بیری لێبکەیتەوە و بڕیار لەسەر

دەکردەوە و بەراوردی بژاردە جیاوازەکانیان دەکرد لەگەڵ هەر بەهایەکدا کە بەردەست بوو. هەر بڕیارێك کە لە کۆتاییدا دەریان دەکرد, هەمیشە بەپێی بەهاکان دەبوو.

بەهاکان لە کاری بازرگانییدا

لە تۆژینەوەیەکی نوێی بیست و پێنج ساڵەی مێژووی بازرگانییدا, لێکۆڵەرەوەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت ئەو کۆمپانیایانەی کە بەها دەستنوسە ڕوونەکانیان هەبوو لە کۆمپانیاکەدا هەموان بۆیان ڕونکرابوەوە. بەڕێژەی لە سەدا حەفتا قازانجی زیاتری لەماوەی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵدا بەدەستهێنابوو بەبەراورد بەو کۆمپانیایانەی لەهەمان کاری بازرگانییدا بوون و بەهای دەستنوسیان نەبوو. بیرکردنەوەمان لەناخی خۆماندا چۆن بێت, ڕەنگدانەوەی لەو جیهانەدا دەبێت کە تیایدا دەژین.

هەرکاتێك تاقیکردنەوەیەکی پلاندانانی ستراتیژی جێبەجێدەکەم بۆ کۆمپانیایەکی هاوبەش, هەمیشە جێبەجێکارانی کۆمپانیاکە ڕاستگۆیی وەك بەرزترین بەها و گرنگترین ڕێسای ڕێکخستن بۆ تەواوی کۆمپانیاکە هەڵدەبژێرن.

لەئەزموونەکەمدا زۆربەی کۆمپانیاکان بەهای ڕاستگۆیی وەك یەکێك لە گرنگترین ڕێساکانی ڕێکخستن هەڵدەبژێرن. بەگوێرەی فەرهەنگ وشەی "ڕاستگۆیی" بەواتای "بێ کێشە, سەرجەم, هەموو, یەك دەستە و بێ هەڵە و کەموکوڕتی" دێت. بەهایەکی باشە بۆ ئەوەی هەڵبژێردرێت.

ئەمە هەڵبژاردنێکی باشە بەڵام لەڕاستییدا ڕاستگۆیی زیاتر لە بەهایەکە. تاکە خەسڵەتی هەرە کە دڵنیایی یان گرەنتی بە هەموو بەهاکانی تر دەدات کە هەڵیدەبژێریت. دەرئەنجامە کەسی و ئابورییەکانی تاکە کەس و کۆمپانیا هاوبەشەکان بەبەها ڕوونەکانەوە هەموو کات زۆر لەسەروترن بەبەراورد بەو کۆمپانیا و کەسانەی کە بەهاکانیان ناڕوونن.

بەها کەسییەکانت ڕوونبکەرەوە

خاڵی وەرچەرخانت بەرەو باوەڕ بەخۆبوونی زیاتر و شکۆداریی کەسی ئەوەیە بەر لە هەموو شتێك بەهاکانت بۆ خۆت ڕوون بکەیتەوە. بڕیار لەو بەهایانە بدە کە باوەڕت پێیانە. بۆ چ شتێك تێدەکۆشیت و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ چ شتێك تێناکۆشیت؟ پشتگیری چی بەهایەکت دەکەیت کە ئامادەیت قوربانی بۆ بدەیت؟ ئامادەیت ئارەق بۆ کام بەهات بڕێژیت یان تەنانەت بۆشی بمریت؟

ئایا بەهای خێزانەکەت, خودات, تەندروستییت, کارەکەت یاخود پیشەکەت دەگریت؟ ئایا بەهای ڕێساکانی وەك: ئازادیی, بەزەیی بۆ کەسانی هەژار یان "ژیانێکی بەبەها" دەگریت؟ ئایا باوەڕت بە ڕاستگۆیی, ڕاستیی, دڵسۆزیی, کاری سەخت و سەرکەوتن هەیە؟ بەهاکانت هەر شتێك هەن, بیریان لێبکەرەوە و بیاننوسەرەوە.

بە کێ زۆر سەرسامیت

تاقیکردنەوەیەکی بەسود بۆت ئەوەیە کە بیر لە کەسێکی زیندوو یان مردوو بکەیتەوە. ئەو کەسەی کە زۆر پێی سەرسامیت. چی خەسڵەتێك

یان تایبەتمەندییەکی ئەم کەسەت زۆر لا گرنگە؟ ئەگەر بکرێت وەک ئەم کەسە بیت, دەتەوێت کام خەسڵەتانەت هەبێت؟

کاتێک سەیری کەسانێک دەکەیت لە چواردەورت کە پێیان سەرسامیت, چی تایبەتمەندییەکی ئەم کەسانەت پێ گرنگترینە؟ بۆ ج جۆرە خەسڵەتێک لە هاوڕێ و هاوپیشەکانتدا دەگەڕێی کاتێک دەتەوێت بڕیاری ئەوە بدەیت لەگەڵیان زۆر هەڵسوکەوت بکەیت؟ بە بۆچونی تۆ ئەو خەسڵەت و بەها سەرەکییانە چین کە کاریگەرییان لەسەر بازرگانی و پەیوەندییە کەسییەکان هەیە؟ بەهاکانت چین؟

بەهاکانت گفتوگۆهەڵنەگرن

کاتێک بەهایەک هەڵدەبژێریت, ئەگەر یەکێک لە بەهاکانت بە هەر جۆرێک بێت, نابێت پشتگوێ بخرێت یان ئەوەتا بەهایەکی نەگۆڕە و تەواوی ژیانتی لەگەڵ بەڕێدەکەیت یان یەکێک نییە لە بەهاکانت. ناکرێت بەهایەکت هەبێت کاتێک گونجاوە و کاتێکیش نەگونجاوە بیخەیتە لاوە. ناکرێت ڕاستگۆییەکی کەمت هەبێت, دەبێت بەتەواوی ڕاستگۆ بیت یان هەر ڕاستگۆ نەبیت.

هەروەها کرداری هەڵبژاردنی بەهاکانت, کرداری بەڕوونی گوتنە بەخودی خۆت و هەندێک کات بە کەسانی تریش کە کتومت لەم ساتە بەدواوە چۆن ژیانت بەڕێدەکەیت. کاتێک بەهایەکت هەڵبژارد و یەکێک بوو لە ڕێسا سەرەکییەکان لەئەنجامدا دەڵێی کە ئەمە شتێکە هەرگیز سازشی لەسەر ناکەم. ئاستی گوێڕایەڵیکردنت بۆ ئەو بەهایانەی کە خودی خۆت

هەڵبژاردنی پێوانەی ڕاستیی کەسایەتییت و تایبەتمەندی ڕاستەقینەی
وەک مرۆڤێک.
باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ لەخۆتەرخاندنێکی تەواوەوە دێت بۆ بەهاکانی
کاتێک لەناوەوەی ناخی خۆتدا دەزانیت کە هەرگیز پێشێلی باشترین
ڕێساکانت ناکەیت. ئەزموونت هەستێکی قوڵی توانای کەسیتە کە توانات
پێدەدات بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ باوەڕ
بەخۆبوونی تەواودا بکەیت لە زۆرێک لە دۆخەکاندا.

ڕونکردنەوەی بەهاکانت

ئەگەر هەر دژواریەکت لە ڕونکردنەوەی بەهاکانتدا هەبێ.
تاقیکردنەوەیەکی زۆر سودبەخش هەیە کە هەندێک کات وەربگریت بۆ
نوسینی کورتەیەک لە ژیانت یان ستایشی خۆت بکەیت. خەیاڵ بکە
هەموو ئەوانەی کە دەیان ناسیت و بەلاتەوە گرنگن لە پرسەکەدا
کۆبونەتەوە بۆئەوەی شەرەفمەندت بکەن.
وەزیرەکە ستایشەکەت بۆ ئەم کۆمەڵە کەسە دەخوێنێتەوە, تێیدا
وەسفی ئەو کەسە دەکات کە لەتەواوی ژیانتدا بویت. بەتەنها وەسفی ئەو
دەستکەوتانە ناکات کە بەدەستهێناون یان بە ژیانی کەسانی تردا
بەخشیوە, بەڵکو هەموو خەسڵەت, بەها و ڕەوشتە بەرزەکانت
دەخوێنێتەوە کە لەلایەن کەسانی دەوروبەرتەوە پێی ناسرابوویت.
ئەم کورتەیەک لە ژیانە دەکرێت ببێت بە تێڕوانینت بۆ ئەو کەسەی
خۆزگە دەخوازیت ببیت و ئەو جۆرە بەهایانەی کە خۆزگە دەخوازیت
لەگەڵیان ژیان بکەیت. هیچ کەسێک بێ کەموکوڕتی نییە, هەموومان

ڕێگایەکی دوورو درێژمان لەبەردەستە تائەوەی ژیانمان لەگەڵ باشترین بەهاکانمان بەڕێبکەین بەڵام ڕاهێنانی نوسینی کورتەیەک لە ژیانت کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر هەموو شتێك دادەنێت کە لەمەودوا ئەنجامی دەدەیت. وات لێدەکات کە بەئاگاییانە و نائاگاییانە ژیان و کردارەکانت وەك ئەو کەسەی لێبێت کە لە دواین بەیاننامەدا وەسفتکردبوو.

بەهاکانت ڕێکبخە

هەرکات بڕیارت لەسەر بەهاکانتدا, ئەوا کارەکەت کۆتای نایە. ئێستا لەسەرت پێویستە بەپێی گرنگییان ڕیزیان بکەیت. پێویستە بڕیاربدەیت کە کام بەهات زیاتر گرنگترە و کام بەهات کەمتر گرنگە. ئەگەر هەموو بەهاکانت لەسەر چەند پارچە پەڕەیەکی چوارگۆشەی بچوك نوسی, دواتر پێویستە هەموویان فرێبدەیت جگە لە یەکێکیان. کامیان هەڵدەگریت؟ دواتر ئەمە دەبێتە گرنگترین بەهات, گرنگی زیاتری دەبێت لەلات بەبەراورد بە ئەوانی دیکە.

کامیان دەبێت بە دووەم, سێیەم, چوارەم و پێنجەم گرنگترین بەهات ؟

ڕیزکردنی بەهاکانت بەپێی گرنگییان زۆر گرنگە لە دیاریکردنی جۆری کەسایەتییت و ئەو ژیانەی کە دەتەوێت هەتبێت.

زۆرێك لە خەڵکی بەهاکانیان بەم جۆرە ڕیزدەکەن: یەکەم خودا, دووەم خێزانەکەیان, سێیەم تەندروستییان, چوارەم پیشەکەیان و ڕەنگە ژمارە پێنج سەرکەوتن بێت. کەسێك کە ئەم جۆرە بەها ڕیزکراوەی هەیە دەڵێت هەرکات کە دۆخەکە خراپ دەبێت, هەمیشە بەها بەرزە ڕیزکراوەکان پەسەند دەکەم بەسەر بەها نزمە ڕیزکراوەکاندا.

ڕێزکردنی بەهاکانت ناچارت دەکات هەڵبژێریت

ئەگەر خێزانەکەت بەر لە تەندروستییت یان کارەکەت دێت، ئەوا هەموو کات تەندروستییت و کارەکەت دەکەیت بەقوربانی بۆ سەلامەتی خێزانەکەت. ئەگەر ڕێزکردنی بەهاکانت گۆڕدران و کارەکەت یان سەرکەوتنە داراییەکەت بەر لە تەندروستییت هات، دواتر دەڵێیت کە تەندروستییت دەکەیتە قوربانی بەرەوپێشچوون لە کارەکەتدا ئەگەر پێویست بکات.

هەندێك بازرگانم ناسیوە کە سەرکەوتنی کارەکەیان بەر لە خێزانەکانیان داناوە لە ڕێزکردنی بەهاکانیاندا. کاتێك پێویست بوو کە یەکێکیان هەڵبژێرن ئەوا کارەکەیان هەڵبژاردووە بەسەر بەسەربردنی کاتەکانیان لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانیاندا. لەئەنجامدا هاوسەرگیرییەکەیان و کارەکەیان کەوتونەتە کێشەی سەختەوە.

زۆر کات هەڵبژاردنی بەهاکانت و پاشان ڕێزکردنیان بەپێی گرنگییان، یاسایەکی بەسوود و هەزری دروستدەکات کە وات لێدەکات بڕیار و هەڵیژاردنی دروست لە هەموو بوارەکانی ژیانتدا بدەیت.

ڕاستگۆیی شایستەی پێداچونەوەیە

ڕێسای ڕاستگۆیی یان گۆڕاپەڵیکردن بە بەهاکانەوە یەکێکە لە باساکانی گەردوون. بە هەر هۆکارێك بێت ئەگەر بەهای ڕاستگۆییەکەت کەم بکەیتەوە یان پێشێل بکەیت، ئەوا توانایەکی گەورە یان هێزێکی سزادانی سەخت هەیە کە ڕێگە نادات ڕزگارت ببێت لێی.

ڕاستگۆیی پێداویستییەکی تەواوە بۆ ژیانی مرۆڤی سەرکەوتوو. سەرکەوتوونەبوون لە ڕاستگۆییدا یان سازشکردن لە بەهاکانت نەک بەتەنها سزایەک دێنێت کە شایستەی تاوانەکەیە لە بازرگانی, سیاسەت یاخود لە ژیانی کەسییدا بەڵکو ڕێژەیەکی بەرزی فشار, ناکامەرانیی و پەشێویی دەروونی لە ژیانی تاکدا دروستدەکات.

ئەم پێویستییە بۆ ڕاستگۆیی تەواو ئەوەیە کە پێویست دەکات لەگەڵ هەموو خەڵکیدا و لە هەر بارودۆخێکدا " ڕاستگۆیانە ژیان بکەیت." ژینکردن لە ڕاستگۆییدا بەواتای ئەوە دێت کە هەرگیز درۆ نەکەیت. واتە هیچ کاتێک بەهای ڕاستگۆییەکەت کەم نەکەیتەوە بۆ خاتری کار, پارە یاخود پەیوەندییەک. بەواتای ئەوەی کە هەمیشە ئەو شتە ئەنجام بدەیت و بڵێیت کە پێت وایە ڕاست و دروستە, بەلاتەوە گرنگ نەبێت کە سودەکەی یاخود زیانەکەی چییە.

ژینکردن لە ڕاستگۆییدا واتە ڕێگەنەدان بەخۆت بەوەی کە باوەڕ بەو شتە بکەیت کە ڕاست نییە. ڕوبەڕووی ژیان, پەیوەندییەکان و بارودۆخەکان دەبیتەوە کتومت بەو شێوەی کە هەن, نەک بەو شێوەی کە خۆزگە دەخوازیت. ژینکردن لە ڕاستگۆییدا واتە لە هیچ دۆخێکدا مەیێنەرەوە کە خەمبارت دەکات یان پێتوایە کە دۆخێکی خراپە بۆت.

ئارامیی هزر وەک باشترین بەهات دابنێ

ژیان لە ڕاستگۆییدا واتە ئارامیی هزر وەک بەرزترین ئامانج و سەرەکیترین بەهات دابنێیت. هەموو ئامانجەکانی تۆرت هەڵدەبژێریت کە لەگەڵی

دەگونجێن. هەرگیز بەهای گرنگی ئارامیی هزرت بۆ هیچ کەسێك و هیچ شتێکی تر کەم مەکەرەوە.

تۆ تەنها ئەو شتانە ئەنجامدەدەیت و دەڵێیت کە تەواو باشن بۆت. بیرۆکەکان و هەستەکانت هەرشتێك هەن بەتەواوی پەسەندیان دەکەیت و بەشێوازێکی ڕێکو پێك هەموو ئەو بەشانەی ژیانت دەگۆڕیت کە ئارامیی هزریيت پێنابەخشن. تەنها بەم ڕێگایە دەتوانیت خۆشی لە بەرزترین ئاستەکانی باوەڕ بەخۆبوون ببینیت کە لەلایەن کەسانی لەسەروترەوە ئەزموونیان دەکرێت. تەنها بە نکۆڵیکردن لە هەموو شتێك کە ئەنجامی دەدەیت ڕێگەت پێدەدەن بەئارامی لەگەڵ خۆتدا ژیان بکەیت. دەتوانیت بەڕاستی هەست بەباشی بکەیت سەبارەت بەخۆت و هەموو پەیوەندییەکانیشت سەرکەوتووانە بەڕێبکەیت.

بەهاکانت تەنها لە کردارەکانتدا دەردەکەون

ژینکردن بەبەردەوامی لەگەڵ بەهاکانتدا کلیلی دڵخۆشیی، ئارامیی، تەندروستییەکی باش و بەرزترین ئاستی باوەڕ بەخۆبوونە. ئەمە کۆتا ئاماژەمان لەم بەشەدا نیشان دەدات کە ڕەنگە گرنگترین ئاماژەش بێت. ئەوەش ئەوەیە کە بەها ڕاستییەکانت تەنها لە کردارەکانتدا دەردەکەون، لەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەیت. دەتوانیت بڵێیت ئەو شتانە چین کە بەڕاستی باوەڕت پێیانە، بە سەرنجدان بەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەیت، پێویستە تیایاندا هەڵبژاردنێك بکەیت. بەتایبەتی لەکاتێکدا کە فشارێکت لەسەرە و لەیەك کاتدا ڕوبەڕووی دوو ئاڕاستە کراویت، داواکارییە پێچەوانەکان یان بەرپرسیاریەتییەکان. ئەمە ئەو کاتەیە کە

بەها ڕاستییەکانت دەردەکەون. هەر کارێك کە لە هەر دوخێکدا ئەنجامی دەدەیت پێت دەڵێت کام بەهایەت گرنگترینە یان ئاخۆ هەر هیچ بەهایەکت هەیە.

ئەوەی کە دەیڵێیت و دەتەوێت یان ئاوات و خۆزگەی بۆ دەخوازیت هەژمارناکرێت بەڵکو تەنها ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت هەژمار دەکرێت. هەڵبژاردنی کارەکانت کە ئەنجامیان دەدەیت, ڕاستگۆییانە پێت دەڵێت کە بەڕاستی تۆ کێیت.

لەڕاستییدا دەتوانیت بڵێیت کە بەهاکانت لە ڕابردوودا چی بوون, بەسەیرکردن و سەرنجدان لەو شتانەی ئەنجامت داون کاتێك فشارت لەسەربوو یان کاتێك هەڵبژاردنێکی گرنگت هەبوو بیکەیت. ئایا گوێت لە باشترین فریشتەکانی سروشتت گرت یاخود بەهاکەت بۆ سودێکی کورتخایەن کەمکردەوە؟

کەسێك کە دەڵێت خێزانەکەی بە پلەی یەکەم دێت پێویستە هەڵبژێرێت لەنێوان کارکردنی درەنگ یان ڕۆشتن بۆ یارییەکی قوتابخانەی منداڵان یان چالاکییەکی وەرزشی. پێداویستییەکانی منداڵەکەی هەڵدەبژێرێت بەسەر داواکارییەکانی بەڕێوەبەرەکەیدا, ئەوا کەسێکە کە ژیانی بەردەوام لەگەڵ باشترین بەهاکانیدا بەڕێدەکات.

هەموان ئەزموونی وازهێنان لە کار یان پەیوەندییەکییان هەبووە هەرچەندە قوربانییەکی زۆریشی تێدا دراوە لەبەرئەوەی کە شتێکی ڕاست بووە, هەرچەند بەئازاریش بووە کە ئەنجامی بدەیت و بێگومان لە یادتە کە لەکۆتاییدا چی هەستێکی باشت هەبووە!

هەرکاتێك بەپێی بەهاکانت کردارت کردبێت، ئەوا هەمیشە هەستت بەباشی کردووە سەبارەت بەخۆت و باوەڕ بەخۆبوونیشت زیادیکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەرکات لە گرنگی بەهاکانت کەمکردبێتەوە بەهەر هۆیەك بوبێت، ئەوا هەستت بە نائاسودەیی، خۆبەکەمزانین و تاوانباری کردووە و باوەڕ بەخۆبوونیشت کەمیکردووە.

یاسای پەرچەکردار

ئەو ڕاستییەی کە بەها ڕاستییەکانت تەنها لە کردارەکانتدا دەردەکەون دەمان گێڕێتەوە بۆ ڕێسایەکی هزری نەزانراو کە پێی دەوترێت:" یاسای پەرچەکردار." وەك چۆن ئەم یاسایە دەڵێت بیرکردنەوەکان و هەستەکان بەردەوام دەبنە هۆی ئەو کردارانەی کە لەگەڵیان دەگونجێن. ئەم ڕێسایە شایستەی گۆڕانە. کردارەکان کە لەگەڵ بەها تایبەتییەکان یان باوەڕەکان دەگونجێن بەڕاستی دەبنەهۆی بیرکردنەوەکان و هەستەکان کە کردارەکانیان ئەنجامداوە.

مەبەست لێی ئەوەیە ئەگەر خەسڵەتێکی تایبەتیشت نەبێت، ئەوا بەجۆرێك ڕەفتار بکە کە ئەو خەسڵەتەت هەیە، لە ئەنجامدا ئەو خەسڵەتە هزرییە دروستدەکەیت کە هاوشێوەی کردارەکانە.

دکتۆر ویلیام جەیمس ماموستا لە زانکۆی هارڤارد بەم شێوەیە دایڕێژاوە:"وادیارە کردار بەدوای هەستەکاندا دێت بەڵام ئاخۆ بەڕاست کردار و هەستەکان پێکەوە دەیانکرێت. بە کۆنترۆڵکردنی کردارەکە کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ویستدایە دەتوانیت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی هەست بکەیت کە لەژێر کۆنترۆڵی ویستدا نییە."

وەك ڕێسایەك كار بكە

لەتواناتدایە كە دەستەیەك بەهای نایاب پەرەپێبدەیت بە ڕەفتارکردن بە شێوازێك كە پێشتر ئەو بەهایانەت هەبووە. دەتوانیت ڕاستگۆیی، ئازایەتیی، بەزەیی و باوەڕ بەخۆبوون پەرە پێبدەیت بە ڕەفتارکردن بە جۆرێك كە پێشتر ئەم خەسڵەتانەت هەبووە. تا زیاتر بەگونجاوی هەڵسوكەوت بكەیت بەتایبەت كاتێك ئەم خەسڵەتانە دەردەخەیت لەژێر فشاردا یاخود لەكاتێكدا حەزت بە ئەنجامدان یان گوتنی شتێكی تر دەكەیت، ئەم خەسڵەتانە زۆر خێراتر دەبن بە بەشێكی هەمیشەیی لە بیركردنەوە هزرییەكانمان. تا زیاتر بەها باشەكان جێبەجێ بكەیت، خێراتر دەبیت بە كەسێكی باشتر.

كلیلەكانی پەرەپێدانی باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ هەموو شتێكی تڕت بۆ شیاو دەكەن وەك كۆنترۆڵكردنی سۆز و هەست، توانای كۆنترۆڵكردن، بەرنامەڕێژیی خودی. باوەڕ بەخۆبوون بەشێوازێكی ڕاستەوخۆ لە ڕەفتارکردنی باوەڕ بەخۆبوونەوە دێت بەڵام بەزۆری بەشێوازێكی ناڕاستەوخۆ دێت بە ئەنجامدان و گوتنی شتەكان و جێبەجێكردنی ئەو هەڵسوكەوتانەی كە دەبنەهۆی باوەڕ بەخۆبوون. گرنگترین هەڵسوكەوتی بەرەوپێشبردنی خود بەبەردەوام ژینكردنە لەگەڵ باشترین بەهاكانت لە هەموو دەرفەتەكاندا.

بنەمای بەرگریكردن

لە بەرزكردنەوەی قورساییدا، بەرزكردنەوەی دووبارە ئامێرە قورسەكان، ماسولكەكان بەهێز دەكەن. تا سەنگەكە قورستربێت، بەرگریكردنەكە

زیاتر دەبێت. تا خۆێنی زیاتر بەخێرای بڕواتە ناو دەزوولە خۆێنییەکان، ماسولکەکانیش گەورەتر دەبن. هەروەها لە بەرەوپێشبردنی هزرەا "بنەمای بەرگریکردن" هەیە و لە پەرەپێدانی ماسولکە هزرییەکانیشدا بەتایبەتی ماسولکەی هزریان خەسڵەتی باوەڕ بەخۆبوون هەیە. دەتوانیت ئەم بنەمایە بۆ خێراکردنی بەرەوپێشچونەکەت بەکاربهێنیت. هەرکاتێك توانای کۆنترۆڵکردنت بەکارهێنا و خۆتت ڕاهێنا بۆ ئەنجامدان یان گوتنی شتە ڕاستەکە بەتایبەتی لەکاتی هەبوونی فشاردا بەرگری بۆ خواستە سروشتییەکانت دروستدەکەیت. ئەم بەرگریکردنە لێکخشاندن دروست دەکات. ئەمە هەمان جۆری لێکخشاندن یاخود گەرمییە کە بەکاردێت بۆ قاپێکی توانەوەی کانزا کە مادە کیمیاییەکانی تێدایە. ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی کە مادە کیمیاییەکان ببنە کریستاڵ و شێوەیەکی نوێ وەربگرن.

هەرکاتێك لێکخشاندنی هزرییت دروستکرد بە بەرگریکردن لە خواستە سروشتییەکانت لەجیاتی ئەنجامدانی ئەو شتەی کە دەزانیت ڕاست و دروستە و لەگەڵ بەرزترین بەهاکانتدا دەگونجێت, بەتایبەت لە بارودۆخە سەختەکاندا. گەرمیی هزرییەکە هۆکارە تا ئەوەی بەهاکانت ڕوون بن لە ئاستێکی بەرزتردا و دەستبەجێ دەبێت بە بەشێکی هەمیشەیی لە کەسایەتییت.

گەشەپێدانی هێزی ناوەکییت

هەر خەسڵەتێکی مرۆڤ لەژێر کاریگەری هەمان ئەم بنەمادایە. هەرکات بەردەوامبووییت لەم ڕوودواوە سەخت و گەورەدا, ئەوا هەمیشە توانای

بەردەوامیبوونت لە بارودۆخە ئاسانەکاندا دەبێت. هەرکات لە ڕوبەڕووبونەوەیەکی گەورەدا بوێرانە ڕەفتارت کرد, هەمیشە دەتوانیت لە ڕوبەڕووبونەوە ئاسانەکاندا بوێرانە ڕەفتار بکەیت. لەکاتێکدا کە لە کێشەیەکی زۆر گەورەدایت و ڕاستگۆییانە هەڵسوکەوتت کرد, ئەوا هەموو کات دەتوانیت بەڕاستگۆییانە هەڵسوکەوت بکەیت کاتێك مامەڵە لەگەڵ کێشەیەکی بچوکتردا دەکەیت.

بنەمای تەندروستی و باوەڕبەخۆبوون لە دەربڕینی بیرو ڕادا متمانەیەکی قوڵی ناوەکییە لەسەر بنەمای ژینکردنێکی ڕاستگۆیی تەواو و ڕاهێنانی خودی تا ئەوەی لە هەموو دۆخێکدا لەگەڵ بەرزترین بەهاکانت ژیان بکەیت. هەرکات ئەمە ئەنجامدەدەیت, هەستێکی ئەرێنی, دڵخۆشی و سەرنجڕاکێشت سەبارەت بەخۆت بۆ دروست دەبێت. هەڵسوکەوتەکانت زیاتر خۆیان لە کەسایەتییتدا دەردەخەن, جێگیردەبن و دەبن بە بەشێکی هەمیشەیی ئەو مرۆڤە چالاك و بەهرەدارەی کە دەبیت.

ڕاهێنانە کردارییەکان:

١. سێ لە گرنگترین بەهاکانت ڕیز بکە کە ژیانی کەسییت بەڕێوەدەبەن.

٢. سێ لە گرنگترین بەهاکانت ڕیز بکە کە لە کارەکەت و ژیانی کەسییتدا پەیڕەویان دەکەیت.

٣.ناوی سێ کەس ڕیز بکە کە زۆر ئارەزوو دەکەیت پاش نیوەڕۆیەکیان لەگەڵ بەسەربەیت.

٤. بۆچی دەتەوێت پاش نیوەڕۆیەك لەگەڵ ئەم کەسانە بەسەربەیت؟ پرسیاری چییان لێدەکەیت یان سەبارەت بە چی قسەدەکەیت؟

٥. بۆچی ئەم سێ کەسە دەیانەوێت پاش نیوەڕۆیەک لەگەڵ تۆ بەسەربەن؟ سەرنجڕاکێشترین خەسڵەتەکانت کامانەن؟

٦. سێ کاتی جیاواز پێز بکە کە ژیانت لەگەڵ باشترین و بڵندترین بەهاکانت بەسەربردووە کاتێک لە تواناتدا بوو ژیانیان لەگەڵ بەڕێ نەکەیت؟

٧. لە ئێستا بەدواوە دەەتەوێت چی شتێک بەجیاوازی ئەنجام بدەیت بۆئەوەی دڵنیابیتەوە کە بەهاکان و کردارەکانت لە ئارامیدان؟

بەشی دووەم
مەبەست و هێزی کەسی

" لەو جێگایەی کە باوەڕ بەخۆبوون یان دڵنیایی بوونی نییە, ئازایەتیش بوونی نییە و گرنگترین بەش لە هەستی دڵنیاییدایە کە توانای ئەنجامدانی ئەو شتەمان هەیە کە لە ئەستۆی دەگرین."

(ئۆریسن سوێت)

پەرەپێدانی باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ چەندین ئەگەر بەڕووتدا دەکاتەوە کە لەئێستادا ناتوانیت خەیاڵیشیان بکەیت. لەتواناتدایە خەونی گەورەتر ببینیت و ئامانجی گەورەتر دابنێیت, بەڵێنی گەورەتر بدەیت لەدڵەوە دەست بە ئیش و کاری ژیان بکەیت بەبەراورد بە پێشوتر.

باوەڕ بەخۆبوون شتێکە کە بەهۆیەوە دەروازەی دەستکەوتە کەسییەکان دەکرێتەوە لەکاتێکدا باوەڕ بەخۆبوونت بێسنور دەبێت, دەتوانیت هەست بە توانای زیاتر بکەیت کە لە هیچ بارودۆخێکی تردا هەستت پێنەکردووە. زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەرلە ئێستا ئەرستۆ دەڵێت:" دڵخۆشیی دۆخێکە, شتێك نییەکە بە شوێنکەوتنی بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بەدەستبێت, بەڵکو لە دەرئەنجامی بەشداریکردنمان لە چالاکییە ئامانجدارەکانەوە بەدەستدێت."

یاسای کۆششی ناڕاستەوخۆ

ناڕادەیەک ئەمە دووبارە گوتنەوەی یاسای کۆششی ناڕاستەوخۆیە. ئەم یاسایە پێمان دەڵێت کە زۆربەی ئەو شتانەی لە ژیاندا بەدەستیان دەهێنین بە هەموو ئەزموونە سۆزداری و کەسییەکانیشەوە زیاتر بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ بۆمان دێن لە دەرئەنجامی کردنی شتێکی تر.

بۆ نمونە ئەگەر بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ شوێن بەختەوەری بکەوین خۆیمان لێلا دەدات. هەرچەندە ئەگەر سەرقاڵ بین بە ئەنجامدانی شتێکەوە کە بەڕاستی پێمان گرنگە و پێشکەوتنی ڕاستی تیایدا بەدی بکەین بە ئاڕاستەی خەونەکانمان و ئاواتەکانمان، ئەوا لە ڕاستییدا خۆمان زۆر بە دڵخۆش دەزانین.

باوەڕ بەخۆبوون دەکرێت ببێتە بابەتی یاسای کۆششی ناڕاستەوخۆ. ڕێڕەوێکی لە ڕادەبەدەری باوەڕ بەخۆبوون بەدەستهێنین بە خۆزگەخواستن بۆی بەڵکو بە دانان و بەدەستهێنانی ئامانج و دەستکەوتە هەمیشەییەکان بەدەستی دەهێنین. لەکاتێکدا هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێشەوە دەچین، هەست بە پێشکەوتنی خۆمان دەکەین لە ژیاندا. هەستەکەین کە تەنانەت بەهێزتر، باشتر و بەتواناترین لە پوبەڕوبونەوەی بەرەنگارییە گەورەکانیشدا.

ببە بە کەسێکی کارامەتر و زیاتر باوەڕت بەخۆت هەبێت

پەرە بە باوەڕ بەخۆبوون دەدەین بۆ ئەوەی چارەسەری ئامانجە مەزنەکان بکەین بەبەکارهێنانی وزەکانمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە

بچوکەکان. کاتێک بەرەوپێش دەچین, باوەڕ بەخۆبوونمان بنیاد دەنێین تاکو دەگەینە خاڵێک کە هیچ شتێک نامێنێتەوە بەدەستی نەهێنین.

لەڕاستییدا خوی دانان و بەدەستهێنانی ئامانجە مەزنە هەمیشەییەکان زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی زیاتری باوەڕ بەخۆبوون و توانای کەسی. تەنها دەتوانیت باوەڕت بەخۆت هەبێت کاتێک بەڕاستی دەزانیت لە تواناتدایە ئەو شتە ئەنجام بدەیت کە دەستت پێکردووە.

باوەڕ بەخۆبوونی ڕاستی لە خۆزگەخواستنی ئەرێنی یان ئومێدخواستنی ئەرێنی یان بیرکردنەوەی ئەرێنییانەوە نایەت بەڵکو لە زانینی ئەرێنییەوە دێت. زۆر کات لەسەر بنەمای ئەوەی بۆ خۆتی بسەلمێنیت کە ئەو توانایەت هەیە تا لە هەر جێگایەک هەیت بتگەیەنێ بەو جێگایەی کە دەتەوێت پێی بگەیت.

باوەڕ بەخۆبوون دۆخێکی هزرییە, هەڵوێستە و وەک هەڵوێستێکیش لە ڕاستییەکان گرنگترە. هەرچەندە پێویستە لەسەر بنەمای راستییەکان بێت تا ئەو جۆرە باوەڕ بەخۆبوونە بێت کە دەتوانیت لە بارودۆخە سەختەکاندا پشتی پێ ببەستیت. کاری تۆ ئەوەیە کە هەرشتێک ئەنجام بدەیت تاکو لە دەروونتدا باوەڕ بەخۆت بهێنیت کە بەڕاستی کەسێکی نەوەستێنراویت و دەتوانی هەرشتێک کە بیری لێدەکەیتەوە بەدەستی بهێنیت.

بیرۆکە داهێنەرە

ئەگەر باوەڕ بەخۆبوون هەڵوێستی هزرە, ئەوا لەسەر بنەما هزری و یاسا هزرییەکانە. گرنگترینی شتێک سەبارەت بەوەی کە بیرۆکە داهێنەرە

ئەوەیە" تۆ ئەوە نییت کە بیری لێ دەکەیتەوە, بەڵکو ئەوەی کە بیری
پێ دەکەیتەوە."
کاتێك بەشێوازێکی ڕێکو پێك و خۆویستانە بیرکردنەوەکانت سەبارەت
بەخۆت دەگۆڕیت, ژیانیشت دەگۆڕیت تا لەگەڵی بگونجێت. بیرۆکەکانت
ژیانت دروستدەکەن بەتایبەت ئەو بیرۆکانەی کە پەیوەندییان بە باوەڕ
بەخۆبوونتەوە هەیە.
هۆکاری ئەوەی کە ئامانجەکان هێندە گرنگن لەبەر ئەم یاسا هزرییانەیە
ئەنجامەکانیان لێدەربازنەبوو و خۆلێلانەدەرن. کەسێکی دڵخۆش و
سەرکەوتوویت تا ئەو ڕادەیەی کە ژیان و بیرکردنەوەکانت دەگونجێنێ
لەگەڵ ئەم یاسایانە و بەئاشتییانە ژیانت لەگەڵیان بەڕێدەکەیت.
یەکەم یاسا کە پێشتر گفتوگۆمان لەسەرکرد یاسای هۆ و ئەنجامە. ئەم
یاسایە زۆر سادە و بەهێزە کە پێویستە هەموو کات بیر خۆتی
بهێنیتەوە. هەرشتێك کە لە ژیانتدا ڕووەدات, سەرکەوتن, سامان یان
هەژاریی, لەشساغی یان نەخۆشی, دڵخۆشیی یان خەمباریی, باوەڕ
بەخۆبوون یان نائارامیی هەموویان پەیوەندییان بەم یاساوە هەیە.
ئینجیل ئەم یاسا بنەڕەتییە دەڵێتەوە وەك ڕێساى" چاندن و
دووینەوە". دەشڵێت:" هەرشتێك بچێنیت, ئەوە دەدوریتەوە."
بەتایبەت مەبەست لێی ئەو بیرکردنەوانەیە کە بیریان لێدەکەیتەوە.
ئەگەر بیرۆکەی گەشبینانە و ئەرێنییانە بچێنیت لە هزرتدا, ئەوا ڕووداو و
ئەزموونی گەشبینانە و ئەرێنییانە لەژیاندا بۆت ڕوودەدەن, ناکرێت
پێچەوانە بێت. ئەگەر ئامانجی ڕوون لە هزرتدا دابنێیت, ئەوا دەستکەوت
و ئامانجی ڕوونت لە ژیانی دەرەکییدا دەبێت.

یاسای سەرنجکێشکردن

دەرئەنجامی یاسای هۆ و ئەنجام یاسای سەرنجکێشکردنە. ئەمە یەکێکە لە گرنگترین یاساکانی هزری لە پوونکردنەوەی ئەو شتەی کە بوێت پوودەدات. ئەم یاسایە دەڵێت بە هەر شێوەیەک بیر بکەیتەوە, هەمان شت لەژیاندا ئەزموون دەکەیت.

هەروەها دەشڵێت ئەو کەس و بیرۆکە و بارودۆخ و دەرفەتانە بۆ خۆت سەرنجکێش دەکەیت کە لەگەڵ بیرکردنەوە سەرەکییەکانت دەگونجێن. وەک موگناتیسێک کە مادە ئاسنەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت. سەرنجت بەردەوام لەسەر ئەو شتانەیە کە زۆرینەی کات بیریان لێدەکەیتەوە لەبەرئەوەی ئەمە یاسایە ناتوانیت بیر لە شتێک بکەیتەوە و شتێکی تر بوێت ڕوو بدات. هەرشتێک کە زۆربەی کات بیری لێدەکەیتەوە, لە هەموو ئاڕاستەکانی ژیانەوە بەرەو ڕووت دێت.

لەبەر ئەمەیە کە ئامانجە ناڕوونەکان ئەنجامی ناڕوون بەرهەم دەهێنن." ئامانجە ڕوونەکانیش ئەنجامی ڕوونیان دەبێت. بەهۆکاری ئەوەی کە ئاستی باوەڕ بەخۆبوون پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چەندە باوەڕت وایە ئامانجەکانت بەدەستدەهێنیت. زۆر گرنگە بزانیت کە کتومت چییت دەوێت و بیر لە هیچ شتێکی تر نەکەیتەوە.

یاسای ڕەنگدانەوە

هەروەها یاسایەکی تری هزری کە دەرئەنجامی یاسای هۆ و ئەنجامە یاسای ڕەنگدانەوەیە. ئەم یاسایە دەڵێت کە جیهانی دەرەکییت دەبێتە ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەکییت. جیهانی دەرەکی تەندروستی, سامان و

پەیوەندییەکانت دەبنە ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوەت سەبارەت بە هەریەکێك لەم بابەتانە.

پەندێك هەیە کە دەڵێت:" بیرۆکەکان هەمان شێوازی کردارەکان بەرهەم دەهێنن." بیرۆکەکان و ئامانجەکانت وەك تۆون و هزریشت وەك خاکێکی بەپیتە. هەر تۆوێك, ئەرێنی یان نەرێنی, پوون یان ناڕوون کە لە هزرتدا دەیچێنیت لە ژیانی ڕاستییتدا گەشەدەکات. هەرشتێك کە دەیچنیتەوە یان ئەزموونی دەکەیت لە ئەمڕۆدا دەرئەنجامی ئەو شتانەن کە لەڕابردوودا ناشتوتن. لەبەرئەوەی کە هزرت بۆشای نییە, بەبەتاڵی نامێنێتەوە. وەك باخچەیەکە کە گوڵ یاخود گژوگیا تیایدا گەشەدەکات. بیرۆکەکان بەهێزترین چەکن لەگەردوونـدا. داهێنەر و بەکارن. هەر خولەکێك جیهانێك لە دەورت دروستدەکەیت. وەك شکسپیر دەڵێت:" هیچ شتێکی خراپ یان باش بوونی نییە, تەنها بیرکردنەوەیە جیایان دەکاتەوە." ژیانت ئەو شتەیە کە بیرۆکەکانت دروستی دەکەن.

یاسای جەختکردنەوە

بنەمایەکی تر کە کاریگەری لەسەر ژیانت دەبێت پێیدەوترێت یاسای جەختکردنەوە. ئەمە بنەمایەکی گرنگە بۆ پەرەپێدان و هێشتنەوەی باوەڕ بەخۆبوونت. یاسای جەختکردنەوە وەك لە پێشوتردا ئاماژەی پێکراوە دەڵێت هەرشتێك بەبەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زۆر بیری لێبکەیتەوە, لە ژیانی ڕاستییتدا پوودەدات.

بیرکردنەوە بەبەردەوامی سەبارەت بە بابەتێك وەك ئاودان و پەینکردنی تۆوێکە. جەختکردنەوە دەبێتەهۆی ئەوەی کە خێراتر لە ئەزموونتدا

گەشە بکات. تا زیاتر بیر لە هەر ئامانجێك یان بابەتێك بکەیتەوە, توانا هزرییەکانت خۆیان تەرخان دەکەن کە ئەو ئامانجە بکەنە ڕاستی.

یاسای جەختکردنەوە ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی خۆتەرخانکردنی تەواو پەیوەندی بە دەستکەوتە گەورەکانەوە هەیە. توانای جەختکردنەوە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بەبێ ئەوەی کاتت هەبێت بۆ بیرکردنەوە لە بابەتەکانی تر ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی کەسانی ئاسایی شتانێکی نائاسایی بەدەستدەهێنن. پیتەر دراکەر دەڵێت:" هەرکات پێت وابێت کە شتێك کۆتای دێت, ئەوا خولیای دەبیت."

لەبەر ئەم یاسا هزرییەیە کاتێك کەسێکی ئاسایی بەتوانای ئاساییەوە هەموو توانا هزرییەکانی بەکاردەهێنێت کە پەیوەندی بە بەدەستهێنانی تاکە ئامانجێکەوە هەیە, دەکرێت زۆر زیاتر بەدەست بهێنێت بەبەراورد بە کەسێکی بەبەخت کە هەموو وزەکەی بەکاردەهێنێت بۆ چەند ئامانجێك لە هەمان کاتدا.

یاسای لەجێدانان

یاسای لەجێدانان دەڵێت:" هزری بەئاگاییت بەتەنها توانای هەڵگرتنی یەك بیرۆکەی هەیە لە هەمان کاتدا, ئەڕێنی یان نەڕێنی." هەر بیرۆکەیەك بەبەردەوامی لە هزری بەئاگاییتدا هەڵگیرا ئەوا لەئەنجامدا لەلایەن هزری نائاگاییتەوە وەك ڕێنماییەك یان فرمانێك پەسەند دەکرێت.

هزری نائاگاییت کە لەگەڵ ئەم یاسا هزرییانەی تردان بیست و چوار کاتژێر لە ڕۆژێکدا پێکەوەن تا ئەوەی بیرکردنەوە سەرەکییەکانت یان بیرۆکەکانت بکەنە ڕاستی. هزری نائاگاییت زۆر بەهێزە. کۆگای هەموو

سۆزەکانت, باوەڕەکانت, بەهاکانت, هەڵوێست و هەستەکانیشتە. هەموو بیرکردنەوەکان و هەستەکانت لە تەواوی ژیاندا لە نائاگاییتدا خەزنەدەکرێن. پەرەپێدانی باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ کە ئارەزووت پێویستی بەوەیە کە هەنگاو بنێیت بەرەو کۆگای هزرییت و هەر هەنگاوێك هەڵبگریت کە پێویستە بۆ بەرنامەڕێژکردنی باوەڕ بەخۆبوون بۆ ناو هزری نائاگاییت.

یاسای سۆزداریی

کۆتا یاسای هزری کە پێویستە بزانیت لە پەرەپێدانی ئامانج, توانای کەسی و باوەڕبەخۆبووندا یاسای سۆزداریيە. ئەم یاسایە دەڵێت هەموو بڕیارەکان کە دەیاندەیت, هەموو بیرۆکەکان کە بیریان لێدەکەیتەوە, هەموو کردارێك کە ئەنجامی دەدەیت چەندە لەسەر بنەمای سۆزداریین. دوو سەرەکیترین سۆزداریيەکان ئەمانەن یان سۆزداریی ترسە, لە کۆتایی شەبەنگی سۆزداریيەکاندا یان سۆزداریی ئارەزووە لە کۆتایی شەبەنگەکەی تردا. کاتێك بیرۆکەیەکی پڕ لە سۆز لە هزری بەئاگاییتدا هەیە, بەخێرای لەلایەن نائاگاییتەوە پەسەند دەکرێت. دواتر نائاگاییەکەت هەموو توانا هزرییەکەت کارا دەکات و هەموو بیرۆکە ناوەکییەکانت دەگوڕێت بۆ ئەنجامێك یان ئەزموونێك لە ژیانی دەرەکییتدا. تا سۆزداریيەکەت بەهێزتر بێت, کاریگەری زیاتری لەسەر بیرۆکەکانت و کردارەکانت دەبێت– گوڕانەکە لە ئەزموونەکەتدا خێراتر دەبێت. ئەگەر سۆزەکەت هێندەی پێویست بەهێزبێت, دەکرێت گوڕانەکە دەستبەجێ ڕووبدات.

هێزی بڕیاردان

هاوڕێیەکم هەبوو بۆماوەی سی ساڵ جگەرەی دەکێشا. گوتی کە ناتوانێت واز لە جگەرەکێشان بهێنێت بە هۆکاری ئەوەی کە خوێك بووە خۆی پێوەگرتووە. ڕۆژێکیان هەندێ ئازاری سنگی هەبوو, ڕۆشت بۆ سەردانی دکتۆر تا هەندێك پشکنینی بۆ ئەنجام بدات. کاتێك ئەنجامی پشکنینەکان دەرچوون, دکتۆرەکە هاوڕێکەمی دانیشاند و پێیگوت کە کێشەیەکی سەختی دڵی هەیە ئەگەر بەردەوام بێت لە کێشانی جگەرە ئەوا لەماوەی شەش مانگدا دەمرێت. ساموێل جۆنسۆن دەڵێت:" کاتێك کەسێك وابەستەیە بەسبەینێوە, خەیاڵی هیچ شتێکی تر ناکات." بیرۆکەی مردن بەشێوەیەکی سۆزداری کاریگەری لە هاوڕێکەم کرد, جگەرەکەی دەرهێناو فڕێیدایە ناو سەبەتەی خۆڵەکەوە و هەرگیز دەستی بەر جگەرە نەکەوتەوە. بەهەمان شێواز ئەگەر بەتەواوی دڵنیایت کە دەتوانیت سەرکەوتنێکی گەورە لەژیاندا بەدەستبهێنیت, هیچ شتێکیش نەبوو لەجیهاندا کە ڕاتبگرێت لە بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە گەورە تا ئەو ساتەی بەدڵەوە دەست بەهەر چالاکییەك دەکەیت و بەردەوام دەبیت تیایدا, سەرکەوتوو دەبیت. دەبیت بە هێزێکی بەهێزی سروشت. قوڵی باوەڕەکەت و هێزی باوەڕەکەت بەشێوەیەکی بەرچاو هێزی کەسایەتییت زیاد دەکەن. ئەگەر بەڕاستی باوەڕت بەتوانای خۆت هەبوایە بۆ سەرکەوتن, ئەوا دەبوویت بە کەسێکی نەوەستێنراو.

چوار بنەماکەی باوەڕ بەخۆبوونی ناوەکی:

دەتوانیت ئەم جۆرە باوەڕە پەرە پێبدەیت بە پەرەپێدانێك کە پێیدەڵێم"چوار بنەماکە."

١. ڕوونی: کتومت ئەو شتە چییە کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت و جۆری ئەو کەسەش کە دەتەوێت ببیت.

٢. باوەڕ: باوەڕە ئەگۆڕەکە بەجۆرێک پەرە پێبدە. دەتوانی هەرشتێک ئەنجام بدەیت کە بیری لێدەکەیتەوە.

٣. خۆتەرخانکردن: بڕیار بدەیت هەرشتێک کە پێویستە بێت ئەنجامی بدەیت بۆ هەر سەرکەوتنێک کە ئارەزووی دەکەیت, بەرلەوە خۆت بۆ ئەنجامەکەی ئامادە بکە کە هەرشتێک بێت قبوڵی بکەیت.

٤. بەردەوامبوون: بڕیاردەیت کە هەموو ڕۆژ و شەوێک کار لەسەر ئامانجەکانت بکەیت تاکو بەدەستیان دەهێنیت.

کاتێک بە ڕوونی , باوەڕ, خۆتەرخانکردن و بەردەوامبوون پشتگیری لە باوەڕەکانت و کردارەکانت دەکەیت, ئەوا لەسەر ڕێگای پەرەپێدانی باوەڕ بەخۆبوونێکدایت کە وادەکەن هەموو شتێک شیاوی بەدەستهێنان بێت.

گرنگی ئامانجەکان

هۆکاری ئەوەی کە ئامانجەکانت زۆر گرنگن لە پەرەپێدانی باوەڕ بەخۆبووندا, ئەوەیە دانانی ئامانجێکی گەورە بۆ ژیانت هەموو یاسا هزرییەکان لە بەرژەوەندییت چالاک دەکات. وەک ئەوەی کە هەموو پلاکەکان لە ئامێری سەرکەوتنەکەتدا کاردەکەن و هەموو وزەکانیش بۆ تواناکەت ئامادەن.

ئامانجە ڕوونەکان لە یاسای بەرێکەوت و هەبوونی خواستێک بەدوودا دەگرن لەوەی کە شتەکان بەهەڕەمەکی و بەشێوازێکی چاوەڕوانێنەکراو ڕوودەدەن. ئامانجەکان هەستێکی ڕوونی ئاڕاستەکردن و زانیاریت

پێدەدەن کە ژیانی خۆت دیاری دەکەیت. ئامانجەکان هەستی هێز, مەبەست و جەختکردنەوەت پێدەدەن. وات لێدەکەن کەوا هەست بکەیت هەرشتێك کە ڕووەدات بۆت بەشێکە لەپلانە ڕێکخراوەکە کە هەنگاو بە هەنگاو دەتبات بەرەو هێشتنەوەی باشترین بنەماکانت.

تواناکەت بۆ دانانی ئامانج و پلان بۆ بەدەستهێنانیان, کارامەییە دیارەکەی سەرکەوتنە بەبێ ئەوە کۆمەڵێك ئامانجی کەم ئەگەری بەدەستهێنانیان هەیە. خوی دانان و بەدەستهێنانی ئامانجی ئاسایی بێگومان زۆر گرنگترە بەبەراورد بە هەر کارامەییەك کە دەتوانی فێری ببیت.

کارامەییە دیارەکەی سەرکەوتن

بۆماوەی چەند ساڵێك, خودی خۆم گەواهی هەزاران نمونەم داوە لە نێو خوێندکارەکانمدا کە توانای سەرنجڕاکێشیان لە دانانی ئامانجدا هەبووە. بەم دواییانە ئاماژەم بە شەش سەد ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیی کرد لە کۆبونەوەی ساڵانەیاندا لە شاری فینیکس, ویلایەتی ئاریزۆنا. لەماوەی وتارەکەمدا جەختم لە گرنگی نوسینی ئەو شتە کردەوە کە کتومت دەیانەوێت و دواتر پلانی نوسراو دابنێن بۆ بەدەستیهێنانی.

لە ڕۆژی شەممەدا بوو, نزیك بە پێنج ڕۆژ دواتر لە پێنج شەممەی دواتردا, یەکێك لە ئامادەبووەکان پەیوەندی بە فەرمانگەکەمەوە کرد و داوای ژمارەی فاکسەکەمی کرد. گوتی کە ویستویەتی دەستبەجێ شتێك بنێرێت و نەیویستووە چاوەڕوانی پۆستەکە بکات, ئەو نامەیەی کە گەشت ئەم چیرۆکە سەرنجڕاکێشەی لەخۆگرتبوو.

کەسە بەڕێزەکە نوسیبووی کە چەند جارێک گوێبیستی دانانی ئامانج بووە و هیچ سەرسام نەبووە بەو وتارەی لە کۆبونەوەکەدا پێشکەشم کرد. هەرچەندە, شتێکی تەواو پێچەوانە ڕوویدا. بڕیاریدا کە دوای کۆبونەوەکە دابنیشێت و بەدڵەوە ئامانجەکانی بۆ ساڵانی داهاتوو بنوسێ.

نامەکە بەردەوام بوو, لە ڕۆژی یەکشەممەدا لیستێکی دە ئامانجی دانا, ئامانجی دارایی و کەسی کە ویستی لەماوەی دوازدە مانگی داهاتوودا بەدەستیان بهێنێت. ئەو شتەی کە سەرسامی کرد ئەوە بوو کە تا یەکشەممە, ڕۆژی دواتر لە کاتژێر پێنجدا, پێنج دانەی لە ئامانجەکان بەدەستهێنا. بەئاسانی باوەڕی نەدەکرد. بەخێرای ئامانجی زیاتریشی نوسی بۆ هێنانەوەی نامەکەی بۆ ساڵی داهاتوو تا بیکات بە دە ئامانج و لە ڕۆژی پێنجشەممەدا کاتێک ئەم نامەیەی نوسی پێنج ئامانجی تریشی لە لیستی دە ئامانجە نوێیەکەی بەدەستهێنابوو. وای هەستکرد کە لە ماوەی هەفتەکەدا پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دیوە بەو ئامانج و پلانە نوسراو و ڕوونانەی کە لە ساڵی پێشوودا داینابوون.

چیرۆکە دیارەکانی سەرکەوتن

کەسێکی تری بەڕێز, کۆچبەرێکی نوێ لە پاکستانەوە کە تەواو مایەپوچ بوو, لەسەر زەوییەکە نوستبوو. کاتێک کەسێک هەوڵیدا یارمەتی بدات تا گوێ لە یەکێک لە بەرنامە دەنگییەکانم ڕابگرێت سەبارەت بە دانانی ئامانج. ژیانی گۆڕی و چوار ساڵ دواتر دوو کاری بازرگانی دەستپێکرد کە بەهاکەی زیاتر بوو لە یەک ملیۆن دۆلار.

ژنێك كە بە كاتێكی سەختی ژیانییدا تێدەپەڕی و كێشەی دارایی و تەندروستی هەبوو, بڕیاریدا كە دابنیشێت و هەندێك ئامانج و پلانی نوێ بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی دابنێت. لەئەنجامدا, لە پەیوەندییە خراپەكەی ڕۆژگاری بوو لەماوەی ساڵێكدا, پەیوەندی بە ڕێكخراوی توشبوانی مادە كحولییەكانەوە كرد و وازی لە خواردنەوە هێنا. چل پاوەندی لەدەستدا, لەماوەی ساڵێكدا داهاتەكەی بەبڕی زیاتر لە سەد هەزار دۆلار زیادیكرد.

سەركەوتنەكەی بۆ هێزی ئامانجە نوسراوەكان دەگێڕێتەوە. چەندین گەواهیدەری تر بۆ هێزی ئامانجە نوسراوەكان هەن. خۆم زۆریان وەردەگرم و هەفتانەش لەڕێگەی ئیمەیڵەوە, لەلایەن تەواوی خەڵكی جیهانەوە نامەم پێدەگات. بەرلەوەی ئەم بەشە كۆتای بێت تەكنیكێكی سادەی ئامانجدانانتان پێدەدەم كە دەتوانێت ژیانت بكات بە كۆششێكی زۆر.

ترس دەتگێڕێتە دواوە

بیرتە كاتێك گوتم هەموو شتێك كە ئەنجامی دەدەیت دەرئەنجامی ترس یان ئارەزووە؟ ترس گەورەترین دوژمنی مرۆڤایەتی بووە و دەشبێت, هەروەها گەورەترین دوژمنی باوەڕ بەخۆبوونیش بووە. ئەوە ترسە كە زیاتر لە هەر هۆكارێكی تر دەمانگێڕێتە دواوە. ترس و هەمان جۆرەكانی بەناڕاگاییانە كارمان لەسەر دەكەن بۆ تێكدان و لاوازكردنی باشترین نیازەكانمان و گەورەترین ئاواتەكانمان.

لەڕاستیبدا، کاتێک ئەم وشانە دەخوێنیتەوە بێگومان بیر لەو ترسە دەکەیتەوە کە بە چەند شێوازێک دەتگێڕێتە دواوە. گرنگ نییە چی ئەنجامدەدەیت، ترس لێتە ڕێگات و هەوڵ دەدات شکستت پێبهێنێت. هەندێک کات ترسەکە بەئاگاییانە دەردەکەوێ لەسەر شێوازی بیانووهێنانەوە و بەهانەهێنانەوە کە شکست بەخۆت بهێنیت و وازل ئامانجەکەت بهێنیت.

هەندێک کات دەبینیت کە خۆت لە دانانی ئامانج بە دوور دەگریت بەوەی کە دەڵێیت:" دەزانم کە ئامانجەکانم چین، پێویست ناکات بیان نوسم." ئاگاییشت پێت دەڵێت:" ئەگەر هیچ ئامانجێکی ڕوون دانەنێیت، شکست ناهێنیت." ئەمە تەنها شێوازێکی تڕە لەوەی کە بڵێی باوەڕت بە تواناکەت نییە بەوەی کە بە ئاستێکی باشتر ئەنجامی بدەیت لەوەی لە ئێستادا ئەنجامی دەدەیت.

زۆربەی کات ترس وەک دواخستنێک دەردەکەوێ سەبارەت بە نوسینی ئامانجەکانت. بڕیاردەدەیت ئامانجەکانت و پلانەکانت لە کۆتایی هەفتەدا یاخود لە پشوەکاندا یان لە داهاتوودا بنوسیت. پاشان وەک لە سەدا نەوەد و حەوت یان زیاتری گەنجان هەرگیز ئەنجامی نادەیت. دەست بە بیانووهێنانەوە دەکەیت و دەڵێیت:" بە هەرحاڵ باشە ئەگەر ڕەچاوی باروبۆخەکەم بکەیت، هیچ جیاوازییەک دروست ناکات."

ناوچەی پاڵدانەوە

ئەگەر گەورەترین نوژمنی باوەڕ بەخۆبوون ترس بێت، ئەوا گەورەترین نوژمنی مرۆڤ ناوچەی پاڵدانەوەیە. دەروونزانەکان بۆیان دەرکەوتووە کە

هەریەك لە ئێمە خواستێکی سروشتیمان هەیە تاکو بچینە ناوچەیەکی کارکردن و هەڵسوکەوتەوە کە تایبەتا ئارامین. شوێنێك کە ئاسان و بێ بەرەنگاری بێت و تایبەتا بمێنینەوە.

لە هەوڵدان دەوەستین، پشو دەدەین و پۆژ بە پۆژیش ئەو خوانە پەرەپێدەدەین کە دەبنەهۆی هەوڵدانی کەمتر و شکستهێنان. بە شتێکی کەمتر پازی دەبین کە لەخوار توانامانەوەیە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری دەکەین، سەیری تیڤی دەکەین، گوێ لە مۆسیقا پادەگرین، تێکەڵی خەڵکی دەکەین و کاتەکانمان بەفیڕۆ دەدەین. لە کۆتایشدا، باوەڕ بەخۆمان دەهێنین کە ئەمە باشترین شتێکە دەتوانین ئەنجامی بدەین.

زۆربەی خەڵکی لە ناوچەی پاڵدانەوەی دەستکردی خۆیاندان. هەڵوێست و کەسایەتییت، شێوازی خویی وەڵامدانەوەت بەرامبەر خەڵکی و ژیان، ناوچەی پاڵدانەوەی تۆن. ئەو پادەیەی کە بەدەستی دەهێنیت، شێوازی ژیانت، ئاستی پێشکەشکردنت لە کارەکەتدا. ناوچەی پاڵدانەوەی توانستی جەستەی و هزریت ناوچەی پاڵدانەوەکەتە.

بەرهەڵستی گۆڕانکاریی

خولیا سروشتییەکە کاتێکە کەسێك دەچێتە ناوچەی پاڵدانەوە و بەرهەڵستی هەر جۆرە گۆڕانکارییەك دەبێتەوە، تەنانەت گۆڕانکاری سودبەخشیش. ئەگەر بەناچاری لە ناوچەی پاڵدانەوە دەرکرایت وەك تێکچونی پەیوەندییەك یان لەدەستدانی کارێك، خولیا سروشتییەکەت

هەولّ بۆ دووبارە دروستکردنەوەی هەمان ناوچەی پالّدانەوە دەدان لەگەلّ هەمان جۆری خەلّکی یان ئەنجامدانی هەمان کاردا.

هەموو کەس ئەزموونی لەدەستدانی کارێکی هەبووە کە ڕقی لێبووە تەنها بۆ ئەوەی بڕوات بۆ هەمان جۆری کار بگەڕێت و هەمان کار ئەنجامبداتەوە. دەچینە پەیوەندییەکەوە کە سەرکەوتوو نابین و خولیا سروشتییەکەمان ئەوەیە کە هەوڵبدەین پەیوەندییەکی نوێ لەگەلّ هەمان جۆری خەلّکیدا بنیادبنێینەوە. ڕێژەیەکی دیاریکراوی پارە پەیدادەکەین و لەجیاتی ئەوەی کە هەوڵبدەین توانای ڕێژەی پەیداکردنی پارەکەمان زیاد بکەین, لەگەلّ شێوازی ژیان و دۆخی دارایماندا خۆمان دەگونجێنین.

تراژیدیای ناوچەی پالّدانەوە ئەوەیە کە بەر لە هەموو شتێك بەوە دەستپێدەکات کە ئاسودەبیت بەلّام بەخێرای دەبێتەهۆی لەخۆڕازیبوون. لەخۆڕازیبونیش دەبێتەهۆی بێزاریی تاڕادەی کردنی ئەم پرسیارە:" ئایا ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە هەیە ؟" لەجیاتی ئەوەی ژیان ببێت بە سەرکێشییەکی سەرنجڕاکێش دەبێتەهۆی دووبارەبونەوەی شتێکی بێزارکەر کە ڕوویداوە.

لەکۆتاییدا, ناوچەی پالّدانەوەکە لە لەخۆڕازیبوون و بێزارییەوە دەبێتەهۆی نائومێدیی و خەمباریی. کەسێکی ئاسایی لە ناخی خۆیدا دەزانێت کە بە توانای سەرنجڕاکێشەوە خراوەتە سەر ئەم زەویە و دەشزانێت کە شتێکی لەمە باشتر هەیە. وەك کارڵ ڕۆجەرزی دەروونزان دەڵێت:" لەنێو هەموو بونەوەرێکدا هێزێکی خاوەندارێ هەیە بەرەو هێنانەدی هەموو شیاوە سەرەکییەکانی." ڕەخنەیەك " شتێك" لەناخی

هەر یەکێکدا بوونی هەیە کە بە هەرکەسێك دەڵێ زۆر لەوە زیاتر هەیە تا بتوانێت بەدەستی بهێنێت یان ئەنجامی بدات, هەروەها ئەم هەستە لەناخی تۆشدا بوونی هەیە.

بەدەستهێنانی شکۆداریی کەسێتی

کەسانی مەزن ئەوانەن کە تەواو باوەڕیان وایە خراونەتە سەر ئەم زەوییە بۆئەوەی شتی ناوازە لەژیانیاندا ئەنجام بدەن. تێڕوانینێکی گەورەتر و باشتریان هەیە بەبەراورد بە دۆخی ئێستایان. شکۆداریی کەسێتی واتە هەبوونی هەستی قەدەر و باوەڕ کە بیرۆکەکانت و خەیاڵەکەت تەنها سنوری ڕاستەقینەن بۆ ئەگەرەکانت.

ویلیام جەیمس دەڵێت:" بەراورد بەوەی کە دەبێت ببین, بەتەواوی بەئاگانین. ئێمە تەنها بەشێکی بچوکی سەرچاوە هەزری و جەستەییەکانمان بەکاردەهێنین بۆئەوەی فراوانتر ڕوونی بکەینەوە. مرۆڤەکان تەنها لە چوارچێوەی بیرکردنەوەکانیاندا ژیانیان بەڕێدەکەن. ئەوان توانای جۆراوجۆریان هەیە بەڵام بەهۆی خوەکانیانەوە نەیانتوانیوە سودیان لێوەربگرن."

دامەزرێنەری گۆڤاری سەرکەوتن, ئۆریسن سوێت دەڵێت:" چەندین توانا لە تۆدا بوونی هەیە, ئەگەر بتوانی بیان دۆزیتەوە و بەکاریان بهێنیت, دەتوانن بتکەن بەو کەسەی کە تا ئێستا خەونت پێوە دیوە یاخود خەیاڵت پێوە کردووە."

لە لێکۆڵینەوەیەکی پێنج ساڵەی پێشەنگەکانی کاردا, کە لەکتێبەکەیدا بەناوی " پێشەنگەکان." ئاماژەی پێکراوە. وارین بێنیس بۆی دەرکەوت

هەموویان بەشێوازێکی بەئاگاییانە خۆیان لاداوە لە " ناوچەی پالدانەوە" بەدانانی ئامانجی بەرزتر و باشتر. هەرگیز ڕێگەیان نەداوە بەتوانای خۆیان ڕازی بن. هەموو کات ژیانیان فراوانکردووە و تێکۆشاون شتی زیاتر ئەنجام بدەن و ببن بە کەسی باشتر بۆ پەرەپێدانی باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ. پێویستە وەک کەسێکی پێشەنگ سەیری خۆت بکەیت, بیر لە خۆت بکەیتەوە و ئەوە ئەنجام بدەیت کە پێشەنگەکان ئەنجامی دەدەن. پێویستە تا ئەوپەڕی توانات هەوڵی خۆت بدەیت. پێویستە ئامانجەکان دابنێیت کە وات لێدەکەن باشترین هەوڵی خۆت بدەیت. لەسەرت پێویستە کار بۆ ئەو ئامانجانە بکەیت کە وات لێدەکەن هەست دەکەیت لە لوتکەی ئاستتدایت و زۆر کارامەییت هەیە. ئەوانە هەمووی بە خودی خۆت لەگەڵ دەستەیەک پەڕە و پاندان دەستپێدەکەن.

خەیاڵ سنووری نییە

خاڵی وەرچەرخان لە دانانی ئامانجەکان ئەوەیە هەموو سنوورە هزرییەکانت فڕێبدەیت و ڕێگە بە هزرت بدەیت بەئازادانە بەتەواوی گەردوونی ئەگەرەکاندا بگەڕێت. کاری سەرەکییت لەسەرەتادا ئەوەبە ڕێگە بەخۆت بدەیت" خەونی گەورە ببینیت." کتومت ئەو شتە ببارێ بکەیت کە لە هەموو بوارێکی ژیاندا دەتەوێت.

بڕیار بدە کە چی شتێك دروستە بەرلەوەی کە بڕیاربدەیت چی شتێك شیاوە. خەیاڵ بکە کە دەتوانیت ئەو شتە بەدەستبهێنیت تا ئەو سانەی

دەزانیت ئەو شتە چییە کە دەتەوێت یان ببیتە ئەو کەسەی کە دەتەوێت ببیت.

سەرەتا لیستێکی خەونەکانت دروست بکە. بەشێوەیەکی کاتی خەیاڵ بکە کە هیچ کێشەیەکی کات, پارە, زانیاری, پەیوەندی, ئەزموون یان پەروەردەت نییە. خەیاڵ بکە هەرشتێك کە دەینوسیت شیاوە بوێت. بیرت بێت هەرشتێك کە دەتوانی بەڕوونی پێناسەی بکەیت و بیخەیتە سەر پەڕە ئەوە بێگومان شیاوە, ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت و ئامادەیت هەر جۆرە کۆششێك کە پێویست بێت بیکەیت و هەر قوربانییەك کە پێویستە بیدەیت.

هیچ ئامانجێکی ناڕاستی بوونی نییە, تەنها خشتەی بەشکاری ناڕاستیی کات نەبێت. کرداری نوسینی ئامانجەکانت وا لە هەموو گەردوون دەکات لە بەرژەوەندی تۆدا کاربکەن و هەمو یاسا هزرییەکان بۆ یارمەتیدانت چالاك دەکات. لەڕاستییدا, زۆرێك لە خەڵکی ئەزموونی نوسینی لیستێك لە ئامانجەکانیان هەبووە لە پۆژی سەری ساڵی نوێدا, خستویانەتە لاوە و نەگەڕاونەتەوە سەری تا کۆتایی ساڵ و دواتر بۆیان دەرکەوتوە لە سەدا هەشتای ئامانجەکانیان بە نایابترین شێواز بەدەستهاتوون. کرداری نوسینی ئامانجە گەورە و بەرەنگارییەکان دەبنەهۆی پوودانی سێ شت:

یەکەم: باوەڕە خودییەکانت پەرەدەسێنن و دەستبەجێ باوەڕ بەخۆبوونت زیاد دەکات. کاری دانانی ئامانجەکان پێویستی بە باوەڕ بەخۆبوونە و لە هەمان کاتیشدا باوەڕ بەخۆبوونیش بنیاد دەنێت. هەبوونی بوێریی بۆ نوسینی ئەو شتەی کە بەڕاستی دەتەوێت, بۆچونی

خودییت پەرەپێدەدات و ڕێزی خودیشت زیاد دەکات. کارەکە خۆی هەستێکی گەورەتری هێز و توانای کەسی دروستدەکات.

دووەم: هێزە سۆزداری و هزرییەکانت بەکاربهێنە. سەرکەوتوان ئامانجداران, وزەیەکی هزری و جەستەییت پێدەبەخشێت و ڕادەی هەناسەدان و لێدانی دڵت خێراتر دەکات. کاری ئامانجدارانەکە زۆر سەرنجڕاکێشە. کەمێك دووبارەیە بەڵام وەك گوتراوە :" ئەگەر هەستکرد بەپەرۆش نیت, ئەوا لیستێك ئامانج دابنێ!"

ڕاستە, وەك پێدانانە لەسەر پایەدەری توانا جەستەی و هزرییەکەت. ئەگەر هەموو ڕۆژێك ئەنجامی بدەیت, دەکرێت ئەنجامەکان سەرنجڕاکێشبن.

سێیەم: نوسینەوەیەتی لەسەر پەڕە. ئەو ڕاستییەی کە ئامانجێکت خستوەتە سەر پەڕە بەشێوەیەکی بەرچاو دەرفەتی بەدەستهێنانی ئامانجەکەت زیاد دەکات. پێکهاتەی مێشکت بە جۆرێکە کە ناتوانی بەڕوونی ئامانجێك لەسەر پەڕە و کۆمپیوتەریش بنوسیت بەبێ هەبوونی ئەو توانایەی کە بتوانی لەهەمان کاتدا بەدی بهێنیت. گرنگترین پرسیار ئەمەیە:" چەندە ئەو شتەت دەوێت ؟"

ئەمانە چەند ڕاهێنانێکی هزرین کە دەتوانیت بۆ دانانی ئامانج بەکاریان بهێنیت:

١. خەیاڵ بکە کە کەمێك لەمەوبەر ملیۆنێك دۆلاری کاشت بردووەتەوە و دەتوانیت هەرشتێك ئەنجام بدەیت یان هەتبێت بەو پارەیە. سەرەتا چی دەکەیت؟ بۆ کوێ دەڕۆیت؟ چی گۆڕانکارییەك لەژیانتدا ئەنجام

دەدەیت؟ ئەگەر بەتەواوی ئازادیی داراییت هەبێت, چی شتێکی جیاواز ئەنجام دەدەیت لەوەی کە ئێستا ئەنجامی دەدەیت؟

٢. وەسفی شێوازە نمونەییەکەی ژیانت بکە. خەیاڵ بکە کە دەتوانیت بەشێوازە نمونەییەکەت ژیان بکەیت. چی بەشێکی شارت هەڵدەبژارد کە تیایدا بژیت؟ چی جۆرە کۆمپانیایەکت هەڵدەبژارد کە کاری بۆ بکەیت یان خۆت بەڕێوەی ببەیت؟ چی جۆرە ماڵ و سەیارەیەکت دەویست؟ حەزت دەکرد کاتەکانت چۆن بەسەرببەیت و ژیانت چۆن بەڕێبکەیت؟ چی جۆرە پەیوەندییەکت دەویست؟

٣. لەخۆت بپرسە چییت دەکرد ئەگەر ئەمڕۆ بۆت دەرکەوتایە کە تەنها شەش مانگت لەژیاندا ماوە. ئەگەر هیچ ڕێگرییەك نەبوایە, چۆن ئەو شەش مانگەی کۆتایی ژیانت لەسەر زەوی بەسەر دەبرد؟ ئەمە شێوازێکی تری پرسیارکردنە," بەڕاست چی شتێك بۆت گرنگە؟" دەتویست لەگەڵ کێ کاتەکانت بەسەرببەیت؟ دەتویست چی شتێك بەدەست بهێنیت؟ دەتویست چی شتێك لەدوای خۆت جێبهێڵیت؟ بەشێوازێکی تر, بەهای چی شتێك بەڕاستی دەزانیت؟ چی شتانێك مانا و ئامانج بە ژیانت دەدەن؟

٤. هەموو دڵەڕاوکێ و کێشەکان لەژیانتدا ڕیز بکە و ئامانجێك وەك باشترین چارەسەر بۆ هەر کام لەو کێشانە بنوسە. ئەگەر پارە گرنگە ئامانجێك بنوسە کە بەڕوونی پێناسەی بڕی ئەو پارە بکات کە دەتەوێ بەدەستی بهێنیت و لەڕووی داراییەوە چەندێك کۆ بکەیتەوە و لە سێ بۆ پێنج ساڵی داهاتوو چی بەدەستبهێنیت.

٥. بیر لە خێزانەکەت و پەیوەندییەکانت بکەرەوە. وەسفی باشترین لوتی بکە لەنێوان خۆت و کەسە گرنگەکان لەژیانتدا و دواتر زنجیرەیەک ئامانج دابنێ بۆ دەستکەوتنی ئەو دۆخە.

٦. سەیری تەندروستییت بکە و وەسفی تەندروستییە تەواو و توانستەجەستەییەکە بکە کە لای تۆ چی دەگەیەنێت. دواتر پلانێک بۆ دەستخستنی ئەو ئاستی توانستە دابنێ.

٧. پێناسەی جۆری ئەو کەسە بکە کە زۆر حەز دەکەیت لەپووی کەسایەتی و پرۆفیشناڵانەوە ببیت. دواتر پلانێکی پەرەپێدانی پرۆفیشناڵی و کەسی کار پێبکە کە وات لێدەکات فێربیت, گەورەبیت, ببیت بەو کەسەی کە زۆر پێی سەرسامیت و زۆر ئارەزوو دەکەیت ببیت. بیرت بێت, وەک گوتە دەڵێت: " بەرلەوەی بتوانی شتێکت هەبێت, سەرەتا پێویستە خۆت شتێک بیت. "

ئامانجەکانت پۆلێن بکە

کاتێک ئامانجەکانت نوسی, بۆ چەند بەشێکی گرنک و جیاوازی ژیانت دابەشیان بکە. شەش دەستەبەندی بنچینەیی هەن کە زۆرێەی خەڵکی بەکاریان دەهێنن بەڵام تۆ دەتوانیت زیاتر یان کەمتر بەکار بهێنیت:

١. ئامانجە مادی و داراییەکان.
٢. ئامانجە کەسی و خێزانییەکان.
٣. ئامانجە پەروەردەی و پەرەپێدانە خودییەکان.
٤. ئامانجە پۆحییەکان.
٥. ئامانجە توانستی و تەندروستییەکان.
٦. ئامانجە کۆمەڵگەی و کۆمەڵایەتییەکان.

بۆ ئەوەی باشترین ئاست پێشکەش بکەیت, پێویستە ژیانت هاوسەنگ بێت. مەبەست لێی ئەوەیە پێویستە لە هەموو بوارێکدا ئامانجت هەبێت تاکو بەبەردەوامی و هەموو کات بەسەرکەوتوانە بەرەو پێشەوە بڕۆیت بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە بۆت گرنگە.

ئامانجەکانت ڕێکبخە

هەنگاوی داهاتوو پاش ئەوەی هەموو ئامانجەکانت خستە سەر پەڕە, ئەوا بەپێی گرنگییان ڕیزیان بکە. ئەو ئامانجانە هەڵبژێرە کە لەوانی تر گرنگترن و لەسەرەوەی هەر لیستێکدا دایان بنێ. دواتر ئامانجەکانی تر, دووەم, سێیەم, چوارەم هەڵبژێرە.

لەکۆتاییدا ڕەنگە گرنگترین شت لەدانانی ئامانجدا ئەوە بێت کە ئامانجێک لەنێو هەموویاندا هەڵبژێریت کە لەوانی تر گرنگتر بێت. ئەمە کلیلە بۆ سەرکەوتن. ڕاهێنانی هزری بۆ دانانی ئامانجەکانت, ڕێکخستنیان و بڕیاردان لەسەر سەرەکیترین ئامانجت یان ئامانجە ڕوونە مەزنەکەت خاڵی وەرچەرخانی شکۆداریی کەسێتییە. ئامانجە ڕوونە مەزنەکەت تاکە ئامانجە. دەستکەوتەکەی دەبێتەهۆی هێشتنەوەی زۆرێك لە ئامانجەکانی ترت. ئەم ئامانجە دەبێتە جەختکردنەوەی سەرەکی بۆ هەموو ئامانج و چالاکییەکانی ترت.

ئەم ئامانجە توانات پێدەدات و هەموو سەرچاوە هزرییەکانت کۆدەکاتەوە بۆئەوەی وەك تیشکی لێزەر جەخت لەسەر یەك شت بکەیتەوە. بەرەوپێشچونت لەسەر ئەم ئامانجە ئەو شتەیە کە لە ئەنجامدا پەرە بە باوەڕ بەخۆبوونە نەگۆڕەکەت دەدات کە ئارەزووی دەکەیت.

جەختکردنەوە

جەختکردنەوەی زۆر لەسەر تاکە ئامانجێك ئاسان نییە بەڵام لە هەمووی گرنگترە. ئۆریسۆن سویێت دەڵێت:" مرۆڤە زەبەلاحەکانی مرۆڤایەتی کەسانێك بوون کە جەختکردنەوەیان هەبوو, پیکەکەیان لە یەك شوێن دەدا هەتاکو ئامانجەکەیان بەدەستدەهێنا. کەسانی سەرکەوتووی ئەمڕۆ ئەوانەن کە تەنها جەخت لەسەر بیرۆکەیەکی دیار, تاکە ئامانجێکی نەگۆڕ دەکەنەوە, هەروەها دەشڵێت:" هەموو کەسانی مەزن بوون بە کەسانی مەزن, هەموو کەسانی سەرکەوتوو بەڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە کاتێك هێزەکانیان بۆ یەك شتی تایبەت تەرخانکردووە."

جەختکردنەوەیەکی دیاریکراوی تاك لایەنە بەئاڕاستەی خەونەکانت ئارەزووەکانت چڕ دەکاتەوە و هێزی سۆزداریت بە ئاڕاستەی ئامانجەکەت زیاد دەکات. چڕی جەختکردنەوەکەت یاسای سەرنجکێشکردن چالاك دەکات, وادەکات ئەو کەس و دەرفەتانە بێنە ژیانتەوە کە هاریکارت دەبن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت. تا زیاتر بیر لە ئامانجەکەت بکەیتەوە, زیاتر کۆنترۆڵ و ئاڕاستەی ژیانت دەکەیت. تا زیاتر بیری لێبکەیتەوە و خێراتر بەرەو ڕووی بڕۆیت, ئەویش بەرەوتۆ دێت.

پێوانەکردن و گرێدانی ئامانج پەیوەستە بە کاتەوە

ئامانجە گەورەکەت پێویستە پێوانەکراو بێت. یاسایەکی سەرەکییە کە" هەرشتێك پێوانە بکرێت, بەئەنجام دەگەیەندرێت." ڕوونی بکەرەوە د ڕادە و قەبارەی ئامانجەکەت دیاری بکە و ئەگەر پێویستی کرد بیکە بە

بەشی بچوک بچوکەوە تاکو بتوانیت لە یەک کاتدا کار لەسەر دانەیەکیان بکەیت هەروەها دەبێت بەپێی کات ئامانجە گەورەکەت بەڕوونی سەوردار بکەیت. بەروارێکی بۆ دابنێ. بەروارێکی ڕاستی بەڵام بەرەنگاربیانەی بۆ هەڵبژێرە بۆ تەواوکردنی و بینوسەرەوە. ئەگەر ئامانجێکی بۆ ماوە درێژە وەک دوو یان سێ ساڵ، بیکە بە بەشی بچوکترەوە بە ئامانجی بچوکتر یان بە شێوازی پێوەرەکان هەموو سی بۆ شەست ڕۆژێک پێوانەی بکە. دەستەیەک خەڵات بکرە و بەخۆتی ببەخشە لە بەدەستهێنانی هەر بەشێکی ئامانجەکەت و لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجە تەواوەکەت. بۆ هاندانی زیاتر و دەستکەوتی باشتر پێویستە هەر ئامانجێک ببەستیتەوە بە خەڵاتێکەوە و هەر بەشێکی ئامانجەکەت بە خەڵاتێکی بچوکترەوە.خەڵاتەکە دەکرێت نانێکی ئێوارە بێت لە دەرەوە, مۆڵەتێک یان پشوویەک بێت. دەکرێت سەیارەیەکی نوێ یان خانوویەکی نوێ بێت, دەکرێت شتێک بێت کاریگەری لەسەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەت هەبێت. زۆرێک لە خەڵکی پشتگیری و هاریکاری خێزان و منداڵەکانیان ڕیزدەکەن بە ڕازیبوون لەسەر خەڵاتەکان کە هەمووان وەریبگرن کاتێک ئامانجەکە بەدەستهات. خەڵاتەکان وا لە پرۆسەکە دەکەن خۆشتر و سەرنجڕاکێشتر بێت. وەک هاندانێکی ناوەکی ڕەفتار دەکەن کە هانت دەدەن بەرەوپێش بچیت کاتێک دۆخەکە سەخت دەبێت.

پلانەکانت دابنێ

کاتێک ئامانجە گەورە و بچوکەکانت دیاریکرد, پلانەکانت دابنێ بە کۆکردنەوەی لیستێکی وردی هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە ئەنجامیان

بدەیت بۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێك، دواتر بەپێی کات و گرنگیان لیستەکە ڕێز بکە. یەکەمجار چی دەکەیت، دووەمجار چی نەکەم دەدەیت؟ چی گرنگترە؟ چی کەمتر گرنگە؟ وا لە هەر چالاکییەك بکە بپێورێت و بەرواری بۆ دابنێ. یەکەمین شت هەڵبژێرە کە بە مێشکتدا دێن ئەنجامی بدەیت. بە دانانی ئامانجەکان و پلانەکان دەستپێبکە. بۆ دەستپێکردن پەیوەندی بە لە سەدا سێی گەنجانەوە دەکەیت لە جیهاندا، سەرکەوتنەکەت بەڕادەیەکی زۆر گرەنتی پێدەدرێت لە ئەمڕۆدا. خاڵی کۆتایی سەبارەت بە ئامانجەکان ئەمەیە: ئامانجەکانت بەنهێنی بهێڵەرەوە. بەهێشتنەوەی ئامانجەکانت لە ناخی خۆتدا و بەکارهێنانی کۆششەکانت بە شێوازێکی ئامانجدار، بڕوا بەخۆبوون و هێزی کەسی دروستدەکەیت.

زۆرێك لە خەڵکی ئەو هەڵەیە دەکەن بە قسەکردنی زۆر سەبارەت بە ئامانجەکانیان. قسەکردنی زۆر دەبێتەهۆی ونبوونی وزەکانیان و هاندانەکانیان کەمدەکاتەوە، سوربوونەکەیان کەمدەکات، هێز و تواناکەیان لەدەستدەدا کە هەیان بوو ئەگەر بەنهێنی بیان هێشتایەتەوە ئەوا لەجیاتی ئەوە جەختیان لەسەر چالاکییە ئامانجدارەکانیان دەکردەوە.

تەکنیکێکی سادە

ڕێگە بدە تەکنیکێکی سادەت پێبدەم کە ژیانی من و ئەو کەسانەی گۆڕیوە کە بەکارمان هێناوە. زۆر بەسادەیی ئەمەیە: پەڕاوێکی تێبینی بەتاڵ بۆ خۆت بهێنە، لەو جۆرەی لە قوتابخانەکاندا بۆ نوسینی تێبینی

بەکاردێت. هەر ڕۆژێك بە دانیشتن لەگەڵ خۆت دەستپێبکە بە هێنانی پەڕاوەکەت و نوسینی ئامانجە سەرەکییەکانت لە دەمی ڕانەبردوودا, بەجۆرێك کە پێشتر ڕاستی بوون.

وشەی بەهێز و ڕوون بەکاربهێنە وەکو "پەیدای دەکەم," "بەدەستی دەهێنم," یان "من هەم" دەتوانی شتی تریش لەم پەڕاوی تێبینیەدا بنوسی ئەگەر حەزت لێیە بەڵام گرنگترین کارێك کە بیکەیت ئەوەیە هەر ڕۆژێك پێنج خولەك بۆ نوسین و نوسینەوەی ئامانجە گەورەکانت تەرخان بکەیت بەبێ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی کە دوێنێ چییت نوسیوە. نوسینەوەی ئامانجەکانت بەدەست پێیدەوترێت" چالاکی دانانی ئامانجەکان بەدەست." هەر جارێك ئامانجەکانت دەنوسی زیاتر دەیانخەیتە بەشی هزری نائاگاییتەوە. چڕی ئارەزووەکەت و قوڵی باوەڕەکەت زیاد دەکەیت, یاسای جەختکردنەوە, سەرنجکێشکردن و ڕەنگدانەوە چالاك دەکەیت. جەخت لە توانا هزرییەکانت دەکەیتەوە و باوەڕ بەخۆبوون زیاد دەکەیت کە ئامانجەکە دەکرێت بەدەستبهێنرێت. بە دووبارە نوسینەوەی ئامانجەکانت هەموو ڕۆژێ ڕوونتر و بەهێزتر دەبن و توانای خۆیان وەردەگرن.

ئەم ڕاهێنانە ئامانجەکانت زۆر بەقوڵی لە هزری نائاگاییت جێگیر دەکات و تا لە ئەنجامدا "شوێنی خۆیان دەگرن" و تۆش خۆڵیلانەدەرانە و نەوەستێنراوانە بەرەو بەدەستهێنانیان هەنگاو دەنێیت. کاتێك ئەمە ڕوودەدات, داهاتووت گرەنتی پێدەدرێت.

کاتێك ئەم توانایە پەرەپێدەدەیت بۆ دانان و بەدەستهێنانی هەر شتێك کە لە ژیاندا دەتەوێت, ئەو جۆری باوەڕ بەخۆبوونە پەرە پێدەدەیت کە

لە" زانیاریی ئەرێنییەوە" دێت نەک لە بیرکردنەوەی ئەرێنییانەوە.
دەبیت بە کەسێکی نەوەستێنراو.
ڕاهێنانە کردارییەکان:
١. ئەمڕۆ بڕیار بدە کە کتومت چییت لە ژیان دەوێت. ئامانجەکانت دابنێ وەک ئەوەی هیچ کێشەیەک و سنورێکت نەبووە و هەرشتێک کە نوسیوتە دەتوانی بەدەستی بهێنیت.
٢. لیستێکی دە ئامانجی دابنێ کە حەزت لێیە لە ماوەی دوازدە مانگ یان زیاتردا بەدەستی بهێنیت.
٣. ئامانجەکانت لە دۆخی کەسی، ئەرێنی و ڕانەبردوودا بنوسە. بۆ نمونە: دەتوانم بڕی" یەک ملیۆن دۆلار" لەم بەروارەدا پەیدا بکەم لە دۆخی ڕانەبردوو، ئەرێنی و کەسییدا.
٤. بەرواری کۆتایی بۆ هەریەک لە ئامانجەکانت دابنێ و بەرواری جیاوازیش بۆ هەر یەکێکیان دابنێ ئەگەر پێویست بوو.
٥. لیستێکی هەمو ئەو شتانە دروست بکە کە پێویستە ئەنجامی بدەیت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت و بەپێی گرنگییان ڕیزیان بکە، ئێستا ئەمە دەبێتە پلانەکەت.
٦. پێداچونەوە بە لیستەکەتدا بکە و بپرسە " ئەگەر گرەنتیم پێبدرابە بۆ بەدەستخستنی هەر ئامانجێک لەنێو لیستەکەمدا لەماوەی بیست و چوار کاتژێردا، کام ئامانج گەورەترین کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژیانم دەبوو؟"
٧. ئامانجی ژمارە یەک، ئامانجە پوون و گەورەکەت لە سەرەوەی لاپەڕە نوێیەکەدا بنوسە لە دەمی ئەرێنی، کەسی و ڕانەبردوودا. لیستێکی

هەموو ئەو شتانە دروست بکە کە دەتوانی ئەنجامیان بدەیت بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە. لە پلانەکەتدا ڕێکی بخە و دەستبەجێ کار لەسەر پلانەکەت بکە.

٨. هەموو ڕۆژێک و هەر حەوت ڕۆژەکەی هەفتە شتێك بۆ ئامانجە گەورەکەت بکە. بڕیار بدە کە بەردەوام بیت لەسەر ئەم ئامانجە تاکو سەرکەوتوو دەبیت. گرنگ نییە کە چەندە سەخت دەبێت یان چەندێك کات دەخایەنێت. ئەم پڕۆسەی دانان و بەدەستهێنانی ئامانجی گەورە، باوەڕبەخۆبوونت دروستدەکات تا لە ژیاندا بیت ناوەستێنرێیت.

بەشی سێیەم
بەدەستهێنانی توانا و کارامەیی کەسی

" تایبەتمەندی ژیانی هەرکەسێك بەستراوەتەوە بە خۆ تەرخانکردنەوە بۆ ئاستی نایابیی, گرنگ نییە بواره هەڵبژێردراوەکەی چییە."

(ڤینیس لومباردی)

تۆ دڵخۆش و ڕازی دەبیت, خۆشی لە بەرزترین ئاستی باوەڕ بەخۆبوون دەبینیت کە دەزانیت بەتەواوی باشیت لە ئەنجامدانی شتێکدا کە بۆ خۆت و ئەوانی تریش گرنگە. ئەو شتە چییە؟ دەکرێت چی بێت؟ ئەمانە دوو پرسیاری گەورەی ژیانن. خۆشبەختانە تۆ و هەموانی تریش توانایەکی بەدینەکراوتان هەیە تاکو نایاب بیت لەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت و بگەیت بە ئاستی لوتکە لە ژیانت و بواره هەڵبژێردراوەکەتدا. توانایەکی نایابت هەیە تاکو کار بکەیت و کارامەیی بەدەست بهێنیت لە هەر بوارێکدا کە بۆت گرنگە. پەرەپێدانی باوەڕ بەخۆبوونی بەردەوام پێویستی بە هیچ شتێکی کەمتر نییە.

لێواری زەرفەکە

لە جیهانی تاقیکردنەوەی فڕۆکەوانەکان و فڕۆکە خۆمالییەکاندا, وەك لە فیلمەکەدا باسکراوە بەناوی " پیاوە ڕاستەقینەکان" لەلایەن تۆم وڵفی

بەوە لەسالی ١٩٧٩ بەرهەمهێناوە. بەبەردەوامی باس لەو شتە دەکات کە پێی دەوترێت "زەرفەکە."

ئەم "زەرفە" یە کە لە لێواری سەرەوە و خوارەوە پێکدێت. لێواری سەرەوە نیشانەی بەرزی و خێراییە کە هەر فڕۆکەیەك یان فڕۆکەیەکی جێنس پێشتر لە نوێترین تاقیکردنەوەکانیاندا ڕۆشتبن.

لێواری سەرەوەی زەرفەکە بەرزترین ڕێژەی بەرزی و خێراییە کە گونجاو بووە بۆ فڕۆکەیەکی نوێ بەرلەوەی بەگریمانەیی لە ئاسماندا پارچە پارچە ببێت یان لەکاربکەوێت یان تێك بشکێت. ئامانجی تاقیکردنەوەی فڕۆکەوانەکە بۆ فراوانکردنی لێواری زەرفەکەیە. کارەکەی ئەوەیە بەرزتر و خێراتر بفڕێت بۆ ئەوەی سنورە دەرەکییەکانی خێرایی، بەرزی و بەرگەگرتن بدۆزێتەوە کە فڕۆکەیەکی تایبەت لە توانایدایە بەدەستی بهێنێت. تاقیکردنەوەی فڕۆکەوانەکە بەبەردەوامی فڕۆکەکە بەرزتر و خێراتر دەکات تا وا هەستدەکات فڕۆکەکە گەشتوەتە سنورە دەرەکییە تەواوەکەی. ئەمە ئەو شوێن و کاتەیە کە بڕیاردەدات بۆ خۆلادان لە تێکشکاندنی فڕۆکەکە و تەنانەت لە پێکدادانی مەترسیداریش.

ئەمە پێیدەوترێت "لێواری دەرەوەی زەرفەکە" و دواتر دەبێت بە "لێواری خوارەوەی زەرفەکە" بۆ فڕۆکەی دواتر و تاقیکردنەوەی دواتر. گرنگ نییە فڕۆکەکە چەندە بەباشی دروستکراوە، سنورێکی دەرەکی لەسەر تواناکانی هەیە. تەنها دەتوانێت بەڕێژەیەکی دیاریکراو لەخێرایی و بەرزی بفڕێت. شتێکی زۆر کەم دەکرێت بە ئەنجام بگەیەندرێت بۆ فراوانکردنی توانای میکانیکی شتێك کە لە کانزا دروستکرابێت لەلایەن مرۆڤەوە.

زەرفەکەت فراوان بکە

جیاوازی گەورە لەنێوان تۆ و فڕۆکەکەدا ئەوەیە کە" لێواری دەرەکی "
بۆ زەرفی کەسییەکەت بوونی نییە. وەک ئیمرسۆن دەڵێت:" ئەو هێزەی
کە لە مرۆڤدا هەیە نوێیە لە سروشتدا و هیچ کەس جگە لە خۆی نازانێ
ئەو شتە چییە کە دەتوانێ ئەنجامی بدات, وە خۆشی نازانێت تاکو
تاقینەکاتەوە."

تۆماس ئەدیسۆن دەڵێت:" ئەگەر هەموومان ئەو شتەمان ئەنجام بدایە
کە لە تواناماندایە ئەنجامی بدەین, بەڕاستی خۆمان توشی شۆک
دەکرد." ماکسوێل مالتزیش دەڵێت:" ئێستا توانایەک لە تۆدا بوونی هەیە
کە هەرگیز خەونیشت پێوە نەدیوە شیاوبێت بۆت, وە ئەم توانایە
بەردەست دەبێت ئەو کاتەی کە دەتوانی باوەڕەکانت بگۆڕیت."
بەشێوازێکی تر سنوری دەرەوەی زەرفەکەت یان سنوری دەرەوەی
تواناکەت لە کات یان بۆشاییدا جێگیرنەکراوە وەک هی فڕۆکە,
سنورەکانت بەتەنها لەلایەن باوەڕەکانتەوە و باوەڕ بەخۆبوونی خۆتەوە
دیاری دەکرێن لەو شتەی کە پێت وایە گونجاوە بۆت.

باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزی خودی

باوەڕ بەخۆبوونت بەتەواوی پەیوەندی بە ڕێزی خودگرتنەوە هەیە"
چەندە خۆتت لا پەسەندە." دکتۆر ناسانیال براندن بە ڕێزی خودگرتن
دەڵێت:"ناوبانگییت بەخۆتەوە." هەستت چۆنە سەبارەت بەخۆت و
تواناکانت پەیوەستە بە هەر دۆخێکەوە, ئەوە دیاریدەکات کە چەندە
خۆتت لا پەسەندە و خۆتت لا کەسێکی سودبەخش و گرنگە. تا زیاتر

خۆتت لا پەسەند بێت, باشتر کارەکان ئەنجام دەدەیت. لایەنێکی تری ڕێزی خودگرتن ئەوەیە کە دەروونزانەکان پێیدەڵێن:" توانای خودی." توانای خودی پێوانەی ئەو شتەیە کە پێتوایە چەندە چالاک و بەتوانایت بۆ ئەنجامدانی کارێکی تایبەت یان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت. ئەمە پێیدەوترێت " ئەنجامدان لەسەر بنەمای ڕێزی خودگرتن." مەبەست لێی ئەوەیە کە باوەڕ بەخۆبوون و متمانە بەخۆبوونت لەلایەن ڕێزی خودگرتنتەوە دیاریدەکرێن یان چەندە خۆتت لا پەسەندە. دواتر ڕێزی خودگرتنت لە هەر بارودۆخێکدا دیاریدەکرێت بەوەی کە پێتوایە چەندە بەتوانایت. بۆ نمونە: ئەگەر کێشەیەك لە مالێ یان کار بێتە پێش و تۆش ئاشناییت لەگەڵی هەیە کە دەتوانی بەخێرای و بەڕاستی چارەسەری بکەیت, توانای خوددییت و ڕێزی خودییت زیاد دەکەن. هەستدەکەیت بەتواناتریت و زیاتر باوەڕت بەخۆت هەیە وە ئامادەیی زیاتریشت هەیە بەرەنگاری سەختی و کێشەکان ببیتەوە. زیاتر ئەرێنی و گەشبینتریت, هەست دەکەیت کەسێکی نایابیت.

ئەگەر بەپێچەوانەوە کێشەیەك یان سەختییەك هاتبێتە پێش و نەتتوانیبێت هیچ شتێك بکەیت بۆ چارەسەرکردنی و هەستت بەبێئومێدی یان ناچالاکی کردبێت, ڕێزی خودییت کەمیکردووە و باوەڕ بەخۆبوونت دابەزیوە. هەستت نەرێنی بووە سەبارەت بەخۆت و تواناکانت, تەنانەت ڕەنگە تورەش بووبیت و خەمبار بووبیت. هەستت کردووە بێتوانایت نەك ئەوەی بەتوانابیت. لەبەرئەوەیە کە دەڵێن لە یاری پۆکەردا:" براوەکان پێدەکەنن و نوکتە دەگێڕنەوە لەکاتێکدا دۆڕاوەکان دەڵێن بێدەنگ بن و مامەڵەکە ڕاگرن."

باوەڕ بەخۆبوونی خودی بنیاد بنێ

باسای هۆ و ئەنجام بەکاردێت بۆ هەرشتێك کە هەیت یان دەتەوێت ببیت.

ئەگەر ئەو کاریگەریەی کە ئارەزووی دەکەیت ئاستی باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ و بەرز بێت, ئەوا پێویستە ئەو هەڵسوکەوتانە ئەنجام بدەیت کە کەسانێك ئاستی باوەڕ بەخۆبوونیان نەگۆڕ و بەرزە ئەنجامی دەدەن و تۆش بەزوویی ئاستی باوەڕ بەخۆبوونت زیاد دەکەیت.

لێکۆڵینەوەکان لەسەر هەزاران کەس کراون لە ئاستی ئاساییەوە بۆ ئاستی سەرو ئاسایی پێشکەوتوون. هەروەها لە هەستی باوەڕ بەخۆبوونەوە گۆڕاون بۆ هەبوونی هەستێکی گەورە سەبارەت بەخۆیان. ئەمە دەریدەخات کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هۆ و ئەنجام لەنێوان توانا و کارامەییدا لەلایەك و باوەڕ بەخۆبوون لەلایەکی تردا هەیە.

میهالی کسیسنتمیهالی ماموستا لە زانکۆی چیکاگۆ لە یەکێك لە کتێبە نایابەکانیدا دەڵێت:" ئەزموونی گەشتن بە لوتکە شێوەیەکی هەست بەباشیکردنە کە وادەکات بەتەواوی هەست بەباشی بکەیت سەبارەت بەخۆت, بەگشتی هەستێکی ناوازەی دڵخۆشیی و کامەرانیت پێدەبەخشێت. هۆکارەکانی ئەم کاریگەرییە ئێستا زانراون."

بەدەستهێنانی بەرزترین ئاستی لوتکە

بۆ بەدەستهێنانی ئەم هەستی باشترین و نایابترین ئاستە پێویستییت بە ئامانجە پوونەکان, شێوازی بەرەنگارییەکان, فیدباکە بەردەوامەکان, جەختکردنەوەی تەواو, سەرکەوتنی هەنگاو بە هەنگاو و هەستێك دەبێت کە تواناکانت بۆ ئاستێکی باشتر و نوێتر فراوان دەکەیت. کاتێك نۆخێکت

دروستکردووە کە تیایدا ئەزموونی هەموو ئەمانە دەکەیت, هەستدەکەیت کە لێواری دەرەوەی زەرفە کەسییەکەی خۆتدا کار دەکەیت. پێتوایە کە بەبەردەوامی باشتر و باشتر دەبیت لەشتێکدا کە زۆر گونجاویت بۆی ئەنجامی بدەیت و لەکاتێکدا هێشتا لەنێو دەستەیەك لە تواناکانتدا کار دەکەیت, لە هەموو خولەکێکدا خۆت بەرەوپێش دەبەیت.

ئەگەر لەم جۆرە ئەزموونەدا بیت, زۆرکات ڕەوتی کات لەدەستدەدەیت, بێئاگا دەبیت لە برسێتی, تینوێتی, یان ماندوێتی. هەست بە ئارامیی هزر و دڵخۆشی دەکەیت. تاقیکردنەوەکان دەریدەخەن کاتێك لە دۆخی ئیستاتدا چالاکی ئەنجام دەدەیت, مێشکت ئیندرۆفینەکان و دەرمانی دڵخۆشیی سروشتی دەردەدات کە وات لێدەکات هەست بە دڵخۆشیی و پڕوزەیی بکەیت.

لە کاتێکدا کە لەم دۆخەدایت, تەواوی جیهان وادەردەکەوێ هێواش دەبێتەوە و شتەکان لەسەرخۆ ڕوودەدەن. تۆش بە توانایەکی ناڕاساییەوە کار دەکەیت. لە تواناتدایە ڕێژەیەکی زۆری کار لەماوەیەکی کەمدا تەواو بکەیت بەدروستی و چەند هەڵەیەکی کەمەوە. تێدەگەیت ئەگەر ئەم بەشداریە تەواوەت هەبێت, ئەوا دەتوانی شتی سەرنجڕاکێش لە کار و ژیانتدا ئەنجامبدەیت.

بەشداری تەواو لە کارێکدا بکە

هەمووان ئەم جۆرە ئەزموونە بڵێندەیان هەبووە, کاتێك لەژێر فشارێکی زۆردا بوون بۆتەوەی کارێکی زۆر لەماوەیەکی کورتدا ئەنجامبدەن. هەرچەندە لە هەمان کاتدا ئامانجێکی ڕوون و باوەڕێکی بەهێزیان هەبوو

کە توانای ڕووبەڕووبونەوەی بەرەنگارییەکەیان هەبوو. لەئێستادا کە دەچنە ئەم دۆخەوە وا هەستدەکەن کە زەوییان جێهێشتووە.

لە ڕابردوودا خۆت ئەم دۆخەت هەبووە. زۆر سەیر بوو بۆ چەند مانگێک زۆر و تەنانەت چەند ساڵێکیش لەبیرت بوو. ئەمە مەبەستەکەیە کەسانێک کە شتانی نائاسایی بەدەستدەهێنن لە ژیاندا زۆر کات کەسانێکی ئاسایین کە زانیویانە چۆن بەشداری کار بکەن و لەئاستی لوتکەدا ئەنجامی بدەن. بەبەراورد بە کەسێکی ئاست مامناوەند. هەر شتێك کە خەڵکانی تر توانیویانە ئەنجامی بدەن تۆش دەتوانی.

لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی سەرکەوتن و باوەڕ بەخۆبووندا, لە هەمو دۆخێکدا کە تیایدا کەسانێك خۆشی لە ئاستێکی بەرزی شانازی بەخودکردن, ڕێز لە خودگرتن و شانازی کەسییدا دەبینن, پێمانوایە کە هەمویان شتێکی هاوبەشیان هەیە. ئەو شتەش ئەوەیە کە هەر کەسێک سەرکەوتوو لە شوێن و کاتی دروستدایە. کتومت ئەنجامدانی ئەو کارەی کە زۆر شایستەن ئەنجامی بدەن. ئەم کەسانە نەك تەنها دڵخۆشترین و سەرکەوتوترین کەسانی کۆمەڵگاکەمانن بەڵکو خودی خۆشت بەڕاستی دڵخۆش و ڕازی نابیت هەتاکو شوێنە دروستەکەت لەنێویاندا نەدۆزیتەوە.

شوێنە دروستەکەت بدۆزەرەوە

یەکێك لە خۆشییەکانی دروستبوونی مرۆڤایەتی ئەوەیە " شوێنە دروستەکەت" بدۆزیتەوە. ئەو کارە یان پیشەی کە تەواو بۆت گونجاوە, دواتر بەدڵەوە و زۆر بەباشی ئەنجامی بدەیت. بەبەختترین کەسانێك لەکۆمەڵگاکەماندا ئەوانەن کە بەتەواوی لە کارەکانیاندا ڕۆچوون و

حەزیان لێی هەبە, نازانن کەی کارەکەیان کۆتای پێدێت و کەی دەستپێدەکات. ئەگەر بیان توانیایە زۆرێکیان ئەو شتەی حەزیان لێیە بەبێ پارە ئەنجامیان دەدا. ئەگەر دە ملیۆن دۆلاریان لە یانسیبێکدا بردەوە, ئەمە ئەو شتەیە کە بەناگاییەوە هەڵیدەبژێرن ئەنجامی بدەن تا کۆتایی ژیانیان یان تاکو پارەکەیان تەواو دەبێت.

مامۆستای پۆحییەت ئیمێت فۆکس وەك " ئارەزووی دڵت " ئاماژەی بە ئەمە داوە و دەشڵێت کە تۆ لێرەیت لەسەر ئەم زەوییە تا ئەوەی شتێکی تایبەت ئەنجامبدەیت, شتێك ڕەنگە بەتەنها تۆ بتوانی ئەنجامی بدەیت و هەرگیز بەتەواوی دڵخۆش نابیت هەتاکو دەیدۆزیتەوە و خۆتی بۆ تەرخان دەکەیت. شتە دیارەکە کە فۆکس دەڵێت ئەوەیە کە هەمیشە تۆ ئەو بیرۆکەیەت هەیە کە ئەوە چییە. تەنها پێویستە گوێ بۆ خۆت ڕاگریت و دواتر متمانەت بە ڕێبەرییەکە هەبێت کە وەریدەگریت.

داپیرە موسا

کاتێك داپیرە موسا کچە جوتیارێکی گەنج بوو, ئەم نازناوەی هەبوو. ئارەزووی تابلۆکێشانی دەکرد بەڵام خێزانەکەی و هاوڕێکانی پێیان گوت کە ئەو شتە بێمانایە. پێیان گوت کە وەك کچێکی جوتیاری گەنج ئەرکی لەژیاندا ئەوەیە کە شو بە کوڕە جوتیارێك بکات, منداڵی ببێت و گەورەیان بکات لەبەرئەوە ئارەزووەکەی دڵی خستەلاوە و ئەو شتەی ئەنجامدا کە پێیان گوت دەبێت ئەنجامی بدەیت.

کاتێك تەمەنی هەرزەکاری تەواوکرد, منداڵی بوو, لە بیست ساڵی بەرەوسەر منداڵی زیاتری بوو. لە تەمەنی چل ساڵیشدا بوو بە داپیرە و

لە شەست ساڵیدا بوو بە داپیرە گەورە. کاتێك بوو بە حەفتا و پێنج ساڵ هاوسەرەکەی مرد, منداڵەکانی گەورەبوون و دکتۆرەکە پێیگوت کە ئاز بەتەمەنە و ناتوانێت چیتر لە کێڵگەکە کار بکات. وای هەستکرد کە کاتی زۆری لە ژیاندا نەماوە لەبەرئەوە بڕیاریدا کە ئارەزووەکەی دڵی " بهێنێتەدی و بەرلەوەی بمرێت شتێك بکات."

ڕۆشت بۆ شارۆچکەیەکی نزیك و سەردانی کۆگایەکی هونەری کرد, ئەو کەسەی لە کۆگای هونەرەکەدا بوو هەندێك تابلۆ و هەڵگری تابلۆ و فڵچەی تابلۆ کێشانی پێفرۆشت و نیشانیدا کە چۆن بەکاریان بهێنێت. ڕۆشتەوە بۆ کێڵگەکەی و دانیشت و دەستیکرد بە جۆرێکی تابلۆکێشان کە پێیدەوترا " دیمەنە سروشتییە سەرەتاییەکانی ئەمریکا."

داپیرە موسا کۆتای بە یەکەم تابلۆی هێنا کاتێك حەفتا و هەشت ساڵ بوو, کاتێکیش تەمەنی بوو بە سەد و یەك ساڵ پێشانگایەکی گەورە کرا بۆ نیشاندانی کارەکانی لە شاری نیویۆرك. لە کۆتا دە ساڵی ژیانیدا هەندێك لە تابلۆکانی دانەی بە زیاتر لە سەد هەزار دۆلار فرۆشران.

ئەمە کێشەکەیە, وەك کچێکی گەنج پێی گوترا کە ناتوانێت تابلۆ بکێشێت لەبەرئەوەی پارەی زۆری تێدەچێت و هیچ کەسێك ناتوانێت بیکڕێت. کاتێك دەستی بە تابلۆکێشان کرد لە ساڵێکی تابلۆکێشاندا زیاتری پەیدا کرد لەو بڕە پارەیەی خۆی و هاوسەرەکەی لە تەواوی ژیانیان لە کارکردن لە کێڵگەکەدا پەیدایان کردبوو. تەنها کەسێکی سروشتی تەواو نەبوو, بەڵکو کەسێکی تەواو بەهرەدار بوو لە بنەڕەتدا. ئەوە هەڵسەنگێندراوە کە ئەگەر لە کۆتایی لاوێتییدا دەستی بە تابلۆکێشانەکەی بکردایە وەك ئەوەی کە بەڕاستی دەیویست ئەنجامی

بـــدات و تابلۆکانیشـــی لـــەڕووی بازرگانییـــەوە هێنـــدەی ئـــەمڕۆ سەرکەوتووبونایە ڕەنگە ببوایە بـە یـەکێك لـە دەوڵەمەندترین ژنـەکان لـە ئەمریکا.

شوێن دڵت بکەوە

مێژووی هەموو خەڵکی لە چیرۆکی ژیانی ئەو کەسانەدا نوسراوە کە شوێن ئارەزووەکانی دڵیان کەوتوون و ئـەو شـتەیان ئەنجامـدا کـە شـیاویان بـوو ئەنجامی بدەن و پڕبەدڵ ئەنجامیاندا. گرنگ نییـە دۆخەکـەت چـییە, ئـەم شیاوییە لەئێستادا بۆت بەردەستە.

کۆلۆنیـڵ سـاندرز شەسـت و شـەش سـاڵ تەمـەنی بـوو بەرلـەوەی یەکـەم مریشـکی بفرۆشـێت لەسـەر بنـەمای ڕەچـەتەی مریشـکی سـورەکراوی کۆنتـاکی. وەك چێشـتلێنەر و خـاوەنی کافتریـا بچـوکەکەی خـۆی کـاری دەکرد.

لـە تـەواوی ژیانیـدا, مریشـکی سـورەکراوی ئامـادە دەکـرد لەگـەڵ ڕەچەتەکەی. دواتر لە تەمەنی شەست و شەش ساڵیدا کاتێك دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئـەو شـتەی کـە دەبـوو چـەند سـاڵێك لەوەوبـەر ئـەنجامی بدات, دەستی بە بنیادنانی مافی دەستوریی کـارە بازرگانییەکـەی کـرد و بوو بە ناسراوترین و ساماندارترین کەس لەجیهاندا.

گەنجێکی شانزە ساڵ یەکێك لە خوێنکارەکانم زۆر دڵخۆش بـوو سـەبارەت بـە تواناکـەی کـە دەسـتیکردووە بـە کـاری خزمـەتکردنی خـواردن. سەرکەوتوو بوو تیایدا و کاتێك بوو بـە هـەژدە سـاڵ بـە قـازانج فرۆشـتی. دەســـتکەوت و بـــاوەڕ بەخۆبوونەکـــەی وەك دەرئـــەنجامێك زۆر

سەرسامکەرەوەن کاتێک پرۆشت بۆتەوەی کار بۆ زنجیرە نووکانبکر گەورەی بەقالی بکات، زۆر بەخێرای پلەکەیان بەرزکردەوە. بەڵەوەی نەمەنی هەژدە ساڵی تەواو بکات بوو بە گەنجترین بەڕێوەبەری کۆگایەکی گەورەی بەقالی لە ئەمریکا و هەموو ساتەکانی کارەکەی خۆشدەوێت.

بوێریی و باوەڕ بەخۆبوون گرنگن

ژمارەیەکی نەژمێردراو لە ژنان و پیاوان پەیوەندیان پێوەکردووە و گەڕلونەتەوە بۆ سیمینارەکانم لە تەواوی وڵاتاندا. پێیان گوتم کە هەبوونی بوێریی بۆ ئەنجامدانی ئەو شتەی کە دەیانویست ئەنجامی بدەن خاڵی وەرچەرخان بوو لەژیانیاندا. هەندێک لەوان بەشێوازی سەیر قازانجەکانیان پێنج بۆ دە هێندە زیادیکرد، هەرچەندە هەندێکیان زیادنەکردبوو. لە هەموو حاڵەتێکدا زۆر زیاتر لە پێشوو هەوڵیاندەوە و کاریانکردووە بەڵام وەک ئەنجام دڵخۆشتر بوو لە پێشوتر. وەستانەکانیان بەهێز و ڕێک بوون، چاوەکانیان دەدرەوشانەوە، قسەکانیان بەوپەڕی زمانیان ئەڕێنییە. ئاشکرایە کە ئەوان بەڕاستی خۆشی لە ژیانیان دەبینن. باوەڕ بەخۆبوونێکی هێمن و ئارامیان هەیە. ئەوە شتێکی بەوپەڕی ولیان لێدەکات کە لەوانی تر باشتربن کە لە چوارچێوەدەریاندان.

پەرەپێدانی توانا و کارامەیی و باوەڕ بەخۆبوون کە پێکەوە لێنەڕاستییدا بە شیکردنەوەی توانای خودی و بەئاگابوون لە هەستی خودی دەستپێدەکەن. سوکرات دەڵێت: " کە سەرەتای هەموو زانینێ

تێگەشتنێك لەم وشانەدایە" تۆ خۆت بناسە." لە شیکردنەوەی خۆتدا بۆ دیاریکردنی ئەوە چییە کە بە ئەنجامدانی دەبیت بە شتێکی نمونەیی."

شەش ڕێگا هەیە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت:

سەرەتا ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە:

١. چی بەهرە, کارامەیی و توانایەکی سروشتییت هەیە؟

٢. ئەو شتە چی بوو کە لە تواناتدا بوو بەئاسانی و بەباشی ئەنجامی بدەیت لە ڕابردوودا کە خەڵکانی تر پێیان سەخت بووە؟

٣. چی بابەتێك لە قوتابخانە و چی بەشێکی کارەکەت بەشێوازێکی سروشتی سەرنجی ڕاکێشاویت و حەزت لێی بوو؟

٤. چی شتێکت زۆر حەز لێبوو ئەنجامی بدەیت لەنێوان تەمەنی حەوت بۆ چواردە ساڵیدا؟ "پرسیار لە دایکت بکە!" ئەمە زۆر کات پێشبینیکەرێکە بۆ ئەو شتەی کە دەبێت وەك پێگەشتویەك ئەنجامی بدەیت.

٥. چی بەشێکی کارەکەت زۆر حەز لێیە ئەنجامی بدەیت و وادەردەکەوێ کە بەباشی ئەنجامی دەدەیت؟

٦. چی کار و چالاکییەك زۆر دڵخۆشت دەکات, وزەت پێدەدات, پڕت دەکات لە پەرۆشیی و لەکاتی ئەنجامدانیدا بیرت لای کات نامێنێت؟

هەر کەسێك کە لەسەر ئەم زەوییە دادەنرێت تێکەڵەیەك لە بەهرە و حەزی هەیە کە وای لێدەکەن جیاواز بێت لە کەسانی تر کە تا ئێستا ژیاون. ئەوە تەنها ئەو کاتەیە کە دۆخێکی تایبەت دەدۆزیتەوە و زۆرترین سود لە توانا تایبەتییەکانت دەبینیت کە دەتوانیت گەورەترین دەستکەوت بەدەستبهێنیت و خۆشی لە خەڵاتە گەورە, دیار و

نادیارەکان ببینیت. دۆزینەوەی کارە دروستەکە بۆ تۆ و دواتر نایابیین لە کارەکەدا یەکێکە لە بەرپرسیاریەتییە سەرەکییەکانی ژیانی پێگەشتویەک.

چوار چواریەکە بازنەییەکەی کار

ڕاهێنانێکی نایاب لە دۆزینەوەی توانای خودیدا ئەوەیە کە چالاکییەکانی کارەکەت دابەش بکەیتە ناو چوار چواریەکەی بازنەییەوە.(ئەمە سەرەتا لەلایەن ڤیکتۆر فرانکڵ)ەوە پێشنیازکرا.

چواریەکە بازنەییەکە دابەشکران بۆ ئەمانە: چی شتێك سەختە بۆ فێربوون, بەپێچەوانەوە چی شتێك ئاسانە بۆ فێربوون. چی شتێك سەختە بۆ نەنجامدان و چی شتێك ئاسانە بۆ ئەنجامدان.

چواریەکەی یەکەم

سەختە بۆ فێربوون _ سەختە بۆ ئەنجامدان.

چواریەکەی دووەم

ئاسانە بۆ فێربوون _ ئاسانە بۆ ئەنجامدان.

چواریەکەی سێیەم

سەختە بۆ فێربوون _ سەختە بۆ ئەنجامدان.

چواریەکەی چوارەم

ئاسانە بۆ فێربوون _ ئاسانە بۆ ئەنجامدان.

چواریەکەی یەکەم: لە یەکەم چواریەکەدا ئەو کار و چالاکییانەت بۆت دەردەکەوێت کە سەختن بۆ فێربوون و سەختیشن بۆ ئەنجامدان کە دەشێت لەم بوارانەدا توانایەکی سروشتییت نەبێت و خۆشی کەمیان لێ ببینیت. وەک کەسێکی فرۆشیار پێویستە ڕاپۆرتی حساباتە وردەکان یان لێکۆڵینەوە دارایەکان ئەنجامبدەیت, یان بەرنامەدانەرێکی کۆمپیوتەر کە دەبێت پەیوەندیی بازرگانی یان وتاری گشتی ئەنجامبدات. کەسەکە و پیشەکە گونجاونین بۆ یەکتر. هەمیشە بۆ فێربوون و ئەنجامدانیش سەختن.

چواریەکەی دووەم: ئەم چواریەکە ئەو شتانەی تێدایە کە ئاسانن بۆ فێربوون بەڵام سەختن بۆ ئەنجامدان. کارێکی جەستەیی سەخت ڕەنگە لەم جۆرەدا بێت. وەک هەڵکەندنی چاڵێك بە خاکەناز ئاسانە بۆ فێربوون بەڵام هەمیشە سەختە بۆ ئەنجامدان.

چواریەکەی سێیەم: ئەم چواریەکە ئەو کار و چالاکییانەی تێدایە کە سەختن بۆ فێربوون بەڵام ئاسانن بۆ ئەنجامدان. لێخوڕینی سەیارەیەك یان تاپکردن بە ئامێری تایپ ڕەنگە لەم جۆرەدا بن. لە سەرەتادا سەختن بۆ فێربوون بەڵام کاتێك فێریان بووێت, دواتر ئاسانن بۆ ئەنجامدان.چواریەکەی چوارەم: ئەم جۆرە گرنگترینە, دەبێ بەنمونەیی ئەنجامی بدەیت. ئەم کارانە ئاسانن بۆ ئەنجامدان و زۆر ئاسانیشن بۆ فێربوون کە زۆر کات بیرت دەچێت چۆن فێریان بووێت. ئەمانە ئەو جۆرە کار و پیشە نەگۆڕانەن کە تیایاندا زۆر باشیت و ئاسانن بۆت, هەرچەندە ڕەنگە بۆ کەسانی تر سەخت بن. ئەمانە ئەو جۆرە کار و پیشانەن کە دەبێت تا کۆتایی ژیانت ئەنجامیان بدەیت.

مێژووی کارەکەت هەڵبسەنگێنە

سەیرێکی ژیانی ڕابردووت بکە و لە خۆت بپرسە:" چی چالاکییەک
ڕەفتارێک یان بڕیارێک زۆرترین کاریگەری هەبووە بۆ سەرکەوتنم لەژیاندا
تاکو ئەم ساتە؟ ڕەنگە پێتوابێت کە کەمتر لە سەدا پێنجی ئەو شتانەی
کە گوتت یان ئەنجامت داون کاریگەرییان هەبوبێت لە زۆربەی ئەو
سەرکەوتنانەی کە خۆشییت لێیان بینیوە. ڕەنگە پێتوابێت کە ئەوە
توانا بێهاوتاکەت بووە بۆ چارەسەرکردنی هەر جۆرە کێشەیەکی تایبەت
یان بۆ سودوەرگرتن لە جۆرە دەرفەتێک. ڕەنگە پێتوابێت کە بەهرە
تایبەتەکەت کارامەییەکی تاکە کەسی بووبێت کە وایلێکردبیت کاریگەری
لەسەر خەڵکی تر بکەیت و قایلیان بکەیت لە کات و شوێنێکی تایبەتدا.
سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکان ڕەنگە پێتوابێت کە قبوڵکردنی
بەرپرسیارێتی توانایەک بووە بۆ هێنانەدی ئامانجێکی تایبەت. هەرشتێک
هۆکاربووە بۆ سەرکەوتنت لەژیاندا تا ئەمڕۆ ڕەنگە دەرخەرێکی باش
بێت بۆ ئەو شتەی کە دەبێت لە داهاتوودا ئەنجامی بدەیت.

ژیانی کارە نمونەییەکەت بنەخشێنە

وەسفی ئەو بڕە پارەیە بکە کە حەزدەکەیت پەیدای بکەیت, ئەو جۆرە
کارەی کە حەزت لێیە ئەنجامی بدەیت, قەبارە و تایبەتمەندی ئەو
کۆمپانیایەی کە حەز دەکەیت کاری بۆ بکەیت, جۆری ئەو کەسانەی کە
پێتخۆشە کاریان لەگەڵ بکەیت, جۆری ئەو کڕیارانەی پێتخۆشە شتیان
پێبفرۆشێت و قەبارەی ئەو بەرپرسارێتی و پلەیەی کە حەزدەکەیت پێت
بدرێت. کاتێک بیر لە جۆری ئەو کارە دەکەیتەوە کە دڵخۆشت دەکات،

ڕەنگە پێتوابێت کە ئەوە بوارێکی تەواو جیاوازە بەبەراورد بەوەی ئێستا
ئەنجامی دەدەیت.
ڕێک کە وەک کارمەندێکی ژمێریار لە کۆمپانیایەکی فرۆشتنی کۆمپیوتەر
کاریدەکرد لە نیوجێرسی ئەوەی بەدیکرد کە کەسانی فرۆشیار چەندێک
پەیوەندییەکان و بڕیاردا کە خۆی کاری وەڵامدانەوەی پەیوەندییە
تەلەفونییەکان بکات. کاتێک داواکاری بۆ کارەکە پڕکردەوە، پێی وترا کە
هەر دوو کاری فرۆشتن و ژمێریاری بەتەواوی جیاوازن و ئەو کەسەی کە
کاری ژمێریاریدایە ئەگەرێکی کەمی بۆ سەرکەوتن لە فرۆشتندا هەیە.
سەرەڕای ئەوەش بەردەوام بوو لە داواکردنی دەرفەتێک بۆئەوەی
فرۆشتن تاقی بکاتەوە و لەکۆتاییدا دەرفەتێکی پێدرا بۆ جێگرتنەوەی
فرۆشیارێک کە لە پشودا بوو. کۆمپانیاکە بڕی زیاتر لە حەفدە ملیۆن
دۆلار دەفرۆشێت لە ساڵێکدا لە سۆفتوێر و پارچەکانی تری کۆمپیوتەر.
بەڵێنی لە ڕێگەی پەیوەندییە تەلەفونییەوە، ئەم ژنە زۆر باشە لە
فرۆشتندا کە هۆکاری فرۆشتنی لە سەدا پەنجای تەواوی داهاتەکانە. لە
پەیدکردنی دوو هەزار و پێنج سەد دۆلارەوە لەمانگێکدا بۆ نزیکەی نیو
ملیۆن دۆلار زیادیکرد. لە هەمووی باشتر لە تەواوی ژیانیدا هێندە دڵخۆش
نەبووە.

لزە و تولناکەت بگەیەنە بەرزترین ئاست

کارەکەت شیبکەرەوە لەسەر ئەم پێوانەیەی کە پێی دەڵێم " وزە و
تولناکەت" زیاد بکە. پێشەنگەکان خۆویستانە توانا و وزەکانیان لە
شوێنێک بەکاردەهێنن کە دەتوانن گەورەترین دەستکەوت بەدەستبهێنن

لەسەر بڕی ئەو وزە هزری، سۆزداری وجەستەییەی کە دەتوانن لە هەر هەوڵدانێکدا بەکاری بهێنن. ڕەتیدەکەنەوە کارێك یان پیشەیەك وەربگرن لەهەر بوارێکدا کە ناتوانن بەباشی ئەنجامی بدەن. وەك سەرچاوەبەکرێ بەبەها مامەڵە لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و زۆر بەورییەوە وزەکانیان بەکاردەهێنن.

یەکێك لە پرسیارەکان کە ڕەنگە بەردەوام لە خۆتی بکەیت ئەوەیە:" ئایا ئەمە باشترین و گونجاوترین بەکارهێنانی کات و وزەکەمە؟" ئایا ئەو شتەی کە لە ئێستادا ئەنجامی دەدەیت بەبەهاترین شتێکە کە دەکرێت ئەنجامی بدەیت و هەموو بەهرە و تواناکانتی پێبدەیت؟ زۆر کات وەڵامی ئەم پرسیارە یارمەتییت دەدات کە جیاوازییەکی گەورە ببینیت لەنێوان ئەو شتەی کە لەئێستادا ئەنجامی دەدەیت و ئەو شتەی کە دەبێت ئەنجامی بدەیت ئەگەر بتەوێ هێندەی تواناکەت بەدەستبهێنیت.

ئەو شتە ئەنجام بدە کە حەزت لێیە

مارشا سێنیتار چەند ساڵێك لەمەوبەر کتێبێکی پڕفرۆشی نوسی بەناوی:" ئەو شتە ئەنجام بدە کە حەزت لێیە, پارەکە خۆی دێت." زۆربەی پیاوان و ژنانی دڵخۆش و سەرکەوتوو دەڵێن کە هۆکاری سەرکەوتنەکەیان ئەوەیە کە ئەوان " ئەو شتە ئەنجامدەدەن کە حەزیان لێیە." هەرکات بە هەر هۆکارێك کەسێك دڵخۆش نەبوو, هەمیشە پرسیاریان لێدەکەم, چەندە خۆشی لە کارەکەیان دەبینن, ئایا هەمان جۆری کار هەڵدەبژێرن ئەگەر بژاردەی زیاتریان هەبێت. هەمیشە کاتێك

کەسێك زۆر خەمبارە لەژیانیدا بەتایبەتی پیاوان ئەوا بە هەر هۆکارێك بێت لەگەڵ کارەکەیان دڵخۆش نین.

ناخۆشبەختانە, ئەفسانەیەکی کۆن لە کۆمەڵگاکەماندا هەیە کە دەڵێت کار سزایەکە کە لە ماوەی پۆژدا وەریدەگریت تاکو خۆشییەکە لە شتەکانی تردا لە ئێواران و کۆتاییەکانی هەفتەدا ببینیت. زۆرێك لە خەڵکی کارەکەیان وەك سزایەك دەبینن کە ناکرێت خۆتی لێلابدەیت. هەوڵدەدەن ئەوەندە باش ئەنجامی بدەن کە پێویستە لەسەریان تاکو لە کار دەرنەکرێن بەڵام ئەوان هەرگیز بەڕاستی بیر لە شتێك ناکەنەوە کە خۆشی لێ ببینن. هەرچەندە ئەم هەڵوێستە بۆ تۆ نییە, ژیانت زۆر بەبەها و پڕبایەخە تا لە شتێکدا بەسەری ببەیت کە خۆشی لێنابینیت. هەموو خولەکێکی ژیانت دەبێت لەشتێکدا بەسەربەبەیت کە حەزت لێیە و گرنگی پێدەدەیت و دڵخۆشت دەکات.

شتە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە کە کەسانی موچە بەرز لە ئەمریکا و تەواوی جیهاندا زۆر کات ئەو کارانە دەکەن کە خۆشی زۆری لێدەبینن تەنانەت حەزیان لێ نییە لە شەویشدا بڕۆنەوە بەڵام کەسانی موچە نزم هەمیشە لەو کارانەدان کە ڕقیان لێیە و هیچ خۆشیی تیادا نابینن.

دوو پرسیار بۆ هەڵسەنگاندنی دروستی کار

ئەم دوو تاقیکردنەوەی ئاسانە بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ لە کارێکی دروستدایت یان نا:

١. ئایا بەردەوام دەبیت لەو کارە ئەگەر سەبەینێ ملیۆنێك دۆلار ببەیتەوە؟ ئەگەر یەکەم شتێك ئەنجامی بدەیت وازهێنان بێت لە

کارەکەت کاتێک پارەت هەبێت، ئەوا مانای ئەوەیە لە کارێکی دروستدانییت.

٢. ئەو شتە بەکاربهێنە کە من پێتدەڵێم: " تاقیکردنەوەی کاتژمێر." ئەو کەسانەی کە لە کارێکی هەڵەدان هەموو کات سەیری کاتژمێرەکە دەکەن. ئەوان زۆر ئاگاداری ئەوەن کە کارەکەیان کەی دەستپێدەکات و کەی کۆتای پێدێت. کەسانێک کە لە کاری دروستدان زۆر بەدەگمەن ئاگاداری کاتژێرن جگە لەوەی بزانن چەندە کاتیان ماوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە بەڕاستی حەزیان لێیە. هەرچۆن پێوانەی بکەیت، هەڵبژاردنی کارە دروستەکە بۆ خۆت گرنگە بۆ هەستێکی بەرزی خۆشی بینین لە ڕێزی خودگرتن و باوەڕ بەخۆبوون. تەنها لە کارەکەتدا نا بەڵکو لە هەموو بوارەکانی ژیانیشدا.

نایابترین ئاست پێشکەش بکە

کاتێک کار یان پیشە نموونەییەکەت هەڵبژارد بۆ ئەم قۆناغی پیشەت، گەورەترین بەرپرسیاریەتییەک ئەوەیە ئەو بڕیارە بدەیت کە زۆر باش بیت و دواتر نایاب بیت لەو شتەی کە دەیکەیت. لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژدا لەسەر ئەمریکییە سەرکەوتوەکانی ڕێکخراوی گالەپ ئەوەیان بۆ دەرکەوت" پسپۆڕی" یان لەلایەن هاوڕێکانتەوە وەک یەکێک لە باشترینەکان بناسرێیتەوە لە بوارەکەتدا، یەکێک بوو لە گرنگترین پێکهاتەکان بۆ سەرکەوتن لە ژیانی ئەمریکیەکاندا.

پێشتر ئەوەمان گوت کە باوەڕ بەخۆبوون لە زانیاری ئەرێنییەوە نێت نەک لە بیرکردنەوەی ئەرێنییەوە. تەنها ئەو کاتە دەزانیت هەڵکەوتویت لە

بۆرەکەندا کە بەڕاستی هەست بەباشی دەکەیت سەبارەت بەخۆت و خۆشی لە ئاستی بەرزی باوەڕ بەخۆبوون دەبینیت.

کەسانێک کە دەزانن باشن لەو شتەی ئەنجامی دەدەن زۆر جیاوازن لەو کەسانەی کە تەنها ئاستیان مامناوەندە. ئەوان بەجیاوازی دەگەڕێن, فسەدەکەن, جل وبەرگ دەپۆشن و هەڵسوکەوت دەکەن. هەڵوێستێکی دڵنیایی و مسۆگەریان سەبارەت بەخۆیان هەیە کە وایان لێدەکات لە هەر دەستەیەکدابن باشترین بن. لەناخی خۆیاندا هەستێکی قوڵی بەهازانینی خودی و باوەڕ بەخۆبوونیان هەیە کە بەڵگەیە بۆ هەموو کەسانی چواردەوریان.

ناببیی شایستەی فێربوونە

بەم دواییانە پیاوێکی بیست و پێنج ساڵان هات بۆ لام لەسیمینارێکدا لە شاری پیتسبێرگ. گوتی کە چوار ساڵ لەمەوبەر دەستی بەکاری کڕین و فرۆشتن کردووە. کاتێک دەستیپێکرد, هیچ ئەزموونێکی نەبوو, هیچ شتێکی سەبارەت بە چۆنێتی فرۆشتن یان سەبارەت بە بەرهەمەکەی نەدەزانی, هەروەها نەشیدەزانی ئەوە چۆن دەرفەتی سەرکەوتنی زیاد دەکات. پێی گوتم کە ڕاهێنانی سەرەکی فرۆشتن لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە بۆی ئامادەکراوە لەشێوەی بەرنامەیەکی دەنگییدا" دەرونزانی فرۆشتن." کاتێک گوێی بۆ بەرنامەکە ڕاگرت کە چۆن بەشێوازێکی پڕۆفیشناڵانە شت بفرۆشێت. هەنگاو بە هەنگاو زۆر دڵخۆش بوو سەبارەت بە فێربوون و پەرەپێدانە پڕۆفیشناڵەکەی. گوێی لە بەرنامە دەنگییەکان ڕاگرت بۆ ماوەیەکی زۆر و دواتر بەرنامەی دەنگی

زیاتری کڕی و زۆر بەپەرۆشییەوە دەستی بەخوێندنەوە کرد لە بواری فرۆشتندا.

پێی گوتم کە لە ساڵی یەکەمدا لە کڕین و فرۆشتنێکی زۆر پێشبڕکێداردا بیست و دوو هەزار دۆلاری پەیداکرد. هەرچەندە کاتێک دەستی بە خوێندنەوە کرد و گوێی بۆ بەرنامە دەنگییەکان ڕاگرت و ئامادەی سیمینارەکان بوو, باشتر و باشتر بوو. لەساڵی دووەمیدا بڕی چل و هەشت هەزار دۆلاری پەیداکرد. بەتەواوی خۆی بۆ فێربوونی بەردەوام تەرخانکرد و لە ساڵی سێیەمیدا بڕی نەوەد و چوار هەزار دۆلاری پەیداکرد. لە ساڵی چوارەمیدا زیاتر لە سەد و حەفتاد و پێنج هەزار دۆلاری پەیداکرد, هەمان بەرهەمی دەفرۆشت لە هەمان بازاڕی کڕین و فرۆشتنی پێشبڕکێداردا بە هەمان کڕیارەکان, هەمان نرخەکان و لە هەمان دۆخە ئابوورییەکاندا و بە ئوتۆمبیلە مارسیدزە نوێیەکەی دەڕۆشت بۆ سیمینارەکان. هەموو کەس ناتوانێت ئەنجامێکی دڵرلیی نائاسایی هەبێت بەڵام گرنگترین شتێک سەبارەت بەم فرۆشیارە گەنجە ئەوە بوو کە هەستی باوەڕ بەخۆبوون و شانازیی کەسی هەبوو کە زۆر بەئاشکرا هەستی پێدەکرا. بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی و ڕێزی خودگرتنی زۆر سەبارەت بەخۆی هەبوو. ئەو کەسانەی کە لە چوارەوری بوون سەرسامبوون پێی و ڕێزیان دەگرت. وەک کەسێکی نمونەیی سەیر دەکرا, تاکو کەسانی تر چاوی لێبکەن و ببن بە کەسێکی وەک ئەو ئەگەر کاری زۆر لەسەر خۆیان و پیشەکانیان بکەن.

ئەمە دەمانهێنێت بۆ بنەمایەکی هزری زۆر گرنگ پێی دەڵێن:" یاسای کەڵەکەکردن." بەکارهێنانی ئەم یاسایە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن لە هەموو بوارەکاندا بە بوارەکەی خۆشتەوە. ئەم یاسایە دەڵێت هەموو یاسایەکی مەزن یان کارێکی مەزن کەڵەکەکردنی سەدان و ڕەنگە هەزاران کۆششی بێت کە نایان بینیت یان بەهایان نازانیت. سەرکەوتنی گەورە دەرئەنجامی چەندین کاتژێری نەژمێردراو و ڕەنگە چەندین مانگ و ساڵی ئامادەکردنی کاری سەخت بێت بەرەو ئامانجی نایاب بوون لەو شتەی ئەنجامی دەدەیت.

ئەم یاسای کەڵەکەکردنە دەڵێت ژیان بەڕادەیەکی زۆر وەك بودجەی گشتییە: دەستمایەکان و قەرزەکان. هەرکاتێك شتێکی ئەرێنی دەکەیت بۆ زیادکردنی تواناکانت و بەرەوپێشچونی ژیانت دەستمایەکەت دەچێتە سەر دەفتەری حساباتەکەت. هەرکاتێکیش کاتەکەت بەفیڕۆ دەدەیت یان دەرفەتێك پشتگوێدەخەیت تاکو فێربیت و بەرەوپێش بچیت, قەرزێك دەچێتە سەر بەشی حساباتەکەت, بەشی قەرزەکان.

ئەمە کلیلەکەیە, هەموو شتێك هەژمار دەکرێت. هەرشتێك کە ئەنجامی دەدەیت یان شکست دەهێنیت و سەرکەوتوو نابیت تیایدا لەسەر حساباتی بودجە گشتییەکەت هەژمار دەکرێت. هەرشتێك کە ئەنجامی دەدەیت یان سەرکەوتوو نابیت لە ئەنجامدانیدا بە چەند ڕێگەیەك هەژمار دەکرێت. هیچ شتێك نییە کە هەژمار نەکرێت.

هەمو شتێك یان دەتبات بەرەو ژیانێکی باشتر یان بەپێچەوانەوە. کەسێکی باوەڕ بەخۆبووی دڵخۆشی سەرکەوتوو کەسێکە کە بەئاگایانە و

خۆویستانە دەستمایەیەکی زۆر زۆری بنیادناوە لەسەر حسابانی بوجەی گشتییەکەی.

کەسێکی باوەڕ بەخۆنەبوو کەسێکە کە قەرزێکی زۆر لەسەر حسابانەکەی هەیە لەبەرئەوەی ئەو شتانەی کە هەژماردەکرێن کردارەکانتن. وا لیرە کە هەر کردارێکی ئەرێنی یان سوودبەخش کە بەشداری تیادا دەکەیت ئاستی باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزگرتنی خودییت زیاد دەکات.

یاسای باشبوونی لەسەرخۆ

ڕەنگە گرنگترین ئەنجامی یاسای کەڵەکەکردن ئەو شتە بێت کە پێی دەڵێن یاسای باشبوونی لەسەرخۆ. ئەمە بەڕاستی ئەو یاسایەیە کە ڕوونیدەکاتەوە چۆن لە هەر شوێنێك کە هەیت دەچیتە لوتکەی بوارەکەت. ئەمە ئەو یاسایەیە کە هەموو سەرکەوتنە گەورەکان لە ئەمریکا یان هەر جێگایەکی تر لە جیهاندا ڕووندەکاتەوە.

ئەم یاسایە زۆر بەسادەیی دەڵێت کە کەسێك لە بوارەکەیدا باشدەبێت بە باشبوونی لەسەرخۆ و بەردەوام و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ. هاورێکەم داریەن هاردی لە یەکێك لە کتێبەکانیدا ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن هەرشتێکی ئەرێنییانە کە ئەنجامی دەدەیت لەژیاندا سودی دەبێت و زیاد دەکات وە لەگەڵ هێز و توانادا گەورە دەبێت بە چەند ساڵ و مانگێك. وەك ئەنیشتاین دەڵێت: " سودی پێکهاتە بەهێزترین هێزە لە گەردوندا. "

لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە باشی لێهاتوویی کە ئاماژەی پێدراوە لە گۆڤاری دەروونزانی ئەمرۆدا. لێکۆڵەرەوەکان لە ئەنجامدا ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە لێهاتوویی لە توانایەک پێکدێت بۆ ناسینەوەی کۆمەڵێک شێوازی گەورە لە دۆخێکدا. لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێیدەڵێن:" ئاستی بەرزی بیرکردنەوە و ناسینەوەی شێوازەکان."

بیرکردنەوە و ناسینەوەی شێوازەکان پێناسەکراوە وەک توانایەک بۆ ناسینەوەی شێوازەکان لە دۆخێکدا, بەڕاستی پێشبینیکردنی ئەو شتەی کە ئەگەری ڕوودانی زۆرە وە باشترین کارێک بکەیت لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی پێشووتر لە هەمان دۆخەکاندا.

بۆ نموونە کەسێکی فرۆشیار ئاستێکی بەرزی باوەڕ بەخۆبوون و توانایەک بەدەستدەهێنێت لە بارودۆخی فرۆشتندا بەخوێندن لە بواری پیشەکەیدا و بەشداریکردن لە ژمارەیەکی زۆر لە ئەزموونی فرۆشتندا. تواناکەی بەرەوپێشبردووە بۆ ئاوێتەکردنی زانیاری و ئەزموون بۆ ناسینەوەی شێوازێکی تایبەت لە دۆخێکی فروشتندا لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی پێشووتر کە هاوشێوەی ئەمە بوون.

کەسی بازرگانی زۆر باش کەسێکە کە هەمان ئەم توانای ناسینەوەی شێوازەکانی بەرەوپێش بردووە کاتێک کە دووبارە ڕوودەداتەوە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی پێشتر. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوازێکی کاریگەر وەڵام دەدەیتەوە بە ئەنجامدان و گوتنی شتە ڕاستییەکان بۆ تەواوکردنی مامەڵە بازرگانییەکە بەسەرکەوتوویی یان بڕیاردانی وەبەرهێنانە دروستەکە.

باریزانە سەرکەوتووەکانی شەترەنج

لیکۆڵەرەوەکان بۆیان دەرکەوت کە یاریزانێکی سەرکەوتوو لە یاری شەترەنجدا، توانی ژمارەیەکی زۆر کە سەد هەزار جۆری جیاواز لەسەر تەختەی شەترەنجەکە بناسێتەوە و ستراتیژییەکی پەرەپێدا بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ هەر یەکێکیان بکات. پاڵەوانێکی نەتەوەیی یاری شەترەنج لە توانایدا بوو پەنجا هەزار شێواز یان زیاتر بەکاربهێنێت.

دەرئەنجامی کۆتاییان ئەوە بوو کە چەند هەزار کاتژێر لە لێکۆڵینەوە و ڕاهێنان دەخایەنێت بۆ بەدەستهێنان و ئەنجامدانی هەر پیشەیەك یان کارێکی قورس لە ئاستێکی نایابدا. هەرچەندە کەسانێك هەن کە توانایەکی سروشتی گەورەیان هەیە, کەسانێك کە لە ماوەیەکی کورتدا سەرکەوتوو دەبن, زۆر دەگمەنن.

ماڵکۆم گلادوێڵ لە کتێبە پڕ فرۆشەکەیدا بەناوی " نمونەییەکان" لە ساڵی ۲۰۱۱ دا. لێکۆڵینەوە چڕەکەی باسکردووە کە دەریدەخات زۆربەی کات چەند ساڵێك دەخایەنێت بۆ کەسێك تا ببێت بە کەسێکی نایاب لە بوارەکەیدا. بەگوێرەی گلادوێڵ لێهاتوویی لە هەر بوارێکدا پێویستی بە دە هەزار کاتژێر یان حەوت ساڵ لە کاری سەخت یان پێویستی بە هەردووکیان دەبێت.

زۆربەی خەڵکی تەنها دوای چل یان پەنجا ساڵی ساماندار دەبن, ئەگەر هەر بەدەستیشی بهێنن پێویستیان بە چەند ساڵێك لە کاری سەخت، فێربوونی بەردەوام و ئەزموون دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی توانای شێوازەکان بەفراوانی تاکو بتوانن دەرفەتەکان بناسنەوە و سوودیان

لێوەر بگرن تاکو ئەو کاتەی بۆیان پێشدێت. هەڵەی زۆر دەکەن" دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و هەنگاوێك بۆ دواوە."

بنەمای باوەڕ بەخۆبوون

یاسای باشبوونی لەسەرخۆ کلیلەکەتە بۆ داهاتوویەکی بێسنوری سەرکەوتن, سامان و باوەڕ بەخۆبوون. گرنگ نییە لە کوێوە دەستپێدەکەیت. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە بۆ کوێ دەڕوێیت. وەك سیودۆر ڕووزڤێڵت دەڵێت:" ئەو شتە بکە کە دەتوانی بیکەیت بەو شتەی کە هەتە, لەو شوێنەی کە تیایدایت."

بە جێبەجێکردنی یاسای باشبوونی لەسەرخۆ بۆ خۆت و کارەکەت دەتوانیت بەرەوپێشە بڕۆیت بۆ گەشتن بەو کەسانەی کە ئاستیان زۆر باشە لە بوارەکەتدا. ئەگەر ئەو شتە دەکەیت کە حەزت لێیە ئەنجامی بدەیت و بەدڵەوە ئەنجامی دەدەیت بە بەشداربوون لە باشبوونی پڕۆفیشناڵانە و کەسی بەردەوامدا, دەتوانیت بەخێرایییەکی زۆر باشبیت کە سەرسامت دەکات.

گوێبیستی یاسای٨٠/٢٠ بویت کە دەڵێت لە سەدا هەشتای داهاتەکە دەڕوات بۆ لە سەدا بیستی خەڵکی و ئامانجەکە. ئەگەر لەو لە سەدا ٢٠ دا نییت, دەبێت بچیتە لە سەدا بیستی لوتکەی بوارەکەت. ئەگەر لە لوتکەی لە سەدا بیستەکەدایت, کارت ئەوەیە بچیتە لە سەدا دە ی لوتکە دواتر لە سەدا پێنجی لوتکە, دواتر لە سەدا چوار و هتد.

ئامانجەکەت دەبێت ئەوە بێت کە ببیت بە " باشترین." ئامانجەکەت ئەوەیە کە وەك کەسێکی هەڵکەوتوو بناسرێیتەوە لە بوارەکەتدا لەلایەن

کەسانی چواردەورتەوە. ئامانجەکەت پێویستە ئەوە بێت کە هەرشتێك پێویست بێت بیکەیت بە سەر هەر ڕێگەیەکدا زاڵ بیت و هەر هەوڵدانێك پێویست بێت بیکەیت تاکو ببیت بە کەسێکی نایاب لە بواره هەڵبژێردراوەکەتدا. لە یەك خولەکدا نیشانت دەدەم چۆن؟

ڕۆشتن بەرەو لوتکە

کێشەیەکی بچوك هەیە کە پێویستە چارەسەری بکەیت بەرلەوەی ببیت بە یەکێك لە باشترینەکان لە بوارەکەتدا. پێشتر لەم کتێبەدا گوتم کە زۆربەمان لەگەڵ هەستی خۆبەکەمزانین و نەبوونی توانای پێویست گەورە دەبین. لەبەر ئەم ڕێزی خودنەگرتنە و خۆمان پێ گرنگ نەبوون زۆرێکمان تەنانەت بیر لەوەش ناکەینەوە کە ببین بە کەسێکی نایاب لە کارەکەماندا. تەنانەت هەرگیز بۆمان ڕوونادات کە توانامان هەیە بۆ فێربوونی هەرشتێك کە پێویستمانە تا فێربین بتوانین کارێکی دەرکەوتوو ئەنجام بدەین لە هەرشتێك کە بیری لێدەکەینەوە.

ڕاستییەکە ئەوەیە: ئەگەر بەگشتی قسە بکەین, لەتواناتدایە نایاب بیت لە هەرشتێکدا کە بەڕاستی بۆت گرنگە. ئەگەر هەر کەسێکی تر ئاستێکی بەرزی توانای لە بوارەکەیدا بەدەستهێنابێت, ئەوا تۆش دەتوانیت بەدەستی بهێنیت. هەموو ئەو شتەی کە پێویستە ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە هەمان شت بۆ چەند جارێك ئەنجامبدەیت, زوو یان درەنگ هەمان شتت دەستدەکەوێت کە ئەوان بەدەستیان هێناوە. ئەمە یاسای هۆ و ئەنجامە کە بەردەوامە کاتێك ئەم یاسایە جێبەجێدەکەیت پێکەوە

لەگەڵ یاسای باشبوونی لەسەرخۆ، دەتوانیت لەو شوێنەی کە هەیت بڕوێیت بۆ ئەو شوێنەی کە دەتەوێت لێی بیت.

کلیلی لێهاتوویی‌یەکانت بناسەرەوە

وەک چۆن هەڵبژاردنی کار یان پیشە دروستەکە پێویستی بە خود شیکاری و خود ئاگایی دەبێت. ڕۆشتن بەرەو لوتکەی بواڕەکەشت پێویستی بەم کارەی ئێستات دەبێت و پێویستە بیکەیت بە چەند بەشێکەوە کە پێیدەڵێن ئەرکە سەرەکییەکانی یان توانا سەرەکییەکانی. لە هەموو کارێک و کۆمپانیایەکدا بۆ ئەو بابەتە چەند کارامەییەکی سەرەکی کەم هەن پێنج بۆ حەوت دانە دەبن کە شکست یان سەرکەوتنی ئەو کەسە دەردەخەن.

هەرکاتێک کەسێک لە کارەکەی یان پیشەکەیدا کێشەی هەبوو لەبەرئەوەیە کە لە یەکێک یان زیاتر لە بەشە سەرەکییەکان یان کارامەییە بنەڕەتییەکاندا لاوازە. کاتێک کەسێک سەرکەوتووە، ئەوە دەردەکەوێت کە لە هەموو کارامەییە سەرەکییەکاندا بەهێزە کە بۆ سەرکەوتن لەو کارەدا پێویستن. ئەمە دۆزینەوەیەکی سەرەکییە. لاوازترین کارامەیی گرنگ ڕێژەی بەرزی سەرکەوتنەکەت لەکارەکەتدا دیاریدەکات. دەکرێت لە شەش دانەیاندا نایاب بیت بەڵام لاوازییت لە حەوتەم دانەیاندا دەتوانێت بۆماوەی چەند ساڵێک بتگێڕێتە دواوە.

ئاستی کارامەییەکانت شیبکەرەوە

یەکەم کارت ئەوەیە کە کارەکەت دابەش بکەیت بۆ بەشە سەرەکییەکان، کارامەییە بنەڕەتییەکان و دواتر ڕاستگۆییانە ئاستی تواناکەت لە هەر یەکێکیاندا شیبکەرەوە بە پێدانی نمرە لە یەک بۆ دە.

بۆ نمونە ئەگەر لە کاری فرۆشتندایت، کارامەییە سەرەکییەکان ڕەنگ گەڕان بێت بەشوێن شتە بەبەهاکاندا، دروستکردنی پەیوەندی ناسینەوەی کێشەکان، خستنەڕووی چارەسەرەکان، وەڵامدانەوەی ڕەخنە و ناڕەزایی، داخستنی شوێنەکە، وەرگرتن و فرۆشتنی شتومەکەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم لەڕێگەی کڕیارە ڕازیبوەکانەوە. لاوازییەک لە یەکێک لە بوارەکاندا دەکرێت ڕێگربێت لە سەرکەوتن و داهاتەکەت.

ئەگەر لەکاری بازرگانیدایت، بوارە سەرەکییەکەت دەکرێت ڕابەرایەتیکردن، کارگێڕیکردن، پلانی ستراتیژیی، بەبازاڕکردن و فرۆشتن، ستاف یان نوێنەرایەتیکردن، بەشی کۆنترۆڵی دارایی، بەڕێوەبردن، بەرهەمهێنان و کوالێتی کۆنترۆڵ بێت. هەر حاڵەتێک ڕەنگە کەمێک جیاوازبێت بەڵام هەمان چەمک دەیگرێتەوە. سەرکەوتن بە شیکردنەوەی تاکە تاکەی ئاستی تواناکەت و دروستکردنی پلان بێت تاکو لە هەر بوارێکدا زۆر باش بیت.

جێبەجێکردنی خۆویستانە

یەکێک لە گرنگترین دۆزینەوەکان لە ئاستی کەسی و سەرکەوتنی کاردا، جیاوازی کۆلڤین لە یەکیک لە کتێبە بەناوبانگەکانیدا دەریدەخات کە

ڕۆژەی خەڵکی کارەکانیان بە هەندێك کارامەیی کڕین و فرۆشتنی بنەمەکی سنوردار دەستپێدەکەن و دواتر لەوێوە پەرەی پێدەدەن. و دەردەکەوێت ئەو جێبەجێکارانەی کە گەشتنە لوتکە لەکارەکانیاندا بەزەیی خوبی ناسینەوەی گرنگترین کارامەییان پەرەپێداوە. دەیانتوانی لە قۆناغی کارەکەیان پەرەی پێبدەن. دواتر خۆیان تەرخان بکەن بۆ پەرەپێشچوونی ئەو کارامەییە, کارامەییەك لە یەك کاتدا.

کاتێك کارامەییەکی سەرەکییان پەرەپێدا, دواتر ئەو کارامەییە دەناسنەوە کە دەکرێت یارمەتییان بدات تاکو زیاتر بەرەوپێشبچن. ئەوەی قۆناغی کارەکەیان پێکدێت لە باشبوون لە هەر یەکێك لە کارامەییە بنچینەییەکاندا هەرییەك لەکاتێکدا هەتاکو" کاریگەرییە ئاڕێتەکە دەست بەسەر هەموویاندا دەگرێت و بەخێرای دەچنە لوتکەی کارەکانیان."

ناسینەوەی کارامەییە سەرەکییەکەت

ڕاهێنانێکی باش ئەوەیە کە لەخۆت بپرسیت:" کارامەیی سنوردار چییە؟ ئەو شتە چییە کە دەیکەم یان نایکەم, ئەوە دیاریکردنی ئەو خێراییەیە کە تیایدا سەردەکەوم و لە کارەکەمدا بەرەوپێشدەچم؟"

کۆمپی پێشکەشکردن یان تەگەرە لەکاردا چییە؟ چی شتێك ڕێگریت لێدەکات یان دەتگێڕێتە دواوە بۆ گەشتن بەو شوێنەی کە دەتەوێت لێی بیت؟ هەندێك کات تەرخان بکەیت بۆ بەرەوپێشبردنی یەك کارامەیی سنوردار, تەواوی کارەکەت دەخاتە سەر خێراترین ڕێگای سەرکەوتن.

لە یەکێك لە سیمینارەکاندا بەڕێوەبەرێك پرسیاری لێکردم کە بۆچی بەبەردەوامی باسی پلە بەرزکردنەوەی نەکراوە لە کۆمپانیا ئەندازیارییەکەدا هەرچەندە سەرۆکەکەی دانی پیادانا کە کارێکی نایابی کردووە؟ پرسیارم لێکرد سەبارەت بە خەسڵەت و چالاکییەکانی ئەو ئەندازیارانەی کە بەرزترین موچەیان لە کۆمپانیاکەدا هەبوو.

وادەردەکەوێ ئەوان لەگەڵ ژمێریارەکان، تەلارسازەکان و ژمارەیەکی زۆرتری کەسی پڕۆفیشناڵدا بوون. توانایان هەبوو بۆ پێشکەشکردنی پریزێنتەیشن بە کڕیارەکان و فرۆشتن پێیان لەسەر بنەمای پێدانی کار بە کۆمپانیاکەیان.

پێی گوتم کە لە قسەکردن بۆ خەڵکی و لە هەر جۆرێکی فرۆشتنیش زۆر دەترسێت. پێم گوت ئەگەر دەتەوێت لە کۆمپانیاکەدا پلەت بەرزبکرێتەوە پێویستە کۆرسێکی وتاردان وەربگریت بۆ زاڵبوون بەسەر ترسەکانتدا و کار بۆ کۆمپانیاکە بگێڕیتەوە.

ساڵێك دواتر، سیمینارێکی تری بەڕێوەبردنم پێشکەشدەکرد کە تیایدا ئامادەبوو. ئاموژگارییەکەمی بەهەند وەرگرت. پەیوەندی بە کۆست ماستەرزەوە کرد و کۆرسێکی دیل کارنگی وەرگرت، بوو بە وتەبێژێکی بەناوبانگ و پاراو بۆ کۆمپانیاکەی و دووجاریش پلەکەی بەرزکرابوەوە. داهاتەکەی لە سەدا چل زیادیکرد و یەکێك بوو لە ڕێزدارترین کەسەکان لە کۆمپانیاکەیدا. تەواوی ژیانی و پیشەکەی گۆڕا بە بەرەوپێشبردنی کارامەییەکی بنەڕەتی.

هەموو لێهاتووییەکان شایستەی فێربوونن

هەرکات پێناسەی کارە نمونەییەکەت کرد و دابەشت کرد بۆ بەشە سەرەکییەکانی یان کارامەییە سەرەکییەکانی و پلانت دانا تاکو زۆر باش بیت لە هەر بەشێکی کارەکەتدا, دواتر کلیلی کۆتاییت بۆ هاندانی خودییت و هەستی گەورەبوون ئەوەیە خۆت تەرخانبکەیت بۆ بەرەوپێشچوونی کۆتایی نەهاتووی بەردەوام. هەر ئێستا بڕیارێك بدە بۆ خۆتەرخانکردن بۆ پڕۆسەیەکی هەتایی بەرەوپێشبردنی پسپۆڕییەکەت و کەسی خۆت.

ئەمانە سێ یاسای سادەن کە ژیانت دەگۆڕن:

١. لە سەدا سێی داهاتەکەت لە خۆتدا بەرهەم بهێنەرەوە. لە سەدا سێی ئەوەی پەیدای دەکەیت لە بەرەوپێشبردن و لێکۆڵینەوەی کەسییدا بەکاربهێنە. لە باشکردنی کارامەیی و تواناکانتدا تا ئەوەی باشتربیت لە ئەنجامدانی گرنگترین ئەو کارانەی کە پێویستە تیایاندا باش بیت. ئەگەر لە سەدا سێی داهاتەکەت لە خۆتدا بەرهەم بهێنیت هەرگیز پێویست ناکات چیتر سەبارەت بە پارە نیگەران بیت.

٢. بۆماوەی کاتژێرێك یان زیاتر ڕۆژانە لە بوارەکەتدا بخوێنەرەوە, شتە گرنگەکان دیاری بکە و تێبینی گرنگ بنوسە کە بتوانی بەشێوەیەکی بەردەوام و ئاسایی پێیدا بچیتەوە.

٣. تەکنیکێی سادە ئەوەیە بخوێنیتەوە, بە پاندانی سوود هێڵی بەژێردا بهێنیت, دواتر پێیدا بچیتەوە و هەموو ئەو خاڵە گرنگانە بخەیتە سەر دەفتەرێکی بەتاڵی تێبینی. دەتوانی خاڵە گرنگەکان بنوسیتەوە و

تایبیان بکەیت بۆ خۆت یان دەتوانیت بەرنامەی ڕێنوس بەکاربهێنیت کە دەنگەکەت دەگوازێتەوە و ڕێگە دەدات کە هەموو خاڵە گرنگەکان چاپ بکەیت.

دواتر کورتکراوەی گرنگترین بیرۆکەکانی ناو کتێبەکانت لە بەردەستدا دەبێت. کاتێك پیایاندا دەچیتەوە دە خولەك یان زیاتر پێنج یان شەش جار دەخایەنێت، زۆربەی خاڵە گرنگەکان لەبەردەکەیت. ئەم شێوازە لەلایەن زۆربەی کەسە سەرکەوتووەکانەوە لە ئەمریکا بەکاردێت.

٣. گوێ بۆ بەرنامە دەنگییەکان ڕابگرە لە سەیارەکەتدا. موبایلی ناو سەیارەکەت بگۆڕە بە موبایلی ناو پوڵ. لەڕێگای چوون بۆ زانکۆ هەرگیز ئوتۆمبیلەکەت بەبێ ئیشپێکردنی بەرنامە پەروەردەییەکان لێمەخوڕە. بەگوێرەی دەزگای لێخوڕینی ئوتۆمبیل لە ئەمریکادا. سایەقێکی ئاسایی لەنێوان پێنج سەد بۆ هەزار کاتژێر لە سەیارەکەیدا بەسەردەبات بۆ هەر ساڵێك. ئەگەر ئەم کاتی لێخوڕینە بگۆڕیت بە کاتی فێربوون دەتوانیت ببیت بە یەکێك لە پۆشنبیرترین کەسانی سەردەمەکەت.

بەبەهاترین سەرمایەی داراییت

تواناکەت بۆ پەیداکردنی پارە بە بەکارهێنانی زانیاری و کارامەییەکەت گرنگترین سەرچاوەی پارەیە لەژیانتدا, پێیدەوترێت: " توانای پەیداکردن. " هەموو توانا و کارامەییەکەت بەکاردەهێنیت لە ئەنجامدانی کارێکدا. توانای پەیداکردنت توانای دەستخستنی ئەنجامەکانە کە کەسێك پارەت پێدەدات بۆی. ئەم توانایە دەرخەری ڕێژەی لە سەدا هەشتا بۆ نەوەدی تەواوی سەرمایەکەتە.

توانای پەیداکردن سەرمایەیەکی بەنرخە، هەموو مانگ و ساڵێك بەبەهاتر دەبێت بان سەرمایەیەکی بێنرخە هەموو مانگ و ساڵێك بەهاکەی لەدەستدەدات بە هۆکاری شکستێك کە ناتوانی بەبەردەوامی کارامەییەکانت پەرەپێبدەیت.

یەکێك لە زیرەکانەترین خەرجییەکان کە دەتوانیت بیکەیت ئەوەیە پارە لە" توانای پەیداکردنتدا" بەرهەم بهێنیت تاکو باشتربیت لەو شتەی کە تیایدا زۆرترین پارەت پێدەدرێت. ئەم بەرهەمهێنانە بەردەوامە لە خۆتدا دەتکات بە سایەقی ژیانی خۆت. دڵنیات دەکاتەوە لە سەرکەوتنی گەورەتر و باوەڕ بەخۆبوون لە هەموو پۆژێکی ژیانت و بە یاسای کۆششی ناڕاستەوخۆ، خۆتەرخانکردنێك بۆ خۆت ڕێزی خودی و شانازی کەسییت بۆ بەدەستدەخات کە ئارەزوویان دەکەیت. لەئەنجامدا توانا و لێهاتوویی بەدەستدەهێنیت لە بوارەکەتدا کە کار بە باوەڕ بەخۆبوونەکەت دەکات و دەتکات بە کەسێکی نەوەستێنراو.

هیچ سنورێك نییە بۆ ئەو شتەی کە دەتوانی بەدەستی بهێنیت ئەگەر ئاڕاستەکە دەزانیت. ئەوەی کە پیایدا دەڕۆیت و ئامادەیت هەموو کۆششێك بکەیت تاکو ببیت بە کەسێکی نایاب لەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت.

ڕاهێنانە کردارییەکان:

١. ئەمڕۆ بڕیارێك بدە تاکو نایاب بیت لەو شتەی کە دەیکەیت، وەك ئامانجێك دایبنێ، پلانێك دابنێ و هەموو پۆژێك کاری لەسەر بکە.

٢. ئەو کارانە یان بەشەکانی کارەکەت بدۆزەرەوە کە زۆرت حەز لێیە، ڕێگایەك بدۆزەرەوە تا کاری زیاتر لەو جۆرە ئەنجام بدەیت.

٣. ئەو کارانە بدۆزەرەوە لە پیشەکەتدا کە ئاسان بوون بۆ فێربوون و ئاسانیشن بۆ ئەنجامدان. بۆ ڕێگای جیاواز بگەڕێ تاکو نۆربەی کات لەو کارانە ئەنجام بدەیت.

٤. بواڕە سەرەکییەکانی کارەکەت بدۆزەرەوە. لە هەر یەکێکیاندا نمرە بەخۆت بدە لە یەک بۆ دە. لەبیرت بێت کە لاوازترین خاڵی سەرەکی لێهاتوویی‌یەکەت بەرزترین ڕادەی سەرکەوتنت دیاریدەکات.

٥. ئەو لێهاتوویی‌یە بدۆزەرەوە کە ئەگەر نایاب بویتایە تیایدا، بەردەوام گەورەترین کاریگەری ئەرێنی لەسەر پیشەکەت دەبوو.

٦. پلانێکی فێربوونی بەردەوام گەشە پێبدە بۆ خۆت و خۆشت تەرخانبکە تا باشتر و باشتربیت لەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت.

٧. گرنگترین ئەنجامەکان دەستنیشان بکە کە پارەت پێدراوە بۆیان و بڕیاربدە کە زیاتر بەدەستبهێنیت و هەموو ڕۆژێک باشتربیت تیایاندا.

بەشی چوارەم
یاری ناوەوەی باوەڕ بەخۆبوون

"باوەڕ بەخۆبوون لە خۆوە دروست نابێت. دەرئەنجامی چەندین کاتژمێر، ڕۆژ، هەفتە و ساڵی کاری بەردەوام و خۆتەرخانکردنە."

(ڕۆجێر ستۆباك)

ئەرستۆ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی ڕەوشتەکانی نیکوماکیان دەڵێت کە ئامانجی هاوبەشی مرۆڤەکان ئەوەیە کە دڵخۆشبن، هەرچەندە هەر کەسە و بەجۆرێك پێناسەی دڵخۆشبوون دەکات. شتێك کە دەیزانین ئەوەیە تا هەست بکەین باشترین و زیاتر باوەڕەمان بەخۆمانە ئەوا دڵخۆشتر دەبین و زیاتر چالاکتر دەبین لە هەر شتێکدا کە ئەنجامی دەدەین. هەرچەندە باوەڕ بەخۆبوون دۆخێکی هزرییە لەسەر بنەمانی شێوازی بۆچوونەکانت. بۆچوون یان باوەڕ وات لێدەکات کە لە دۆخی نادڵنیاییدا بوێرانە ڕەفتار بکەیت. باوەڕ بەخۆبوون وات لێدەکات بەهێمنی و دەروونێکی ئارامەوە ڕوبەڕووی گۆڕانەکان، سەختییەکان و کۆسپە پێشبینینەکراوەکان ببیتەوە. وا دەکەیت چالاکانە کاردانەوەت لە هەر دۆخێکدا هەبێت.

یاسای باوەڕ

یاسای باوەڕ کورتەیەکی گرنگی یاسای هۆ و ئەنجامە کە دەڵێت:" باوەڕەکانت دەبن بە ڕاستییەکانت." باوەڕ بەو شتە ناکەیت کە دەیبینیت, ئەو شتە دەبینیت کە باوەڕت پێیەتی. ویلیام جەیمس ل زانکۆی هارڤارد دەڵێت:" باوەڕ, ڕاستییە تەواوەکە دروستدەکات." لە ئینجیلدا دەڵێت:" بەگوێرەی باوەڕەکەت ئەو شتە بۆت ڕوودەدات کە باوەڕت پێیەتی. ئەگەر تەواو بەبەهێزی و باوەڕ بەخۆبوونەوە باوەڕت هەبێت جیهانی دەرەوەت بە شێوازێك هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ ئەم باوەڕانەدا بگونجێت. لەڕاستییدا جیهانی ئەمڕۆت وێنەیەکی دەرەوەی باوەڕ بەخۆبوونە شاراوەکانتن. لەسەر بنەمای باوەڕەکانی ناوەوەت لەجیهانی دەرەوتدا هەڵسوکەوت دەکەیت. جیهانی چواردەورت دەبینیت لەسەر بنەمای باوەڕەکانت سەبارەت بە ڕاستیی بەبێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ ڕاستن.

چۆن دەتوانیت باوەڕە ڕاستییەکانت دیاری بکەیت؟ ئاسانە دەتوانیت کە بڵێیت بەڕاستی باوەڕت بە چی هەیە بە تێبینیکردنی ئەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەیت و ئەو شتانەی ئەنجامیان نادەیت. دەتوانیت بڵێیت باوەڕت بە چی هەیە بە گوێگرتن لە بۆچوونەکانت, گفتوگۆکانت و تێبینیکردنی بڕیارەکانت. کاتێك بەڕاستی باوەڕت بەخۆت هەیە ببیت بە مرۆڤێکی سەرکەوتوو خاوەنی چەندین توانای دەرکەوتوو بیت, پیاسە دەکەیت, قسەدەکەیت و بەو شێوەیە ڕەفتاردەکەیت و باوەڕە ناوەکییەکانت دەبنە ژیانی ڕاستییت, وەك ئینجیل دەڵێت:" هەرشتێك باوەڕت پێی هەبێت, ئەوا شیاوی ئەنجامدانە."

هێزی باوەڕ

چیرۆکێك هەیە سەبارەت بە پیاوێك کە ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر بازرگانییەکەی لە کێشەیەکی سەختدا بوو, هەندێك پشکی گەورەی لەدەستدا و لە قەرزێکی زۆردا بوو. خاوەن قەرزەکان لێی نزیك دەبونەوە, نەیدەزانی کە دەبێت بەردەوام بێت لە هەوڵدان یاخود مایەپوچبوونەکەی ڕابگەیەنێت و واز لە کارەکەی بهێنێت.

ئەو ئێوارەیە بڕیاریدا بڕوات بۆ پیاسەکردن لە پارکێکدا تا بیربکاتەوە و بڕیاربدات کە چی بکات. لە پارکەکەدا لەسەر پردێکی بچوك ڕاوەستابوو سەیری ئاوەکەی دەکرد. کاتێك پیاوێکی پیر لە تاریکیدا بەدەرکەوت. بە بینینی ڕوخسارە دڵتەنگەکەی, پیاوە پیرەکە ڕاوەستا و داوایکرد بزانێت کە چی بووە.

بە هەندێك هۆکار پیاوە بازرگانەکە هەموو شتێکی سەبارەت بە کێشە دارایەکانی و بازرگانییەکەی پێگوت کە چەندە نزیك بوو لەوەی مایەپوچ ببێت. هەرچەندە کارێکی باشبوو, داهاتوویەکی شیاوی باشی هەبوو پیاوە پیرەکە بەگرنگیپێدانەوە گوێی بۆ ڕاگرت و دواتر گوتی:" پێموابێت دەتوانم هاوکاریبیت بکەم."

دەفتەرێکی چەکی بانکی لە گیرفانی دەرهێنا, پرسیاری ماوەکەی لێکرد و چەکێکی بۆ نوسی و خستیە دەستیەوە و گوتی:" ئەم پارە ببە, کتومت ساڵێکی تر لەم سات و جێگایە بمبینەوە و پارەکەم بدەرەوە."

دواتر پیاوە پیرەکە ڕووی وەرگێڕا و دیارنەما.

چەکە پێنج سەد هەزار دۆلارییەکە

کانێك پیاوە بازرگانەکە گەڕایەوە بۆ نوسینگەکەی، چەکەکەی کردەوە و بینی کە بڕی پێنج سەد هەزار دۆلاری تێدا نوسراوە. پێی وابوو کە تەنها گاڵتەیەك بوو تاکو ئیمزاکەی خوێندەوە. ئیمزای "جۆن دڵبس ڕۆکفێلەر" ی لەسەر بوو. چەکێکی بەبڕی نیو ملیۆن دۆلار لە دەوڵەمەندترین پیاوی جیهانەوە وەرگرتووە. کۆمپانیای ستانداردی نەوت دامەزراند بوو، کەسێکی زۆر ناسراو بوو بۆ بەخشینی پارە بە کەسانی تر.

لە سەرەتادا پێی وابوو چەکەکەی دەکات بە کاش و هەموو کێشە دارایەکانی چارەسەردەکات بەڵام دواتر بڕیاریدا کە لەجیاتی ئەوە چەکەکە لە قاسەکەیدا دابنێت، دەیزانی لە هەر کاتێکدابێت پێویستی پێی دەبێت و پشتی پێدەبەستێت. ئەم زانیارییە کە هەبوونی بڕێك پارەیە بەکاردەهێنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن قەرزەکانی بەباوەڕ بەخۆبوونی زیاترەوە و بۆ گێڕانەوەی بازرگانییەکەی بۆ دۆخی پێشووی بەپەرۆشی نوێوە، دەستیکردەوە بە بازرگانییەکەی و چەند ڕێکەوتنێکی کرد، گفتوگۆی دانەوەی قەرزەکانی کرد، مەرجەکانی دانەوەی پارەی زیاتر کرد و لەماوەی چەند مانگێکدا چەند بەشێکی گەورەی دابەست. دووبارە بازرگانییەکەی هاتەوە لوتکە و لە قەرز ڕزگاری بوو، پارەی پەیدادەکرد.

پیاوەکە لەسەر پردەکە

ساڵێك دواتر گەڕایەوە بۆ پردەکە لە پارکەکە، چەکێکی بە کاشنەکراو لە دەستیدابە بەزەحمەت دەیتوانی چاوەڕێیکات تا بە پیاوە پیرەکە بڵێت

کە چی ڕوویداوە. کتومت لەسەر هەمان کاتی لەسەر ڕێکەوتوو پیاوە پیرەکە جارێکی تر لە تاریکییەوە دەرکەوتەوە. کاتێک پیاوە بازرگانەکە ویستی چەکەکەی پێبداتەوە و چیرۆکی سەرکەوتنە دڵخۆشەکەی و دەستکەوتەکەی بۆ بگێڕێتەوە لەماوەی دوازدە مانگی پێشوودا, بەرستارێک هات کە لە تاریکییەوە ڕایدەکرد بەرەو پیاوە پیرەکە قوڵی گرت و داوای لێبوردنی لە پیاوە بازرگانەکە کرد و گوتی:" زۆر دڵخۆشم کە ئەوم گرت. هیوادارم کە بێزاری نەکردبیت هەمیشە لە خانەی بەسالاچوان هەڵدێت و دەڕوات بە خەڵکی دەڵێت کە ئەو جۆن دافیسن ڕۆکفێلەرە." قوڵی پیاوە پیرەکەی گرت و ڕۆشتن.

پیاوە بازرگانەکە بەتەنها وەستابوو لەوێدا, سەری سوڕمابوو. بەدرێژای ساڵەکە هەوڵیداوە ڕێکەوتن بکات و کڕین و فرۆشتنی کردووە, بەئارامی و زانیارییەکی باوەڕپێکراوەوە بازرگانییەکەی بنیادنا کە چەکێکی پێنج سەد هەزار دۆلاری لە قاسەکەیدا هەیە دەتوانێت هەرکاتێک بیەوێت بیکاتە کاش.

دەستبەجێ تێگەشت کە لە لەسەر بنەمای باوەڕەکانی بازرگانییەکەی سەرکەوتوو کرد هەرچەندە زانیارییەکە کە باوەڕی پێی بوو, هەڵەبوو. باوەڕ بەخۆبوونەکەی بووە بە کردار کە بووەتە هۆکاری سەرکەوتنی کارەکەی.

سەرەتا خۆت ڕازی بکە

ئەرکی تۆ ئەوەیە کە هەمان ئاستی باوەڕ بەخۆبوون و باوەڕ بەدەست بهێنیت کە ئەو پیاوە بازرگانە هەیبوو. جیهان بەتەواوی لەسەر بنەمای

هەڵسەنگاندنەکەی خۆت قبوڵت دەکات. ئەوە خودی خۆتی کە پێویستی ڕازی بکەیت بەرلەوەی بتوانی کەسی تر ڕازی بکەیت بەڵام کاتێک دڵنیایت ئەو شتەت هەیە کە پێویستە بۆ باشکردنی هەر دۆخێک بەجۆرێک ڕەفتاردەکەیت کە باوەڕەکانت دەبنە ڕاستی. ئێمە لێرەدا سەبارەت بە توانستی هزری یان کەسایەتییە هێمن و ئارامگرەکان قسەدەکەین.

توانستی هزری پێویستی بە یاسای هۆ و ئەنجامە. دەتوانیت جۆری باوەڕ بەخۆبوونە نەگۆڕەکە پەرە پێبدەیت کە ئارەزووی دەکەیت بەشێوەیەکی کرداری سادە, دووبارەکردنەوەی کردار و بیرۆکە دڵنیاکان بۆ ماوەیەکی زۆر تاکو دەچنە ناو هزری نائاگاییتەوە و هێزی خۆیان وەردەگرن. دەتوانی ئاستی توانستی هزرییت دروست بکەیت وەک چۆن ئاستی توانستی جەستەییت دروستدەکەیت بە کارکردن لەسەر ماسولکە هزرییەکانت بەڕێگایەکی تایبەت, بەڕادەیەک بەهێز و چالاک دەبن کە خۆت دەتەوێت.

هێزی پێشنیازکردن

ڕەنگە لە هەموو کاتێکدا بەهێزترین کاریگەرییەک لە بڕیاردانی دۆخی سۆزداریی و هزرییتدا هێزی پێشنیازکردن بێت. هێزی پێشنیازکردن تەنانەت بەرلەوەی لەدایک بیت کاریگەرییت لێدەکات و لە منداڵییەوە بەردەوام دەبێت تا لە تەواوی ژیانتدا دەتکات بەو کەسەی کە ئەڕۆ هەیت.

پسپۆڕەکان دەڵێن کە تەواوی لە سەدا نەوەد و پێنجی ئەو شتانەی دەیکەیت, دەیڵێیت, بیری لێدەکەیتەوە و هەستی پێدەکەیت لەلایەن

کاریگەری پێشنیازی دەرونزانی و ژینگەییەوە لە دەوروبەرتدا بیاریدەکرێن. بۆ نمونە کەسێکی ئاسایی زۆر کاری تێبکرێت بە کاریگەریە پێشنیازەکان، ڕەنگە وشەیەکی نەشیاو لەلایەن کەسێکی تر‌ەوە ببێتەهۆی بێزارکردن یان تووڕەبوونی ئەو بۆماوەی چەند کاتژمێرێك. وشەیەکی ستایشکردنی میهرەبان یان پیاهەڵدانێك ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی کە ببێتە کەسێکی دڵخۆش و ئەرێنی بەدرێژای ڕۆژەکە. هەموومان زۆر کارتێکراوین بە کاریگەریە پێشنیازەکان لە چواردەورماندا.

ژینگە پێشنیازەکەت کۆنترۆڵ بکە

بۆ ئەوەی خۆشی لە بەرزترین ئاستی باوەڕ بەخۆبوون ببینیت، پێویستە بتوانیت بڕیاری خۆت بدەیت و خۆت لە هەر کاریگەرییەك بەدوور بگریت کە بە هەر هۆکارێك بێت دەبێتەهۆی خەمبارکردنت یان نەرێنی بوونت. پێویستە کۆنترۆڵی تەواو بکەیت بەسەر بیرکردنەوە و ژینگە پێشنیازەکەتدا, دڵنیابەرەوە ئەو شتەی ڕێگەی دەدەیت بچێتە هزرتەوە دەگونجێت لەگەڵ ئەو شتانەی کە دەتەوێت و ئەو کەسەی کە دەتەوێت ببیت. پێویستە کار بکەیت تاکو خۆت لە هەموو کاریگەرییەکانی تر بەدوور بگریت. سێ شێوازی پێشنیازکردن هەن کە دەتوانن یارمەتیدەرت بن هەستت سەبارەت بەخۆت چۆنە و چۆن بیردەکەیتەوە.

یەکەم پێیدەوترێت پێشنیازە دەرەکییەکان: ئەمانە هەموو ئەو چالاکییانەن کە لە چواردەورتدا ڕوودەدەن. لەو ساتەوەی کە بەیانی لە خەو هەڵدەستیت تاکو کۆتا گفتوگۆ یان زانیارییت لە ئێوارەدا بە پشت بەستن بەوەی کە چەندە کراوە و وەرگری تۆ. دەکرێت کاریگەری نقدت

لەسەر بێت لەلایەن تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، ئینتەرنێت، گەورە
ئەزموونەکانی کار، فیدباکەکان، تێکەڵیکردن لەگەڵ خەڵک
خێزانەکەت، تەنانەت کێشەکان لە دەرەوە یان گۆڕانەکانی پلەی گەرمی
لەسەر دەرەوە. زۆرێک لە خەڵکی ڕێگەدەدەن بەشێکی نەناسیاو
دیاری بکرێت لەلایەن ئەو شتانەی لە دەوریان ڕووەدەدەن. خۆیان بڕیار
دەکەن کە سەربەخۆییانە بیر بکەنەوە بەڵام کاردانەوەیان بۆ هەرشتێک
دەبێت کە لەجیاتیدا ڕووەدات.

کۆنترۆڵی سۆزەکانت بکە

لەبەر ئەم هۆکارەیە کە سۆزە نەرێنییەکان بێزار و وەڕەست دەکەن لە
کات کاردانەوە هەڵەشە و نائاگاکانن کە بە ڕووداوە دەرەکییەکان
گاریگەرییان تێدەکرێت. دەزانین کە ئەمە ڕاستە لەبەرئەوەی هیچ کەسێک
بەئاگاییانە و خۆویستانە بڕیارنادات کە نەرێنی، تۆڕە یان بێزارکەر
کاتێک خەڵکی توانای کۆنترۆڵکردنی سۆزەکانیان هەیە، بڕیاردەدەن کە
دڵخۆش بن.

بۆ نمونە: یەکێک لە باوترین دەرخەرەکانی هەستە نەرێنییەکان ئەوەیە
ئەو شتە ئەنجام بدەیت کە پێیدەوترێت " کاردانەوە مەرجدارەکان"
ئەمانە کاردانەوە ئۆتۆماتیکییەکانن کە ئەنجامیان دەدەین کاتێک کەسێک
دەیەوێت بە بابەتێکی هەستیار تۆڕەمان بکات.
بابەتی هەستیار ڕێگایەکی نەرێنی خوێی کاردانەوەی ئەزموونێک یان
شتێکە کە کەسێک دەیڵێت. هەرکەسێک زنجیرەیەک لەم بابەتە
هەستیارانەی هەیە. کاتێک کەسێک بەباشی دەناسین بەتایبەتی

پەیوەندییەکی زۆر نزیك, دەزانین کە چی بابەتێك باس بکەین تاکو هەر کاردانەوەیەك کە دەمانەوێت لە کەسی بەرامبەری وەربگرین.

کاتێك کەسێك تووڕە دەکەین. بۆ نمونە کەسێك ئامادە بە شتێك یان کەسێك دەکات کە زۆر هەستیاریت دەربارەی, بەتووڕەیی و هەستیاریەوە کاردانەوەت دەبێت. ئەگەر ڕقت لێیە لەکاتی لێخۆڕیندا ڕابگرێیت و کەسێك خۆنەویستانە ڕاتدەگرێت, ئەوا بابەتە هەستیارەکەت دێتە بەرباس و بەتووڕەییەوە قسە لەگەڵ خۆت و هەرکەسێکی تردا دەکەیت کە گوێ بۆ داهاتووە پێزانراوەکە دەگرێت.

بەرلەوەی کاردانەوەت هەبێت, بیربکەرەوە

یەکێك لە ڕێگاکان بۆ کۆنترۆڵکردنی هزرت ئەوەیە کە پێشتر ئەو هۆکارە دەرەکییە جۆراوجۆرانە بناسیتەوە کە دەبنەهۆی تووڕەبوون و بێزارکردنت. لیستێك دروست بکە کە ڕوودەدەن ڕەنگە وات لێبکەن خواستێکت هەبێت بە نەرێنییانە کاردانەوەت هەبێت. دواتر بەئاگاییانە ئەو بڕیارە بدە کە ئەگەر لە داهاتوودا یەکێك لەم کێشانە پێشهات, لەجیاتی ئەوەی تووڕەبیت یاخود بێزاربیت, ئەوا بەئارامی و ئەرێنییانە کاردانەوەت هەبێت.

هەرکات شتێك ڕوودەدات کە بەشێوەیەکی ئاسایی کاردانەوەیەکی نەرێنییت دەبێت, بڕیاربدە کە بە هیچ شێوازێك کاردانەوەت نەبێت. خەندەیەك بکە, هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژە و بەئارامی بمێنەرەوە. تا زیاتر ئەمە جێبەجێ بکەیت, زیاتر ئاسان دەبێت, زیاتر ئەرێنی و گەشبین دەبیت. باوەڕ بەخۆبوونت زیاد دەکات و هەستدەکەیت زیاتر

بەرپرسیت لە ژیانی خۆت. خۆت دەربازدەکەیت لە ستوونی بە کۆیلەو
پێشنیارە دەرەکییەکان کە کۆنترۆڵی دۆخی هزرییت دەکەن

هێزی پێشنیازی خود

شێوەی دووەمی پێشنیازکردن پێیدەوترێت: " پێشنیازی خودی "
پێشنیازی خودی ئەوەیە کاتێک هەر دوو دەستت دادەنییت لەسەر
کۆنترۆڵەکانی ژیانی هزرییت یان دەڕۆیت بۆ لای کیبۆردی کۆمپیوتەرو
هزری خۆت, بەئاگاییانە بەرنامەی هزری بەئاگاییت بکە بەو بیرۆکە و
هەستانەی کە ئارەزوویان دەکەیت.

پێشنیازی خودی کلیلەکەتە بۆ بنیادنانی جۆری شێوازی باوەڕ لە سەر
خۆتدا کە دەبێتەهۆی باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ. هۆکاری ئەوەی کە
پێشنیازی خودی زۆر بەباشی کاردەکات یاسای لەجێدانانە.

یاسای لەجێدانان دەڵێت کە هزری بەئاگاییت دەتوانێت بەتەنها
بیرۆکەیەک لە یەک کاتدا هەڵبگرێت, ئەرێنی یان نەرێنی. ئەگەر
بەئاگاییانە بڕیاریدەیت کە وشەیەک یان وێنەیەکی ئەرێنی لە هزرتدا
هەڵبگریت, تۆ لە هەمان کاتدا ڕێگە لە زانیارییە جۆراوجۆرەکان دەگریت
لە سەرچاوە دەرەکییەکانەوە کە ڕەنگە ببنەهۆی ئەوەی بیرکردنەوەو
هەستەکانت ئەرێنی بن یان لەگەڵ ئارەزووە ڕاستەکانتدا نەگونجێن.

بۆ نمونە ئەگەر هەرکات هەستت بە شڵەژاوی یان نیگەرانی یان تورەبوون
کرد سەبارەت بە شتێک ئەوا هزرت دەگۆڕیت و دەست بە بیرکردنەوە
دەکەیت سەبارەت بە ئامانجەکانت. دەستبەجێ هزرت لە نەرێنییەوە
دەگۆڕێت بۆ ئەرێنی و دووبارە هەست بەباشی دەکەیت سەبارەت

بەخۆت. بیرۆکەی ئامانجێک کە ئەڕێنی و شیاوی بەدەستهێنانە لە داهاتوودا بەشێوەیەکی سروشتی زۆر دڵخۆشکەرە. ناتوانیت لە هەمان کاتدا بیر لە ئامانجەکەت بکەیتەوە و نیگەران بیت یان تۆڕەبیت. بە بەکارهێنانی یاسای لەجێدانان بەتەواوی کۆنترۆڵی ژینگە پێشنیازەکەت و ئەو زانیارییانە دەکەیت کە دەچنە هزری نائاگاییتەوە.

کۆنترۆڵکردنی خود بکە بە یارییەک

کاتێک شتێکی نەڕێنی یان چاوەڕواننەکراو بۆت ڕوودەدات دەستبەجێ بیقۆزەرەوە وەک دەرفەتێک بۆ نیشاندانی هێمنی و کۆنترۆڵکردنی خود. بیکە بە یارییەک لەجیاتی ئەوەی ڕێگە بەخۆت بدەیت هەستت نەڕێنییانە بێت خۆویستانە خۆت ناچار بکە بە شتێکی ئەڕێنییانە جێگەی بگرێتەوە. ئەمە سەلمێنراوێکی باشە کە زۆر سودبەخش بووە بۆ من. بۆ ماوەیەک دووبارەی دەکەمەوە تاکو لە زۆربەی دۆخەکاندا دەبێت بە ئۆتۆماتیک. کاتێک شتێک ڕوودەدات بەخۆم دەڵێم:"هەموو دۆخێک دۆخێکی ئەڕێنییە ئەگەر وەک دەرفەتێکی پەرەپێدان و توانای کۆنترۆڵکردنی خودی سەیری بکەم."

هەرشتێک بێت هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژم, ئارام دەبمەوە, خەندەیەک دەکەم و دەڵێم:" هەموو دۆخێک دۆخێکی ئەڕێنییە ئەگەر وەک دەرفەتێکی پەرەپێدان و توانای کۆنترۆڵکردنی خودی سەیری بکەم." دواتر سەیری ناو دۆخەکە دەکەم بۆ شتێک تا بتوانم فێری ببم کە یارمەتیم بدات گەورەبم و توانای کۆنترۆڵکردنی خودی پەرەپێبدەم." ئەمە یارییەکی هزری ئاسانە کە وام لێدەکات بەئارامی بمێنمەوە و

کۆنترۆڵی سۆزەکانیشم بکەم. هەروەها تۆش دەتوانیت، تەنها ئاگر بکەرەوە.

هێزی پێشنیازی خودکار

پێشنیازی خودکار کاتێک ڕووەدات، پەیامەکانت بۆ هزری نائاگایین دووبارەکردبێتەوە. هێزی خۆیان وەردەگرن و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاردەکەن، ئێمە بەردەوام بۆمان دەرکەوتووە کە کەسانی گەشبین و دڵخۆش خۆیان بەرنامەڕێژکردووە کە لە زۆربەی دۆخەکاندا بەڕێگایەکی گەشبینانە و دڵخۆشانە وەڵام بدەنەوە. تۆش دەتوانیت هەمان شت بکەیت.

تەواوی ژیان پێکەوەبەستراوە و بەکاردانەوەکانت دیاری دەکرێت. ئەو شتە کە بۆت ڕووەدات هەژماردەکرێت بەڵکو چۆن کاردانەوەت بۆی دەبێت هەژمار دەکرێت. ئەو کارتانەی کە مامەڵەیان پێدەکەیت دەرێناخەن کە چەندە لە یاری ژیاندا باشیت بەڵکو ئەو شێوازەی کە یاری بە کارتەکان دەکەیت دەریدەخات. ئەرکت ئەوەیە بەئاگایانە بڕیاربدەیت و هێزی ئیرادەت بەکاربهێنیت بۆ هێشتنەوەی هزرت بەڕوونی و هێشتنەوەی خودی خۆت بە ئەرێنی و بە باشترین شێوە کار بکەیت.

پێداچوونەوەیەکی خێرا

لە بەشی یەکەمدا باسی ئەوەمان کرد کە چەندە بۆ باوەڕ بەخۆبوونت گرنگە کە بەهاکانت ڕوون بن و ژیانت ڕێکبخەیت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بەهایانەدا بگونجێت.

لەم بەشەدا زنجیرەیەك تەکنیکی توانستی هزری فێردەبیت کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت بۆ بەبەرنامەکردنی هـزری نائاگاییـت. فێـر دەبیـت چـۆن باوەڕی تەواو و باوەڕ بەخۆبوون پەرە پێبدەیت. لـە توانادایـە هەرشـتێك بەدەستبهێنیت کە دەتوانی بیری لێبکەیتەوە و فێریش دەبیـت چـۆن ئـەم کاردانـەوەی بـاوەڕ بـەخۆبوونی خودییـە بکـەیت بـە کاردانەوەیـەکی ئۆتۆماتیکی بۆ هەرشتێك کە ڕووبدات.

بەرپرسی ژیانت بە

خاڵی وەرچەرخانی کـۆنترۆڵکردنی تـەواوی هـزری نائاگاییـت و بـەئاگاییت ئەوەیە کە بەرپرسیاریەتی تەواو قبوڵ بکەیت بۆ هـەموو شـتێك کـە بـیری لێدەکەیتەوە, دەیڵێیت و ئەنجامی دەدەیت. بەرپرسیت بۆ هەرشـتێك کـە ڕووبدات بۆت و بەتایبەتی بەرپرسیت بۆ کاردانەوەکانت بۆ هـەموو شـتە باش و خراپـە خۆلێلانـەدەرەکانی ژیـانی ڕۆژانـەت. وەك ئیلیـانۆ ڕۆزڤێـڵ دەڵێت:" هیچ کەس بەبێ ڕەزامەندی خۆت ناتوانێـت وات لێبکـات هەسـت بە کەمی بکەیت."

وام بیردەکردەوە کە دانانی ئامانجەکان و پلانـدانان خـاڵی وەرچـەرخانی سەرکەوتنە لەژیاندا. پاش ماوەیەك بۆچوونم گۆڕی لەبەرئەوەی تێگەشـتم کە شتێکی تـر بەرلـەوە دێـت. ئـەو شـتە کـە سـەرەتا گرنگـە قبـوڵکردنی بەرپرسیاریەتی تەواوە بۆ خۆت و بـۆ هـەموو شـتێك کـە بـۆت ڕووبەدەن. پێگەشتووی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە هیچ کـەس نایـەت بـۆ ڕزگارکردنەکە. تەنها ئەو کاتەیە کە بەرپرسیاریەتی تەواو قبوڵدەکەیت بـۆ لۆخی ژیانت بەبێ بەهانە و لۆمـەکردنی کەسـانی تـر کـە دەچیتە لۆخی

چیبە کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت.

قبوڵکردنی بەرپرسیاریەتی بژاردەیەکی کراوە نییە بۆ هەموو ناچارییە. ڕاستییەکی تەواوی بوونی مرۆڤەکانە. حەزت بە لۆمەکردن کەسانی تر یان بەهانەهێنانەوە نییە بۆ بەشەکانی تری ژیانت ک قبوڵکراونین.

وەک هێنری فۆردی دووەم دەڵێت:" هەرگیز سکاڵا مەکە. هەرگیز ڕوونکردنەوە مەدە." هیچ کەس وات لێناکات شتێك ئەنجام بدەیت پ هەست بە شتێك بکەیت.

تۆ لەو شوێنەی کە هەیت و ئەو کەسەیت کە هەیت لەبەرئەوەی تۆ بڕیارت داوە لەوێ بیت. هەرشتێك کە هەیت یان دەبیت ئارەزووی خۆتە ئەگەر هەر ئەنجامێك لە ژیانتدا هەیە کە دڵخۆش نییت دەربارەی بەتەواوی ئارەزووی خۆتە تا هۆکارەکانی بگۆڕیت. تۆ بەتەواوە بەرپرسیاریت.

کردارەکان ئەنجامیان دەبێت

کەسانی تەواو پێگەشتوو بەتەواوی پەسەندی دەکەن کە کردارمکان ئەنجامیان دەبێت. کەسێکی تەواو چالاک دەزانێت کە دەتوانێت کردارنە هەڵبژێریت بەڵام کاتێك کردارەکە بڕیاری لەسەردرا هەر دوو دەرئەنجامە چاوەڕوانکراو و ناچاوەڕوانکراوەکە بەدوایدا دێن. پێگەشتووە ڕاستەقە

قبوڵی دەکات کە بۆ هەموو هۆکارێک, ئەنجامێک هەیە. بۆ هەموو کردارێکیش, کاردانەوەیەک هەیە.

دەتوانیت بەرلەوەی ئەنجامی بدەیت کارەکە هەڵبژێریت بەڵام ناتوانیت دەرەنجامەکە یان کاردانەوەکە بەدوایدا هەڵبژێریت یان کۆنترۆڵ بکەیت. کەسانی پێگەشتووی زیرەک زۆر بەئاگان سەبارەت بە بیرۆکەکانیان کە بیری لێدەکەنەوە و کردارانێک کە ئەنجامی دەدەن. خۆیان ناگەوجێنن یان بیرۆکەی هەڵە بۆ خۆیان دروست ناکەن. خۆیان وا دەرناخەن کە ڕەنگە شتەکان بەجیاوازی ڕووبدەن وە باوەڕیشیان وانییە کە شتانێک باوەڕیان پێیەتی دەبێت ڕووبدەن.

هەرەها شکستهێنان لە ئەنجامدانی کارەکان دەرئەنجامیان هەیە.کە پێیان دەوترێت "سەرکەوتوونەبوون لە ئەنجامدانی کارێک" زۆر کات مەترسیدارە بۆ هەڵی سەرکەوتنە درێژخایەنەکانت بەبەراورد بەو هەڵانەی کە دەیانکەیت. شکستهێنان لە پێداچونەوە بە بەهاکانتدا, دانانی ئامانجی ڕوون, دانانی پلانەکان و خۆتەرخانکردن بۆ ئاستی نایابیی و هتد. دەکرێت زۆر خراپبن بۆ ئەگەری سەرکەوتنە مەزنەکەت.

کێشەکان _ ڕاستییەکان

خاڵی وەرچەرخانی سەرکەوتن قبوڵکردنی ڕاستییە." شتێک کە چارەسەرنەکرێت, دەبێت بەرگەی بگیرێت." زۆر جار خەڵکی دێن بۆ لام بەو بەرەنگارییانەی کە ڕوبەڕووی دەبنەوە و منیش ئەم پرسیارە ئاسانەیان لێدەکەم:" ئایا ئەمە کێشەیە یان ڕاستییە؟"

ئەگەر کێشەیە، دەکرێت چارەسەر بکرێت. دەتوانیت شتێك ئەنجام بدەیت تا بیگۆڕیت. ئەگەر بە بارودۆخەکە دڵخۆش نییت، ئارەزووی خۆت بڕۆیت هەرشتێك ئەنجام بدەیت کە دەتوانیت تاکو چارەسەری بکەیت.

ڕاستیی هەرچەندە جیاوازە لە کێشە، شتێکە کە بوونی هەیە وەك کەش و هەوا، باران یان بەفر. هیچ شتێك نییە تا بتوانی بیکەیت. دەتوانیت کێشەکان چارەسەر بکەیت بەڵام بنەمای ڕاستیی دەڵێت کە پێویستە فێربیت لەگەڵ ڕاستییەکان ژیان بکەیت.

شتێکی بێبەختانە کە ڕوێداوە ڕاستییە. کەسێکی فرۆشیارکە سەرکەوتوو نەبووە، ڕێکەوتنێکی بازرگانی کە سەرناگرێت، پەیوەندییەك کە بەردەوام نابێت و هەموو ئەمانە ڕاستین. زۆرێك لە خەڵکی بڕێکی زۆر لە وزەی سۆزداری سەرفدەکەن بە هەوڵدان لەگەڵ ڕاستییەکان. کاتێك باشتر دەبن، سەرنج لەسەر ئەنجامدانی شتانێکی باشتر دەکەنەوە لە داهاتوودا!

قبوڵکردنی بەرپرسیاریەتی سەرەتایەکە

ئامانجەکەت ئەوەیە دڵخۆش و باوەڕبەخۆبوو و گەشبین بیت. ئەو شێوازەی کە ئەمەی پێ بەدەستدەهێنیت ئەوەیە ئەم کاردانەوە ئەرێنییانە بکەیت بە ئۆتۆماتیکی کە زۆر دڵخۆش و باوەڕ بەخۆبوو و گەشبین دەمێنیتەوە و گرنگ نییە کە چی ڕووەدات.

ئەتوانیت ئەم ئەنجامە بەدەستبهێنیت بە گرتنی هەنگاوە کرداری سەلمێنراو و تایبەتەکان کە لەلایەن ملیۆنان کەسەوە بەکارهاتوون و

بەدڵنیاییەکی زۆرەوە سەرکەوتوو دەبیت. خاڵی وەرچەرخان قبوڵکردنی بەرپرسیاریەتی تەواوە بۆ هەموو ڕووبەکی ژیانت.

کۆنترۆڵی بیرکردنەوەکانت بکە

تۆ ئەم هەڵوێستی بەرپرسیاریەتییە دەردەخەیت بە بەکارهێنانی ئازادییەکەت بۆ هەڵبژاردنی ئەو بیرۆکانەی کە خۆزگە دەخوازی لە هزری بەئاگاییتدا هەبن. تۆ بیرۆکە ئەرێنی و بنیادنەرەکان هەڵدەبژێریت بەسەر بیرۆکە نەرێنی و ڕوخێنەرەکاندا.

دەرونزانەکان بەمە دەڵێن شێوازی کۆنترۆڵی ژیریی. زۆر بەسادەیی کۆنترۆڵی ژیریی واتە کۆنترۆڵی بیرکردنەوەکانت بکەیت و بەئەرێنی لە هزرتدا بیانهێڵیتەوە, بۆ ماوەیەکی زۆر پەیامە ئەرێنییەکان بۆ خۆت دووبارە بکەرەوە هەتاکو دەبنە کاردانەوەی ئەرێنی بۆ ژیانی ڕۆژانەت.

گفتوگۆی خودی ئەرێنی

یەکەم تەکنیکی توانستی هزری بریتییە لە گفتوگۆی ئەرێنی لەگەڵ خود یاخود بەکارهێنانی وتە ئەرێنییەکان. ئەو شێوازەی لەگەڵ خودی خۆتدا قسەی پێدەکەیت کاریگەرییەکی یەکجار بەرچاوی لەسەر بیرکردنەوە و هەستەکانت هەیە. چەندین تۆژەر کە لە ناویشیاندا دکتۆر مارتن سێلیگمان هەیە لە زانکۆی پێنسلیڤینیا, دەریخستووە کە ئەو پیاوانەی ئاستیان بەرزە بەشێوازێکی جیاوازتر لەگەڵ خۆیان دەدوێن وەک لەو کەسانەی کە ئاستیان نزمترە.

بەشێوەیەکی سەرەکی قسەکردنت لەگەڵ خودی خۆتدا یاخود وتووێژی ناخت شێوازی ژیانی سۆزداریت دیاریدەکات. دڵخۆشبین بە خەمباریت, ئەرێنی یان نەرێنی دەکەوێتە سەر ئەوەی کە چی بەهێز دەڵێیت و چۆن لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان دەکەیت.

بە نمونە: کاتێک لە شەقام بەهۆی قەرەبالغی ئوتۆمبیلەوە ڕادەگیرێیت. زۆر بەخێرایی تورەدەبیت و وا بیردەکەیتەوە کە ئەو کەسە زۆر خراپ و کەمتەرخەمە بەڵام بەپێچەوانەوە کاردانەوەیەکی زۆر جیاوازت دەبێت کاتێک بەهانە بۆ کەسەکەی تر دەهێنیتەوە و دەڵێیت کە پێدەچێت ئەو کەسە نەواکەوتبێت, سەرقاڵ بێت یاخود تۆی بەدی نەکردبێت. ئەم پێدەچێت هەمان ڕووداوی دەرەکی بێت بەڵام ئەو ڕێگەیەی لێکدانەوەی بۆ دەکەیت و لەگەڵ خۆت گفتوگۆی پێدەکەیت دەریدەخات کە ئایا ئەو هەستێکی ئەرێنی یان نەرێنی سەبارەت بە بارودۆخەکە ئەزموون دەکەیت.

شێوازی لێکدانەوەت

خاڵی دەستپێک لە بەکارهێنانی گفتوگۆی ئەرێنی لەگەڵ خود لێکدانەوەتە بۆ هەرشتێک کە ڕووەدات بەشێوازێکی دڵخوازانە. ئەمەش لەلایەن ویلیام کلیمێنت ستۆنەوە ناسراوە بە " پێچەوانەی مانبای دواکەوتن." بیهێنە پێش چاوت کە هەموو جیهان لە پلانێکی نهێنی گەورەدان بۆ ئەوەی کە یارمەتییت بدەن سەرکەوتوو و دڵخۆش بیت. خەیاڵ بکە هەرشتێک کە ڕووەدات بۆتەوەیە شتێکی سودبەخشت فێربکات و لە بەدەستهێنانی گرنگترین ئامانجەکانت نزیکترت بکاتەوە.

هەروەك توشبوو بە نەخۆشی مانیای دواکەوتن دڵنیایە لەوەی کە پلانێکی نهێنی دژ بە ئەو هەیە بەڵام پێچەوانەی مانیای دواکەوتن دڵنیایە لەوەی کە هەمووان لە پلان و هاوەستیکردنیدان بۆئەوەی یارمەتی ئەو بدەن.

تایبەتمەندییە هزرییە ناوازەکەی بەخت جێبەجێ بکە. لە چیرۆکە خەیاڵییەکاندا, سێ شازادەکەی بەخت گەشتیان کرد, بۆیان دەرکەوت کە هەموو ڕووداوە بێبەخت و نەڕێنییە ئاشکراکان کە گەواهیدەربوون لە کۆتاییدا سودبەخش و ئەڕێنی بوون. بیکە بە یارییەك تا ئەوەی لە هەموو دۆخێکدا بۆ باشەکان بگەڕێیت.

پێشبینی ئەڕێنییانە بکە

یاسای پێشبینییەکان دەڵێت هەرشتێك کە بەباوەڕەوە پێشبینی بکەیت, دەبێت بە پێشبینیکراوێکی خودی خۆت. کاتێك هەڵوێستێکی پێشبینیکردنی خودی ئەڕێنی پەرە پێدەدەیت, دەبیتە کەسێکی گەشبین و ئاسودەتر. هەرشتێکیش کە ڕوودەدات دەستبەجێ بەباشترین شێوە لێکدانەوەی بۆ دەکەیت.

لە کتێبە بەناوبانگەکەی ناپلیۆن هیڵدا بەناوی" بیربکەرەوە و دەوڵەمەندبە" لە ساڵی ۲۰۱۰ بڵاوکرایەوە. دەڵێت کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەسانی سەرکەوتوو لە ئەمریکا ئەوەیە کە هەمیشە بۆ هەڵێك یان سودێك دەگەڕێن لە کۆسپ و تەگەرەکاندا. بە هۆکاری یاسای لەجێدانان, ئەگەر هەموو بارودۆخە سەخت و دژوارەکان وەك وانەیەك

سەیربکرێن کە لێیەوە فێربین و سودیان لێوەربگرین، وا دەکەن بیر و هزرمان ئەرێنی بن و بەباشترین شێوە کاربکەن.

ئەرێنییانە لەگەڵ خۆت بدوێ

کاتێك بیر لە ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەیتەوە، بە زمانێکی ئەرێنییان لەگەڵ خۆت بدوێ. پێدەچێت بەهێزترین هۆکار بۆ دروستکردنی باوەڕ بەخۆبوون دووبارەکردنەوە بێت. ڕۆژانە زیاتر لە پەنجا بۆ سەد جار بڵێ:" دەتوانم ئەنجامی بدەم! دەتوانم ئەنجامی بدەم! دەتوانم ئەنجامی بدەم!"

ئەم وشە سادانە چارەسەری زارەکیین بۆ ترس لە شکست. وەك دەزانیت ڕوخێنەرێکی گەورەی باوەڕ بەخۆبوونە و هۆکاری سەرەکی شکستە لە ژیانی گەنجدا. هەرچۆنێك بێت دەتوانیت لە هەموو بارودۆخێکدا ترس لە شکست کەمبکەیتەوە بەدووبارەکردنەوەی," دەتوانم ئەنجامی بدەم! دەتوانم ئەنجامی بدەم! دەتوانم ئەنجامی بدەم!"

هەرکاتێك بیر لە ڕووداوێك دەکەیتەوە کە دەبێتەهۆی دڵەڕاوکێ و نائارامییت, هەرکات قەرارە شتێك ڕووبدات و ترس و دڵەڕاوکێ تەواوی جەستەت دادەگرن, هێزی قسەکردن لەگەڵ خۆت و پێشنیازی خود بەکاربهێنە بە گوتنی:" دەتوانم ئەنجامی بدەم!" بۆ نەهێشتن و زاڵبون بەسەر هەموو هەست و سۆزە نەرێنییەکان کە پێیەوە بەستراون.

کۆنترۆڵی هەست و بیرکردنەوەکانت بکە

بەهێزترین وتە ئەرێنییەکان بۆ بنیادنانی ڕێزی خود چەند وشەیەکن بڕیتین لە," خۆمم خۆشدەوێت! خۆمم خۆشدەوێت! خۆمم خۆشدەوێت!"

ئەم وشە سادانە چەندین جار بەپەرۆشییەوە دووبارە بکەرەوە تا لە ئەنجامدا لەلایەن هزری نائاگاییتەوە پەسەند دەکرێن. کاتێک هزری نائاگاییت ئەم پەیامی خود خۆشویستنەی پەسەندکرد ئەوا ڕێزی خودییت زیاد دەکات, توانای ئەنجامدان و ئاستی بەشداریکردنت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زیاد دەکات.

ئەگەر دەتەوێت کارەکەت باشتر ئەنجامبدەیت ئەوا تەنها بڵێ:" کارەکەم خۆشدەوێت! کارەکەم خۆشدەوێت! کارەکەم خۆشدەوێت!" ویلیام کلیمێنت و ناپلیۆن هیڵ لە پڕفرۆشترین کتێبیاندا بەناوی" سەرکەتن بە هۆکاری هەڵوێستی هزری ئەرێنییەوە" لەساڵی ٢٠٠٧ دا, پێشنیاز دەکەن کە لە ڕۆژێکدا چەند جارێک ئەم وشانە دووبارە بکەیتەوە," دڵخۆشم! تەندروستم! باشم!"

یەکێک لە پەسەندترین دەستەواژەکان لای من کاتێک کە نیگەرانم و بۆ نەهێشتنی ئەو نیگەرانییە ئەوەیە بەخۆم بڵێم:" باوەڕم بە باشترین ئەنجام هەیە لە هەموو بارودۆخێکی ژیانم, باوەڕم بە باشترین ئەنجام هەیە لە هەموو بارودۆخێکی ژیانم." لەکاتێکدا ئەم پەیامە ئەرێنییانە بۆ خۆت دووبارە دەکەیتەوە, ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە زۆر ئەستەمە نیگەران و تورەبیت.

توانا بێسنورەکان

تواناکانت بێسنورن بە بەکارهێنانی وتە ئەرێنییەکان. لەبیرت بێت وتە ئەرێنییەکان بەرنامەداڕێژەری هزری نائاگاییتن. بە دووپاتکردنەوەی وتە ئەرێنییەکان, دەتوانیت لە هزرتدا زانیاری ئەرێنی و بەهێز جێگیر بکەیت کە لە ئەنجامدا بیرکردنەوە, هەست و کاردانەوە ئۆتۆماتیکییەکانت دەستنیشان دەکەن. بۆئەوەی وتە ئەرێنییەکان بەشێوەیەکی گونجاو کاربکەن, ئەوا پێویستە لە سێ بنەماکەدا دەربڕدرێن. پێویستە لەسەر شێوازی ڕانەبردوو, ئەرێنی و کەسی بن.

وتە ئەرێنییەکانی" دەتوانم ئەنجامی بدەم! خۆمم خۆشدەوێت! من باشم!" هەموویان ئەرێنی, ڕانەبردوو و کەسیین. نائاگایی زۆر وردو دروستە لە سروشتدا و تەنها دەتوانێت ئەو زانیارییانە پەسەند بکات کە لە دەمی ڕانەبردوودان. بە هەندێك هۆکار زانیارییە نەرێنییەکان پشتگوێدەخات و تەنها جەخت لەسەر پەیامە ئەرێنییەکە دەکاتەوە.

ئەگەر بڵێیت:" دووبارە جگەرە ناکێشمەوە." لێرەدا هزری نائاگایت چەمکی " داهاتوو" و " نا " لادەبات و تەنها پەیامی" دووبارە جگەرە دەکێشم. دووبارە جگەرە دەکێشم." پەسەند دەکات. وا باشترە بڵێیت" من جگەرەکێش نیم." هزری نائاگاییت دەتوانێت وێنەیەکی پڕوشن جگەرەنەکێش دروست بکات و لە ئەنجامدا گۆڕانکاری بکات لە خونەریت و ئارەزووەکانی کەسێك تا ئەو خاڵەی کە تیایدا هەموان پێکەوە وازلە جگەرەکێشان دەهێنن.

دەتوانیت بۆ هەموو ئامانجەکانت وتەی ئەرێنی دروست بکەیت بەدووبارەکردنەوەیان بەبەردەوامی و بەشێوازێکی قوڵتر لە هزری

نائاگاییتدا بەرنامەڕێژیان بکەیت هەتا وایان لێدێت کە هێزی خۆیان هەبێت, دواتر خۆت دەبینیەوە کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ماندەدرێییت بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانیان.

وتە ئەرێنییە نوسراوەکان

دووەمین ڕێگا دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ ئەوەی هزرت ئەرێنییانە بهێڵیتەوە و خێراتر ئامانجەکانت بەدەستبهێنیت ئەوەیە کە ئامانجەکانت لەسەر شێوازی وتەی ئەرێنی لە کارتێکی (٣ × ٥) دا بنوسیت. بە پێتی گەورە و ڕەنگی ڕەش بیاننوسەرەوە, دواتر هەموو ڕۆژێك دووبارە و دووبارە بیانخوێنەرەوە و چەندین جار وتە ئەرێنییەکان دووبارە بکەرەوە.

دەتوانیت ئەم ڕێگایە و هەموو ڕێگاکانی تر بەکاربهێنیت بۆ ڕازیکردنی خۆت کە ئامانجەکەت شیاوی بەدەستهێنانە و یارمەتی بنیادنانی باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزی خودییت دەدات. ئەم هەڵوێستە یان باوەڕە وات لێدەکات کاری تایبەت ئەنجام بدەیت کە لە ئەنجامدا ئامانجەکانت دەکاتە ڕاستی.

وێنای ئەرێنی بکە

ڕێگای سێیەم بۆ بنیادی باوەڕ بەخۆبوون بەکارهێنانی وێناکردنی ئەرێنییە. ئەمەش بریتییە لە پرۆسەی دروستکردنی وێنەی هزری بۆ ئەو کەسەی کە دەتەوێت ببیت, ئەنجامدانی ئەو شتانەی دەتەوێت ئەنجامیان

بدەیت و بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی دەتەوێت بەدەستیان بهێنیت.
لەبەرئەوەی هزرت ناتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان ئەزموونێکی ڕاستی و ئەو شتەی کە بەڕوونی وێنای دەکەیت, ئەو بیرۆکە و هەستانەن پێدەدەن کە هاودەمی بەدەستهێنانی وێنە هزرییەکانت دەکەن.
ئەوەی کە کاریگەری وێناکردن دیاریدەکات بریتییە لە بڕی ئەو سۆزەی کە تێکەڵ بە وێنەکە دەبێت کاتێك لە هزری بەئاگاییتدا هەڵیدەگریت بۆ کاردانەوە لەلایەن هزری نائاگاییتەوە. تا بەسۆزی زیاترەوە وێنای بکەیت, وێناکردنەکە خێراتر لە ژیانی ڕاستییتدا دەردەکەوێت.

مەشقی هزری

یەکێك لە کاریگەرترین ڕێگاکانی وێناکردن بریتییە لە تەکنیکی سەرکەوتووی ئەنجامدان کە پێیدەوترێت" مەشقی هزری." لە مەشقی هزریدا بیر لە ڕووداوێکی کارێك دەکەیتەوە, بەهەموو وردەکارییەکانییەوە, خەیاڵ بکە بەباشترین شێوە ڕووەدات و لەکۆتاییدا بەتەواوی دەتوانیت سەرکەوتوو بیت.

بەر لە هەر ڕووداوێکی گرنگ, بیربکەرەوە و ئەزموونی پێشتر بەبیر خۆت بهێنەرەوە کە بەباشترین شێوە ئەنجامت داوە. چەند خولەکێك وەربگرە بۆ دووبارەکردنەوەی وێنەی کۆتا جار لە هزرتدا کە بەسەرکەوتوویی ئەم چالاکییە تایبەتەت ئەنجامداوە.
نەگەر پێویست بێت جۆرە تاقیکردنەوەیەك بنوسیت, چەند خولەکێك وەربگرە بۆ داخستنی چاوەکانت, بەقوڵی هەناسە هەڵمژە و خۆت ببینە کە بەئاسانی پرسیارەکان دەنوسیت و هەموو وەڵامەکانیش دەزانیت.

ئەگەر بیۆیست بێت پەیوەندییەکی بازرگانی ئەنجامبدەیت, چەند خولەکێك وەربگرە پێش پەیوەندییەکە, چاوەکانت دابخە و خۆت لە پەیوەندییە بازرگانییەکەدا ببینەوە کە تەواو ئاسودە, ئارام و ئەرێنییت و لە کۆنترۆڵی تەواودایت.

کاتێك کە ببینە کە بەئەرێنییانە کاردانەوەی بۆت دەبێت و ڕێکەوتنەکە بەسان چەکەکە لە کۆتایی سەردانەکەتدا ئیمزا دەکات. ئەگەر چاوپێکەوتنێکت لەپێشە, چەند خولەکێك وەربگرە بۆ مەشقی چاوپێکەوتنەکە لە هزرتدا. بە هەموو قۆناغەکانییدا بڕۆ, وا خۆت ببینە کە بەباشترین شێوە جێبەجێی دەکەیت و خەیاڵ بکە کە کەسی بەرامبەر بەئەرێنییانە و سودبەخشانە وەڵامدەداتەوە.

پەرە بە وزەی هزرییەکانت بدە

هەموو پەرەپێدانێك لە ژیانت بە پەرەپێدانی وزەی هزرییەکانت دەستپێدەکات. ئەگەر دەتەوێت جلی جوان بپۆشیت ئەوا پێویستە ئەو گۆڕانە بکەیت و بخوێنیتەوە کە وزەی جۆری مۆدیلی ئەو پۆشاکانەی تێدایە کە ئارەزووبیان دەکەیت. سەردانی فرۆشگاکانی جل و بەرگ بکەیت و باشترین جۆرەکان تاقی بکەیتەوە کە دەتەوێت بیانکڕیت. هزر و هۆشت پڕ بکە لەو وزەی و هەستانەی کە دەتەوێت لەڕاستییدا تاقییان بکەیتەوە.

ئەگەر دەتەوێت ئوتۆمبیلێکی باشتر لێبخوڕیت, ئەوا بڕۆ ئەو ئوتۆمبیلەی دەتەوێت تاقیبکەرەوە, کەتەلۆگی ئوتۆمبیلەکە بهێنە و وزەی ئوتۆمبیلەکە بەتەواوی ماڵەکەت یان شوقەکەتدا هەڵبواسە.

یەکێك لە هاوڕێکانم کتومت هەمان تەکنیکی بەکارهێنا بۆ بەدەستهێنانی ئوتۆمبیلی خەونەکانی. وێنەی ئوتۆمبیلێکی بێ ئێم دەبلیوی هێنا کی خۆی دەیویست و کردی بە وێلەکانی ئوتۆمبیلەکەیەوە. هەرکات سەیری خوارەوەی دەکرد, وای دەبینی کە ئوتۆمبیلی خەونەکانی لێدەخوڕێن لەماوەی ساڵێکدا بووە خاوەنی ئەو ئوتۆمبیلەی کە دەیویست.

کاتێك ئەو ئوتۆمبیلەی دەتەوێت, دەبیەیت بۆ تاقیکردنەوەی لێخوڕین. هەستەکانت پڕ بکە لە هەموو وردەکارییەکانی ئوتۆمبیلەکە: دەستی لێبدە, بۆنی بکە, سەیری داشبۆڕد و بەشەکانی ناوەوە و شێوازی دروستکردنەکەی بکە. ئەرکی سەرەکییت لێرەدا ئەوەیە کە وێنەیەکی پووڵ و ئاشکرا بە هزر و هۆشت بدەیت بۆ ئەوەی دواتر کاری لەسەر بکەیت.

کۆشکی خەونەکانت بنیاد بنێ

ئەگەر ئاواتت ئەوەیە کە لە خانوویەکی جوانتردا ژیان بکەیت, بۆ دەرەوە سەیری ئەو خانووانەی کۆڵان بکە کە خولزیاریت ژیانیان تیادا بکەیت. بەدەوری ماڵەکەدا پیاسە بکە و وا خەیاڵ بکە لەوێدا دەژیت. لەو کاتەدا هیچ دوودڵ مەبە لەوەی کە ئەستەمە یاخود نرخەکان زۆر بەرز بن. کاری سەرەکییت ئەوەیە کە وێنەیەکی گشتگیر بەدەستبهێنیت. ئەو گۆڕانە بکرە کە چەندین وێنەی جوانی خانوو و ماڵی تێدایە و لە بەرگ بۆ بەرگ بیانخوێنەرەوە. پەیڕەوی یاسای سەرنجدان بکە بۆ ئەوەی وا لە هزر و هۆشت بکەیت بەو شتانە بگات کە بەردەوام دەتەوێت.

ماتبەت ئەو هەستە بەدەستبخە.کلیلی چالاککردنی توانا هزرییەکانت لابڕنگەی وتە ئەرێنی و وێناکردنەکەوەیە. هەروەها خەیاڵی ئەوە بکە کە کۆمەت چی هەستێکت دەبوو ئەگەر پێشتر ئامانجەکەت بەدەستهێنابووایە. خەیاڵ بکە چ هەستێکی پڕشانازی, دڵخۆشی و ڕێزی خوبیە کە دەیبینیت لە ئەنجامی بەدیهێنانی ئامانجەکانت. ئەم پێکهاتە سۆزداریە ڕوودارێکە کە وادەکات تەکنیکەکانی تری بەرنامەڕێژکردنی هزر خێراتر کاریگەن.

کۆتایی فیلمەکە

یەکێک لە باشترین شێوازەکان بۆ بەرنامەڕێژکردنی هزرت و بنیادنانی باوەڕەکانت پێیدەوترێت تاقیکردنەوەی کۆتایی فیلمەکە. ئەمە هەرچەند زۆر سادە و ساکارە بەڵام هۆکارێکی زۆر کاریگەرە لە بنیادنانی باوەڕ بەخۆبوون بەر لە هەر دۆخێکی پێشهات.

وا خەیاڵ بکە ڕۆشتویت بۆ تەماشاکردنی فیلمێک و دەزانینیت کە دە خولەک لە فیلمەکە ماوە بەرلەوەی دوویارە دەستپێبکاتەوە. لەبری ئەوەی لە هۆڵەکە چاوەڕێبکەیت, دەچیتە شانۆکە و سەیری ئەو دە خولەکەی کۆتایی فیلمەکە دەکەیت. دەبینیت کە چۆن چیرۆکی فیلمەکە کۆتایی نێت, دراماکە چۆن دیاریدەکرێت و فیلمەکە سەرکەوتووانە کۆتای پێدێت. دواتر بۆ ماوەی چەند خولەکێک چاوەڕێدەکەیت و کاتێک فیلمەکە دەستپێدەکاتەوە, لە سەرەتای فیلمەکەوە سەیری دەکەیتەوە.

هەرچەندە, ئێستا دەزانیت لە کۆتاییدا هەر بەشێکی فیلمەکە بەباشی کۆتایی نێت. لەبری ئەوەی خۆت سەرقاڵبکەیت بە دراماکەوە و لە

هیگەرامی و بادلمبابیدامیت. زۆر هیمس و لەسەرخۆبت چونکە ناگادارمن و دەرامیت کە کۆتایی فیلمەکە چی پرووەدات.

دەتوانیت ئەم تەکنیکە لە زۆربەی کارەکانتدا پەیرەو بکەیت دەتوانیت باوەڕ بەخۆبوونت بنیادبنێیت بە وێناکردنی ئەوەی کێشە نییە بارودۆخەکە هەرچۆنێك بێت، هەموو شتێك لەکۆتاییدا باش دەبێت. ئەو هەستی کۆتایی فیلمە لە خۆتدا دروست بکە کە هەرکات بیر لە پرووداتی کارێکی پێشهات یان کێشەیەك دەکەیتەوە کە بە هەر شێوەیەك دەبێتەوە نیگەرانی و ناڕامییت. بەر لە هەر کۆبونەوەیەك یان پەیوەندییەکی بازرگانی یاخود چاوپێکەوتنێك ئەوا چەند خولەکێك وەربگرە تاکو هەستی کۆتایی فیلمەکە بەدەستدەخەیت. دواتر ئارامبە، گرنگ نییە لەو ماوەدا چی پرووەدات، پێویست ناکات هیچ نیگەران بیت. تۆ پێشتر زانیوتە کە بارودۆخەکە بەباشی کۆتای دێت بە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن پێیانەوە.

شتێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کاتێك بەبەردەوامی ئەم دووبارە دەکەیتەوە، نەك تەنها بەرزترین ئاستی باوەڕ بەخۆبوون ئەزموون دەکەیت، بەڵکو هەموو پرودلوەکانی ژیانت بەشێوەیەك دەگۆڕێن بۆ باشتر لەوەی کە خۆت دەکرا دلوای بکەیت یاخود پێشبینی بکەیت.

خۆراك بە هزرت بدە

چوارەمین تەکنیکی توانستی هزری و رێکایەکی تر بۆ بنیادی باوەڕ بەخۆبوونت ئەوەیە کە بەبەردەوامی خۆراك بە مێشکت بدەیت بە کتێب گۆڤار و بەرنامە دەنگییەکان کە پەیامی بەرزی ئەرێنی لە خۆدەگرن.

ڕەنگ چۆن دەبێت بەو شتەی کە دەیخوێت، هەروەها دەبێت بەو شتەی
کە بیری لێدەکەیتەوە. هەرشتێک کە بیکەیتە هۆزی بەئاگاییتەوە بە
نەرێنی و نەرێنییەوە یان ئەوەتا دەبێتەهۆی بەرزکردنەوە یاخود
بەزاندنی ڕێزی خودی و باوەڕ بەخۆبوونت.
ئەوەی کۆنترۆڵی شێوازی ژیریت بکەیت پێویستە زۆر بەئاگابیت لە
کاریگەرییە پێشینیازەکان لە چواردەورت، کۆششی تەواو بکەیت و
دڵنیابیت لەوەی کە هەموویان ئەرێنین و لەگەڵ خواست و ئامانجەکانت
دەگونجێن.

هاوەمی کەسانی ئەرێنی بکە

یەکێک لە بەهێزترین کاریگەرییە پێشنیازەکان لەژیانتدا، پێدەچێت تاکە
کاریگەرییەک بێت کە بڕیار لەسەر سەرکەوتن و شکستەکانت دەدات زیاتر
لە هەر هۆکارێکی تر بڕیتی بێت لە جۆری ئەو کەسانەی کە لە
دەوروبەرتن و بەشێوەیەکی سەرەکی و ئاسایی پەیوەندییان
پێوەدەکەیت.

پێنجەمین تەکنیک بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گەشبین، دڵنیا و پڕباوەڕ
بمێنیتەوە ئەوەیە کە لەگەڵ کەسانی ئەرێنی و گەشبیندا بیت و دوور
بکەویتەوە لە کەسانی نەرێنی و ڕەشبین. لەبری ئەوەی لەگەڵ قەلەکان
چنە بکەیت، لەگەڵ هەڵۆکاندا بفڕە. ئەمڕۆ چارەسەری زیانت بکە و
هەمو کەسە نەرێنییەکان لە زیانت دوورببەرەوە.
بە هۆی ئەوەی کاریگەری زۆرت لەسەرە لەلایەن کەسانی تردەوە- ئەو
کەسانەی کاریان لەگەڵ دەکەیت و پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستیت و

کاتیان لەگەڵ بەسەردەبەیت- پێویستە هەموو شتێك بکەیت بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەوەی کە ئەو کەسانەی لە دەوروبەرتن خۆشدەوێن و خۆشیان لێدەبینیت, وات لێدەکەن کە هەست بەباشی بکەیت.

تۆڕێنەوەیەك دەریخستووە کە هاودەمیکردنی کەسانی ڕەخنەگر و سکاڵاکەر دەکرێت بەس بێت بۆ وێرانکردن و نەهێشتنی هەموو دەرفەتەکانی سەرکەوتن و دڵخۆشییت. کەسانی نەرێنی دڵخۆشت ناکەن و وزە و پەرۆشییەکەشت ناهێڵن.

کەسانی ئەرێنی بهێنەرە ناو ژیانتەوە

خۆشبەختانە, یاسای سەرنجکێشکردن بەشێوەیەکی زۆر خێرا کار لەسەر خەڵکی دەکات. بەر لە هەموو شتێك دەتوانیت ژینگە مرۆڤایەتییەکەی دەوروبەرت بگۆڕیت, بەوەی کە بیر لە کەسایەتی ئەو کەسانە بکەیتەوە کە پێیان سەرسامیت و دەتەوێت ببیتە کەسێکی لەو شێوە. بیر لەو کەسە, مردوو و زیندووانە بکەرەوە ئەوانەی کە دەتەوێت ڕێزیان بگریت و بیانکەیتە سەرمەشقی خۆت. چیرۆکی ژیانی کەسە سەرکەوتووەکان بخوێنەرەوە, گۆڤار و چاوپێکەوتنەکانیان بخوێنەرەوە کە لە ژیانیاندا بەکوێ گەشتون. هاودەمی براوەکان بکە و بیاننناسەرەوە. هەرکە بیر لەو کەسانە دەکەیتەوە کە پێیان سەرسامیت, هەست بە گۆڕانکارییەکی بەهێز دەکەیت لە شێوازی بیرکردنەوەکانتدا.

لە هەمان کاتدا, یاسای دوورخستنەوە چالاك دەکەیت, کەسانی نەرێنیش لە ژیانت دوورەکەونەوە. کەسانی ئامانجدار و ئەرێنی ئارەزووی هاودەمیکردنت دەکەن و دێنە ژیانتەوە. تا زیاتر کەسێکی ئەرێنی بیت,

ڕێساس نەرێنی بە بێزارکەرت دەزانن. بەزوویی ژینگە مرۆڤایەتییەکەت
ڕ ژینگەیەکی باشتر دەگۆڕێت.

هەرد شتێك هەژمار دەکرێت

بە هەرحاڵ, ئەگەر ئەم ڕاهێنانە لە بەرنامەداڕێژانی هزردا وەك کۆمەڵێك
کار دەریکەون. بیرت بێت هەموو ئەو ئەرکانەی کە بەجێیان دەهێنیت و
ئەوانەشی کە بەجێیان ناهێنیت ئەوا ئەنجامیان هەیە. وەك یاسای چاندن
ر دورینەوە, هەرچییەك بچێنیت یاخود شکست بهێنیت لە چاندنیدا ئەوا
لە کۆتاییدا هەر ئەوە دەدوریتەوە.

یاسای کەڵەکەکردن ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کە هەموو شتێك
هەژماردەکرێت. هەر هەنگاوێکی ئەرێنی کە دەینێیت, ئەوە هەنگاونانە
بەرەو بنیادنانی ژیانێکی مەزن. هەموو وشەیەك, بیرۆکەیەك یان
خەباڵێکی ئەرێنی, بیرو باوەڕ بە تواناکانت زیاد دەکەن بۆ بەدەستهێنانی
شتە ناوازەکان.

لەکۆتاییدا یاسای ئاوەژوبوونەوەت بیربێت. ئەگەر بە هەر شێوەیەك کار
بکەیت بە ئاستێکی بەرزی باوەڕ بەخۆبوونەوە, ئەوا ئەو کارانە جۆرە
هەستێکت بۆ دروستدەکەن کە لەگەڵیان دەگونجێت. هەموو کارێکی
ئەرێنی و دروستکەرانە کە بە ئاڕاستەی خەون و ئامانجەکانت ئەنجامیان
دەدەیت, توانا و باوەڕ بەخۆبوونت زیاد دەکەن بۆ هێنانەدی
ئامانجەکانی ژیانت.

هەموو کاتژێر و ڕۆژێك با هەڵوێستت ڕوون بێت، بەرلەوەی کارێکی نەرێنی و بەردەوام بکەیت. پەرە بە هەستی خێرایی بدە، هەر کە دەرفەتێك ڕەخسا خێرا کردار بکە. بەردەوام مەیلت بۆ کارەکەت هەبێت. چالاکی خێرا پێویستە بۆ سەرکەوتن. تا خێراتر جوڵە بکەیت، زیاتر هەست بەباشی دەکەیت. تا خێراتر جوڵە بکەیت، وزەی زیاترت دەبێت. تا خێراتر بجوڵێیت، ڕێزی خودی و باوەڕ بەخۆبوونیشت زیاتر دەبێت.

لەڕاستییدا جیهان دابەش دەبێت بۆ دوو بەش: قسەکەرەکان و بکەرەکان. جیهان پڕە لەو قسەکەرانەی کە دڵنیان لەوەی نەگەر قسەبکەن سەبارەت بە کارەکە وەك ئەوەیە کە لەڕاستییدا کارەکەیان کردبێت بەڵام تۆ بکەریت، ئەوە هەمیشە بکەرەکان بوون کە مێژووی مرۆڤایەتییان بەرەوپێشبردووە. ئەوان کەسانێکن کە بیر دەکەنەوە، پلان دادەنێن وە دواتر بەردەوامی بەکارەکانیان دەدەن. ئەوانن وادەکەن شتەکان ڕووبدەن. کاتێك بەشداری لە کارێکی بەردەوامدا دەکەیت، نەك تەنها هەست بەباشی ناکەیت بەرامبەر بەخۆت، بەڵکو تواناکانت زیاد دەکەن بۆئەوەی هەرشتێك کە دەتەوێ ئەنجامی بدەیت زۆر بەخێرای لە ژیانتدا زیاد بکات. لەکۆتاییدا هیچ شتێك ڕاتناگرێت.

ڕاهێنانە کردارییەکان:

١. وێنەیەکی هزری سەرنجڕاکێشی، ڕوونی گرنگترین ئامانجت دروست بکە، وەك ئەوەی کە پێشتر بە هەموو وردەکارییەکانەوە هەتبوویێت.

٢. هەموو ڕۆژێك وا هەڵسوکەوت بکە، وەك ئەوەی کە پێشتر کەسێکی نەرێنی، باوەڕ بەخۆبوو وە سەرکەوتوو بوویت و دەشبیت.

٣. هەشقی هزری جێبەجێ بکە, بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێکی گرنگ. چاوەکانت دابخە, هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژە, وێنەیەکی هزری بۆ سەرکەوتنی تەواو بنەخشێنە و هەستێکی ئارامیی و باوەڕ بەخۆبوون پەرەستبخە کە ئارەزووی دەکەیت.

٤. ئەمڕۆ بڕیار بدە بۆ ئەوەی تەواوی بەرپرسیاریەتییەکانی ژیانت پەسەند بکەیت, بۆ ئەوەی کە لە ئەمڕۆدا چوێنیت و بۆ هەر شتێکیش لەدامانوودا چۆن دەبیت.

٥. ئامانجە سەرەکییەکانت لە کارتێکی (٣ X ٥)دا بنوسە و هەموو ڕۆژێک دووجار پێداچونەوەیان بۆ بکە, تاکو لە هزریی نائاگاییتدا بەتەواوی دەچەسپێن.

٦. بڕیار بدە کە تەنها لەگەڵ کەسانی ئەرێنیدا بیت و کەسانی نەرێنی لەژیانت دووربخەرەوە.

٧. ڕۆژانە خۆراک بە میشکت بدە بە تەوژمێکی ئەرێنییانەی نەگۆڕ بە کتێبەکان, پەیامە دەنگییەکان, گفتوگۆکان و هەموو کاریگەرییە پێشنیازەکانی تر کە دەگونجێن لەگەڵ باشترین کەسایەتییەک کە دەکرێت ببیت.

بەشی پێنجەم
جەخت لەسەر تواناکانت بکەرەوە

" فێربووم کە سەرکەوتن بەو ئاستە ناپێورێت کە تاك لەژیانییدا پێیدەگات بەڵکو بە زاڵبونێتی بەسەر ئەو کۆسپ و ئاستەنگیانەی لە هەوڵی سەرکەوتنیدا دێنە ڕێی."

(بووکەر. تی. واشنتن)

باوەڕ بەخۆبوون هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ بردنەوە, ڕێزیی خودی, سەرکەوتن و دڵخۆشییدا پێکەوەن دێن لە هەر شتێکدا کە ئەنجامی دەدەیت. تا زیاتر باوەڕت بەخۆت هەبێت, زیاتر شتەکان تاقیدەکەیتەوە و بەپێی یاسا ڕێژەییەکان شتی زیاتر بەدەست دەهێنیت.

تا زیاتر باوەڕت بەخۆت هەبێت, کەمتر نائومێدیی و کۆسپ و بەربەستە کاتییەکان کارت لێدەکەن. تا زیاتر باوەڕت بەخۆت هەبێت, ژیانێکی پڕ و درێژی خۆش و پڕاوپڕ لە خود ڕازیبوون و سامان و خەڵاتت دەبێت. بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە مەبەستی سەرەکی ئەم کتێبەیە.

یەکێك لە خاڵەکانی وەرچەرخانی باوەڕ بەخۆبوون ئەوەیە کە بزانیت توانا و هێزێکی زۆرت هەیە و دەتوانیت هەرشتێك بەدەستبهێنیت کە دەتەوێت.

ئ کەسێکی ناناسایيت! ئەگەری هەبوونی کەسێك بەو هەموو توانا, هێز
ر کارامەیيە بێهاوتایانە زۆر دەگمەنە کە دەیهێنیتە ناو جیهان و ژیانتەوە.
هیچ کەسێك تەنانەت خۆشت نازانیت کە ئەو شتە باوەڕپێنەکراوانە چین
کە دەیانکەیت و دەبیت. بەهەرحاڵ, تاکە شت کە دەیزانیت ئەوەیە کە
لە کۆتاییدا هەموو ئەو شتە گرنگانەی بەدەستیان دەهێنیت لە
نواناکانتەوە دێن بۆ ناسینەوەی ئەو بوارەی کە توانایەکی باشت تیایدا
هەیە, دواتر جەختکردنەوەیە لەسەریان لە هەموو بارودۆخێکدا.

پێگە نایابییەکەت

هەرکەسێك پێگەیەك یان زیاتری لە " پێگەی نایابیی" هەیە کە ئەگەر
سودی لێوەربگرێت, دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت بۆ بوون, هەبوون و کردنی
هەرشتێك کە ڕەنگە بیەوێت. هەرکەسێك لە ئەنجامی چەند سالێکی
خوێندن, ئەزموون, چەندین شیاوی پەرەپێداوە کە لە هەموو کەسانی
تری جیادەکەنەوە. ئەو کەسانەی کە لە هەموو بوارەکاندا زۆرترین شت
بەدەستدەهێنن, هەمیشە ئەوانەن کە کاتی خۆیان تەرخانکردووە بۆ
ناسینەوەی ئەو بوارانەی کە تیایدا بەهێزترینن و دواتر کارکردن
لەسەریان بەشێوەیەکی بەردەوام.
پێشتر گوتمان کە ژیان بابەتی سەرنجدانە. سەرنجت لە هەرکۆێ بێت,
ئەوا دڵیشت لەوێ دەبێت. هەرشتێك, کەسێك یان ڕووداوێك کە سەرنجت
ڕادەکێشێت دەرخەری پێکهاتەی تەواوی هزرتە. هەموو ئەو شتانەی کە
ئارەزوویان دەکەیت, دەرخەری ئەوەن پێویستە زیاتر ئەنجامیان بدەیت.

بوارە دروستەکەت هەڵبژێرە

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەسەر هەزار و پێنج سەد کەس کراوە. لە سەرەتاوە بەپەرۆشی و تامەزرۆییەوە دەستیان بە کارەکانیان کردووە. بۆیان دەرکەوت کە تەنها هەشتا و سێ دانە لەوان لەدوای بیست ساڵییەوە بوون بە ملیۆنەر.

کاتێک گەڕانەوە و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی بڕیاردانی ئەو کەسانە کرد کە چۆن لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا بەو شێوە بەرەوپێشچوون. ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە هەمو ملیۆنەرەکان خاڵێکی هاوبەشیان هەبووە. هەموویان بواری هەڵبژێردراویان هەبووە کە حەزیان لێی بووە, دواتر بەتەواوی چڕبوونەتەوە لەو شتەی کە ئەنجامیان داوە.

چوون بۆ کارەکانیان لەو شوێنەی کە هەوڵیان بۆی داوە, زۆریان حەز پێبووە و هەموو سەرنجیان بە کارەکانیان داوە. دواتریش بەتەواوی دڵیان داوەتە کارەکەیان هەتا زۆر باشبوون و پەرەیان بە توانا پێویستییەکانی سەرکەوتن لەو بوارەدا داوە. دواتر بە تێپەڕبوونی کات زۆر بەهێز و باشتربوون. کۆتایی لێکۆڵینەوەکە بریتی بوو لەوەی سەرکەوتن, سەرمایە و دڵخوشیی کاتێک بەدەستدێن کەسێک بەتەواوی بیر لە ئەنجامدانی شتێکی تر دەکاتەوە. کەسانی سەرمایەدار لەم لێکۆڵینەوەیە هەرگیز بۆ دەستکەوتنی پارە هەوڵیان نەداوە لەبری ئەوە هەوڵیان بۆ دۆزینەوەی ئەو بوارە داوە کە بەڕاستی حەزیان پێکردووە, دواتر خۆیانیان بۆ تەرخانکردووە و پاشان بیریان لە پارە کردوەتەوە.

ئەمبنکی پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیە ئەوەیە کە هەرگیز بەڕاستی ڕازی و دڵخۆش نابیت هەتا ڕێگەیەک نەدۆزیتەوە بۆ بەکارهێنانی توانا مرۆڤایەتییە بێهاوتاکانت لە ژیان و کارەکەتدا. لە کتێبی (کارکردن) دا, ستاتز تێرکێڵ دەڵێت:" لە سەدا هەشتای خەڵکی ئەمریکا هەستناکەن کە تەواوی تواناکانیان لە کارەکانیاندا بەکاردەهێنن. ڕەنگە سەرقاڵ بن بان تاڕادەیەک ڕازی بن بەڵام ئەگەر زیاتر وردبنەوە وا هەستدەکەن کە دەتوانن باشتربن ئەگەر شوێن و دەرفەتی گونجاویان هەبێت. تۆش لە هەندێك کاتدا هەمان هەستت هەیە."

هەندێك کات ئەمە پێیدەوترێت هەستی ناڕازیبوون. ئەمە هەستێکی ناڕاسودەی و ناڕازیبوونە لە کاتێکدا دروستدەبێت کە تۆ بەتەواوی بەرەنگار ناکرێیتەوە بەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت. بۆ ئەوەی خۆشی لە ڕاستی بەرزی ڕێزی خودییت و باوەڕ بەخۆبوونت وەربگریت ئەوا پێویستە لە دەرەوەی چوارچێوەی حەزەکانتدا کار بکەیت. پێویستە بەبەردەوامی پەرە بە تواناکانت بدەیت. دەبێت ئەو هەستەت هەبێت کە هەمور ڕۆژێك لە گەورەبوون و بەرەوپێشچووندایت لەگەڵ هەموو ئەو بەرەنگارییانەی لە کارەکەتدا هەیە.

بەبێ هەبوونی ئەو هەستی گەورەبوون و بەرەنگاریە بێزار و ناڕازی دەبیت, کە ئەمەش نامازەیەکی باشە. ناڕازیبوون و بێزاریوون هەمیشە بەر لە گۆڕانکارییەکی گەورە دێن, کە وات لێدەکەن جارێکی تر بگۆڕێیت وگەورەبیت.

ڕێکردن لەگەڵ بەها گونجاوەکانت

لە بەشی یەکەمدا, قسەمانکرد سەبارەت بەوەی کە بەهاکان چەندە بۆ باوەڕ بەخۆبوونت گرنگن. کەسانی بەها ڕوون ئەوانەن کە ژیانیان لەگەڵ بەها بەرزەکانیان بەڕێدەکەن و هەستێکی قوڵی باوەڕ بەخۆبوون و کامەرانییان هەیە. هەروەها گوتیشمان گرنگترین بەها کە دەکرێت هەتبێت بەهای ڕاستگۆییە. ڕاستگۆیی گرەنتییە بۆ هەموو شتەکانی تر. هەبوونی ڕاستگۆیی واتە سازش نەکردن لەسەر ئەو شتانەی کە باوەڕت وایە ڕاستن لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت.

ڕاستگۆیی زۆر پێویستە ئەگەر دەتەوێت تواناکانت زیاد بکەیت. واتە لە هەموو شتێك زیاتر ڕاستگۆییانە سەیری خۆت بکەیت و بڕیارەکانت لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییانە بنیاد بنێیت کە تۆ کەسێکی نائاساییت.

هەستەکانت ئاماژەیەکی پڕبەهان بۆ هەڵسوکەوت و بڕیارەکانت. دەروونێکی ئارام و ڕەزامەندیی کەسییت ڕەنگە گرنگترین و دروستترین ڕێنیشاندەربن بۆ ئەنجامدانی ئەو شتەی گونجاو و دروستە بۆت.

بوێریی گرنگە

ئەگەر دەتەوێت دڵخۆش بیت و باوەڕت بەخۆت هەبێت, ئەوا لەگەڵ ڕاستگۆییدا, بوێرییش گرنگترین خەسڵەتە کە دەتوانیت هەتبێت. ئەگەر ڕاستگۆیی واتای ڕاستگۆیی بێت لەگەڵ خۆت, ئەوا بوێریی واتای هەبوونی هێزێکی هزری زۆرە بۆ ئەوەی شوێن دڵت بکەویت بەرەو ئەو جێگایەی کە دەتبات. بوێریی واتە هەبوونی هێزێکی وەها کە هەموو بیرکردنەوەکانی تر وەلا بنێیت بۆئەوەی کە بەڕاستی بمێنێتەوە.

ئەمسۆن چەرچڵ دەڵێت: " بوێریی بە گرنگترین و باشترین ئاکار دەبینێت کە هەموو ئاکارەکانی تر پشتی پێدەبەستن."

ئێستادا دەزانیت کە ترس گەورەترین دوژمنی باوەڕ بەخۆبوون و سەربوونە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خەڵکی نازانن چی بکەن, بەڵکو ترسەکانیان لەوەی کە دڵیان پێیان دەڵێت ئەنجامی بدەن. هەرچۆنێك بێت کێشك بوێرییت بنیاد دەنێیت ئەوا وردە وردە زاڵدەبیت بەسەر ترسەکاندا. بوێرییت هەموو درگاکانی جیهان بەڕووتدا دەکاتەوە و باوەڕ بەخۆبوونیشت زیاد دەکات. دەگەیت بەو ئاستەی کە چیتر هیچ بەربەست و سنوورێك نییە بۆ ئەو شتانەی کە هەوڵیان بۆ دەدەیت و ئەو شتانەشی کە خوێتیان بۆ تەرخان دەکەیت.

شوێن دڵت بکەوە

بەکێك لە هونەرمەندە شێوەکارە مەزنەکان پیاوێك بوو بەناوی پۆڵ گەوگان کە لە پاریس دەژیا و خێزانی هەبوو. بۆماوەی چەند ساڵێك لە پۆستەخانە کاریدەکرد, لە ئێوارەاندا هەمیشە سەردانی ئەو قاوەخانانەی دەکرد کە شێوەکارە پاریسییەکانی لێ کۆدەبونەوە, بۆ ناسینیان و پرسیارکردن لێیان. زۆر حەزی بە وێنەکێشان هەبوو. هەموو سەرنج و لێهاتی لەسەر وێنەکێشان بوو. تاکە شت بوو کە بیری لێدەکردەوە. لەبەر هەبوونی خێزان و کاتێکی زۆری کارکردن, نەدەکرا خۆی بۆ وێنەکێشان تەرخان بکات.

پاڵێك هەمووانی سەرسام کرد کاتێك دەستی لە کارەکەی کێشایەوە و خێزانەکەی بەجێهێشت و ڕوویکردە باشووری دوورگەی تاهیتی. لەوێ

دەستی بە وێنەکێشان کرد, هەرچەند لە سەرەتادا زۆر خراپ بوو بەڵام دواتر وردە وردە باشتر بوو. تواناکانی پەرەیان سەند و نێستا تابلۆکانی نرخیان سەدان هەزار تەنانەت ملیۆنان دۆلاریش دەبێت. تابلۆکانی لە باشترین و بەناوبانگترین مۆزەخانەکانی جیهاندا هەڵواسراون. بە باشترین و گرنگترین وێنەکێشانەکانی سێ سەدەی ڕابردوو دادەنرێت. هاوشێوەی داپیرە موسا, ئەویش لەکۆتاییدا بڕیاریدا کە شوێن دڵی بکەوێت و جەخت لەسەر ئەو شتانە بکاتەوە کە چەندین ساڵە حەزیان پێدەکات.

لەگەڵ خۆت ڕاستگۆبە

بۆ ئەوەی شوێن دڵت بکەویت, ئەوا پێویست ناکات کە گۆڕانکارییەکی کتوپڕ لە ژیان و پەیوەندییەکانتدا بکەیت. ئەوەی کە پێویستە تەنها ئەوەیە کە خۆت بەڕاستگۆی و بەو شێوە ببینیت کە هەیت و بوێری ئەوەت هەبێت کە هەموو وزەکانت کۆبکەیتەوە و جەخت لەسەر ئەو بواره بکەیتەوە کە تەواو تیایدا بەتوانایت. کاتێک ئەمە دەکەیت بەزووی بۆت دەردەکەوێت کە یەکێک لە باشترین بڕیارەکانت لە ژیانتدا داوە. هەر یەکێک لە ئێمە توانا و هێزێکی زۆرمان هەیە و نێردراوینەتە سەر ئەم زەوییە تا کۆنترۆڵی ئەو هێز و توانایەمان بکەین و بەشێوەیەکی سودبەخشانە بۆ خۆمان و مرۆڤایەتی بەکاریان بهێنین.

چیرۆکەکانی مێژووی ژیانی کەسە مەزنەکان هەمیشە چیرۆکی ئەو کەسانەن کە تواناکانی خۆیان دۆزیوەتەوە و بەباشترین شێوە بەکاریان هێناون. چەرچڵ یەکێک بووە لە وتاربێژ و سیاسەتمەدارە مەزنەکان. فلۆرێنس نایتینگیڵ ڕێکخەرێکی مەزن بوو. جەیمس چادویک مەلەوانێکی

ڕاهێزبوون نەبراهام لینکۆڵن سەرۆك و سیایەتمەدارێکی دووربین و

بیری بوو.

بیکە ئێرسا کەسێکی مرۆڤپەروەر بووە لەگەڵ هەبوونی توانایەکی

بکۆنا بۆ چاودێریکردن و پاڵپشتیکردنی نەخۆش و مردووەکان لە

کالگونا. جۆی مۆنتانا هێرشبەرێکی ئەفسانەیی بوو کە خاوەنی بازویەکی

بەهێزی هاوێشتن بوو لە یانەی واشنتۆن ڕێد سکینز.

ل هەموو لایەکەوە ئەو کەسانە دەبینیت کە توانا جۆربەجۆرەکانیان

بەتوندی دەستپێوەگرتووە, وەك گرتنی توپ و هێشتنەوەی لای خۆیان

لە بارى توپی پێدا و ڕادەکەن بەرەو گۆڵەکە. تۆش دەتوانیت هەمان شت

بکەیت, ئەگەر بوێرییت هەیە شوێن دڵت بکەویت.

ئارەبوکردنەوەی لاوازییەکان

هیچ گفتوگۆیەك لەسەر بەهێزییەکانت بەبێ باسکردن لە لاوازییەکانت

تەواو نابێت. هەروەها کەسانی بەهێز خاڵی لاوازی بەهێزیان هەیە.

لەڕاستییدا, زۆرینەی خەڵکی لاوازییەکانیان زۆر زیاترن لە

بەهێزییەکانیان. ڕەنگە لە چەندین بواردا بەهێزییت بەڵام لە سەدان

بواری تردا لاوازیت. لاوازییەکان چەند ڕاستییەکی ناچاری و

لێدەربازنەبوون لە ژیاندا. هەروەك پیتەر دراکەر دەڵێت:" هەموو

بیزنسکان, بۆتەوەی کار بکەن و سودیان هەبێت پێویستە سادەبن

لەبەرنامەی تەنها کەسانی ناکارامە جێبەجێیان بکات. تاکە شت کە

هەرمان هەمیشە و بەزۆری هەمانە بریتییە لە ناکارامەیی."

ئەگەر کەسێکی نائۆمێد و دڵڕەق نەبووە بەڵکو کەسێکی واقیع بین
بووە. ئەوەی نیشانداوین کە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک ناکارامەن
زۆربەی بوارە جیاجیاکاندا. ململانێکردن لەگەڵ خاڵە لاوازییەکانی خۆیا
ئەوەیە کە کەسانی ناکامەران و سەرنەکەوتوو ئارەزووەکەن هەمیش
لەسەر بکەنەوە.
هەمیشە بە لاوازییەکانیانەوە سەرقاڵ دەبن و زۆرینەی کاتەکانیان بەم لە
نەبوونی بەهرە و توانا دەکەنەوە. ئەو ڕاستییەیان لا بزردەبێت کە هەمو
کەسێك هێز و توانای هەیە کە ڕەنگە پێویست بێت پەرەی پێبدات
هەروەها ئەو هێزانەش دەتوانن هەر شتێکیان بۆ بەدەستبهێنن کە
دەیانەوێت. لەبری ئەوە بەبەردەوامی لەو بوارانەدا کاردەکەن کە چوستر
کارامەییان کەمترە, وەك لەو بوارانەی توانایەکی نایابیان تیایاندا هەیە

پەرە بە هێز و تواناکانت بدە

هەموومان لەگەڵ هەستی خۆبەکەمزانین و خۆ بەباش نەزانینەدا
گەورەدەبین. ڕێزی خودی و باوەڕ بەخۆبوونمان بەئاسانی تێکدەشکێنێ
هەستە نەرێنییەکانمان بەرامبەر بە خودی خۆمان وەك میزەڵان وان نفد
بەئاسانی نامێنن. پێویستە بۆ ماوەیەکی درێژ کار لەسەر خودی خۆمان
بکەین بۆئەوەی خۆمان بنیادبنێینەوە و چاك و بەهێز ببینەوە بەتایبەتی
لەو بوارانەی هەڵەیان تیادا دەکەین.
هەمرو مرۆڤێك کۆمەڵێك بەهێزی و لاوازی هەیە. ناوچە و ئاستی بەرنە
توانای شارلوەت هەیە لەگەڵ چەندین ناوچەی لاوازی کە بەشێوازی
ئاسایی و ڕێکو پێك بەجێیان دەهێنیت. هەروەها درلکەر دەڵێت:"

ئامانجی کارکردن بریتییە لە زیادکردنی هێز و تواناکان و بێبایەخکردن و کەمکردنەوەی لاوازییەکان."

باسای سەرنجدان کارێگەرییەکی لە ڕادەبەری لەسەر کەسایەتییت هەیە. لەسەر هەرشتێك زۆر بەردەوام بیت ئەوا لە ژیانتدا گەورە دەبێت. کەسانی بەهێز و کارامە ئەوانەن کە لەسەر هێز و تواناکانیان بەردەوامن. کەسانی لاواز ئەوانەن کە بەردەوامن لەسەر بێتوانای و لاوازییەکانیان. هەمیشە دەرفەتی ئەوەت هەیە کە ئایا پەرداخەکەی دەستت بە نیوە پڕ یاخود بە نیوە بەتاڵی ببینیت.

بەهەرحاڵ بۆ پەرەپێدان و هێشتنەوەی بەرزترین ئاستی باوەڕ بەخۆبوونت, سەرکەوتن و دڵخۆشییەکانت, ئەوا پێویستە زۆربەی کات بەئاگاییانە لەسەر تواناکانت ژیان بکەیت و پەرەیان پێبدەیت.

تۆ کەسێکی کارامەداریت

یەکێك لە گرنگترین و باوترین تایبەتمەندییەکانی ڕابەر و پێشەنگەکان لەژیاندا ئەوەیە کە خۆیان وەك دەستەیەك سەرچاوە نیشان دەدەن کە دەکرێت بە چەندین شێوازی جیاجیا بەکار بهێندرێن. وەك چۆن ئامێرێك بۆ چەندین کاری جیاواز بەکاردێت.

پێشەنگەکان خۆیان تەرخانکردووە بۆ ئەو بوارانەی کە دەتوانن بەباشترین شێوە ڕۆڵی تیادا ببینن و جیاوازی گرنگ دروست بکەن. جەخت لەسەر ئەو بوارانە دەکەنەوە کە دەتوانن تیایاندا سەرکەوتووبن بەهۆی توانا تایبەتییەکانیانەوە.

یەکێك لە باشترین پرسیارەکان کە هەمیشە لە خۆتی بکەیت ئەوەیە" دەتوانم چی شتێك بکەم ئەگەر بەباشترین شێوە ئەنجامی بدەم گەورەترین جیاوازی لە بارودۆخەکەمدا دروست دەکات." هەروەها یاسای سەرنجدان دەشڵێت کە هەموو سەرکەوتنە مەزنەکان بەدی دێن لە هەبوونی ئامانجێك و جەختکردنەوەیەکی چڕ لەسەر ئەنجامدانی شتێك یاخود چەند شتێك زۆر بەباشی. سەرکەوتن لە مانەوەدایە لە کارێکی تایبەتدا و گرنگترین و بەبایەخترین کارێکە کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت تاکو سەرکەوتوو دەبیت.

هەموو دەستکەوتە مەزنەکانی مرۆڤ بە خۆ تەرخانکردنێکی درێژخایەن و کۆششێکی بەردەوام بەدەستدێن. هەرچەندە, ئەگەر لە شوێن و بوارێکی هەڵەدا زۆرییش هەوڵبدەیت ئەوا تەنها سەرکەوتنێکی کەم بەدەستدەهێنیت. وەك بینجامین تریگۆ دەڵێت:" خراپترین بەکارهێنانی کات ئەوەیە کە بەباشترین شێوە شتێك ئەنجامبدەیت کە بە هیچ شێوەیەك پێویست نییە ئەنجامبدرێت."

لایەنە بەهێز و لاوازییەکانت هەڵبسەنگێنە

ئەمە دەمانگەیەنێتە گرنگییەکانی هەڵسەنگاندنی خود بە لەبەرچاوگرتنی بەهێزییەکانت. کاتێك پلانێکی ستراتیژی بۆ دامەزراوەیەك دادەنێین, بەبەردەوامی لەگەڵ شتێك مامەڵە دەکەین کە پێیدەوترێت سەرنجدانی هێز. کۆمپانیاکە پێویستە جەخت لە سەر چی بکاتەوە تاکو ئەنجامێکی نائاسایی بەدەستبخات لە مارکێتینێکی پێشبرکێداردا؟

لەم حالەوە دەستپێدەکەین کە کۆمپانیاکە پلەیەکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشانکردنی هەیە لە دەستنیشانکردنی ئەوەی چی پێشکەشکردووە بۆ بینەرەوە و مانەوەی لە بازاڕەکاندا. ئێمە دەڵێین کە مەبەستی بازرگانی سەرمستکردن و هێشتنەوەی کڕیارە. کڕیار یاخود ئەو کەسەی کە کۆمپانیاکە بۆ خزمەتی بنیادنراوە بریتییە لە ناوەندی هەموو بڕیاردان و حسابانەکان. کڕیارێکی خەیاڵی لە ناوەڕاستی مێزەکە دادەنێین و بەشێوەیەکی ستراتیژی و ژیرانە پلانیان لەگەڵ دادەنێین.

وزەکەت زیاد بکە

یەکێک لە گرنگترین پلانە ستراتیژییە هاوبەشەکان بۆ ئەوەیە کە ڕێژەی قازانج و وەبەرهێنان زیاد بکات لە دامەزراوەکەدا. ئەمەش بە دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی سەرمایەکان بەشێوەیەکی وەها کە ئەو خەڵات و دەستکەوتانەی کۆمپانیاکە بەدەستیدەهێنێت زۆر زیاتر و گەورەترین ڕەک لەوەی کە پلانی کرداریمان نەبێت. دەستدەکەین بە دانانی بەهای پلان و وێنەی ڕوونی ئەوەی کە کۆمپانیاکە دەیەوێت چۆن بێت لە داهاتوودا و دەستەیەک پەیامی نوسراو کە باسی شوێن و ئامانجە ستراتیژییەکانی کۆمپانیاکە بکات.

هەرکەسێک پێویستە هەمان شت لەگەڵ خۆی بکات. مەبەست لە پلانە ستراتیژیە کەسییەکانت ئەوەیە کە هێزت پێبدات وزە و تواناکەت زیاتر بکەیت. لەبەرئەوەی کاتەکەت ژیانتە , هەموو وزە هزری و هۆشی و جەستەییەکانت گرنگترین سەرچاوەی بەهاکانتن. کاری تۆ ئەوەیە کە

کۆششەکانت بەشێوەیەکی وەها ڕێکبخەیت کە خەڵاتی نفز و ڕازیکەرت پێبدەن و لەداهاتوودا وزەکانتی تیادا بەکاربهێنیت.

جیاوازیە

هەر کۆمپانیایەک, بەرهەمێک یاخود کارێک پێویستە پەرە بە شێوازێکی دانسقەی فرۆشتن بدات. ئەمە دەبێت بە کلیلێکی جیاوازی کۆمپانیاک یاخود بەرهەم و کارەکانی کۆمپانیاکە لە پێشبڕکێکەدا. زۆرجار, ئەم پێیدەوترێت بواری کارامەیی. هەندێک جار ئێمە پێیدەڵێن بواری بڵندیی. لە هەموو دۆخێکدا, زۆر پێویستە کە ئەوە دیاری بکەین چۆن, لە کوێ. بۆچی و لە چی پلەیەکی دیاریکراودا کۆمپانیاکە و بەرهەمەکان لە هەموو کۆمپانیاکانی تر جیاوازن کە ڕکابەرییان لەگەڵ دەکەن بۆ هێشتنەوە و دروستکردنی کڕیارەکان لە بازاڕەکاندا. هەرچی جێبەجێبکرێت لە پێشبرکێی بازرگانییدا, ئەوا بۆ تۆش جێبەجێدەکرێت.

تۆ بەڕێوەبەری خۆتیت

تۆ بەڕێوەبەری ژیانی خۆتیت, سەرکردەی کار و پیشەکانی خۆتیت. بۆ خودی خۆت لە بازرگانیداییت و خاوەنی کار و پیشەیت. گرنگ نییە کێ واژۆی چەکی پارەکەت دەکات. هەر لە یەکەم ڕۆژ کە دەستبە کار دەبیت تاکو ئەو ڕۆژەی خانەنشین دەبیت, بۆ خۆت کار دەکەیت.
ڕەنگە لە نوسینگە یاخود کۆمپانیای کەسێکی دیکە کار بکەیت بەڵام تۆ هەمیشە خاوەن کاریت. شکستی نۆرینەی خەڵکی لە ناسینەوەی ئەم ڕاستیی کاروبارە خودییانەیە و هەڵسوکەوتکردنیان وەک ئەوەی ڕاست بێ

گەورەترین هۆکارە بۆ باوەڕ بەخۆبوونێکی کەم، خراپ جێبەجێکردن، خەمباری و شکستهێنان لە کاروبارەکانی ژیان.

وەک بەڕێوەبەرێک و سەرکردەیەکی کۆمپانیاکەی خۆت، خزمەتگوزارییەکانت لە بازاڕدا بفرۆشە بەبەرزترین نرخ. بەتەواوی بەرپرسیاریت بۆ ناسینەوەی شێوازە بێهاوتاکەی فرۆشتنی خۆت.

ئەو شتە چییە کە دەتوانیت باشتر لە هەر کەسێکی تر ئەنجامی بدەیت؟ بۆچی تۆ جیاواز و تایبەتیت؟ بواری کارامەیی تۆ چیە؟ ئەگەر پێویست بێت لە بیست و پێنج وشە یان زیاتردا بینوسی، کتومت هۆکار چییە دەبێت کەسێک تۆ بەکرێ بگرێت و پلەت بەرز بکاتەوە و موچەت پێبدات بۆ کردنی کارێکی دیاریکراو، نەک کەسێکی تر بەکرێ بگرێت و پلەکەی بەرزبکاتەوە و موچەی پێبدات. چی شتێک وەک ئاستی بڵندییت دەستنیشان دەکەیت؟

ببە بە یەکێک لە سێ باشترینەکە

زۆرینەی خەڵکی کاتێکی دژوارییان هەیە لەگەڵ ئەم پرسیارە، ئەو شتەی کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئاخۆ هەر پرسیارەکە دەکەیت. پاستی ئەوەی کە بەم شێوەیە بیردەکەیتەوە بەخێرای دەتبات بەرەو یەکێک لە سێ باشترینە ئەمریکییە کارکەرەکان. تەنها سێ باشترینەکان خۆیان وەک خاوەنکار و بەرپرس دەبینن. ئەوان یەکێکن لە گرنگترین و ڕێزدارترین کەسەکان لە هەموو دامەزراوەکاندا. پرسیاری یەکەمت ئەوەیە کە بەڕاستی لە چییدا زۆر باشم ئەمڕۆ ؟ بواری کارامەیی کەسی یان بڵندیی من چییە لە کارەکەی ئێستامدا؟

هەموومان بەرپرسیارین لە پرسین و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لە خۆمان بەدرێژایی کارەکانمان. هیچ کەسێکی تر جگە لە خۆمان ناتوانێت بۆمان بکات.

هەموو دوو بۆ سێ ساڵ جارێك بڕی زانیاری لە هەر بوارێکدا دوو هێندەی لێدێت. بەهرەکانت زۆر بەخێرای بەسەردەچن و زۆر خێراتر لە جاران جێگەیان دەگیرێتەوە و بەهرە نوێیەکان گرنگن بۆ زیندوومانەوە نەك بۆ ئامانجەکانم بەدەست بهێنن. ئەمە دەبێت چی بێت؟ پرسیاری کۆتای ڕەنگە گرنگترین پرسیاربێت لەم بابەتە ئەوەیە، پێویستە ئاستی بواری کارامەییم چۆن بێت؟

نەخشەکێشانی داهاتوو

پرسیاری داهاتوو ئەمەیە، بواری کارامەییم کامەیە کە دەکرێت زۆر باشبم تیایدا؟ لە هەموو ئەو بوارانەی کە ڕەنگە بتوانم پەرە بە ئاستی بڵندیی بدەم و زیاتر باش ببم تیایدا، تێڕوانین بۆ هەموو بەها و ئامانجەکانم بکەم. ئەمە دەبێت چی بێت؟ پرسیاری کۆتای ڕەنگە گرنگترین پرسیاربێت لەم بابەتە ئەوەیە، پێویستە ئاستی بواری کارامەییم چۆن بێت؟

ئەگەر بتوانیت بەڕاستی لە داهاتوودا لە بەهرەیەکدا زۆر باش بیت، چی بەهرەیەکە کە یارمەتییت دەدات بۆ گەشتن بە لوتکە لەو بوارەی خۆتدا؟ جەبالی ئەوە بکە کە هیچ سنورێکت نییە لەوەی کە دەکرێت فێری ببیت و پەرەی پێبدەیت. بۆ بڕەودان بە کارەکەت پێویستە بەڕاستی لە چی شتێکدا زۆر باش بیت لە داهاتوودا؟

پێویستە لەسەرت چی ئەنجامبدەیت

هاوڕێیەکم کۆمپانیایەکی بنیادنا و دوو ساڵ لەمەوپێش فرۆشتی. پارەی لە بانک هەبوو، بڕیاریدا کە پیشەکەی بگۆڕێت. کاتێکی زۆری هەبوو بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە لەبارەیەوە و بڕیارێکی دروست بدات. چوو بۆ لای دەروونزانێکی بواری بازرگانی و سەرانسەری تاقیکردنەوەکانی ئەنجامدا. چەندین تاقیکردنەوەی ئەنجامدا بۆ ئەوەی بزانێت چی شتێك نمونەیی و گونجاوە کە لە کارە نوێیەکەیدا ئەنجامی بدات.

لە کۆتای ئەم پڕۆسەدا، دەروونزانەکە هاوڕێکەمی دانیشاند و پێیگوت کە توانا مەزنەکانی بریتین لە ئاموژگاریکردن و پێشکەشکردنی سیمیناری پێشکەوتووی پەرەپێدان بۆ بەڕێوەبەر و کەسانی فرۆشیار.

هاوڕێکەم کەمێك تورەبوو، گوتی: " بەڵام دەزانیت کە من دەترسم قسە بۆ کۆمەڵێك کەس بکەم! دەزانیت کە ئەمە توشی پەشۆکان و شڵەژاوم دەکات و تەنانەت هەر کە بیریشی لێدەکەمەوە پەشێوم دەکات."

دەروونزانەکە گوتی: " بەڵێ دەزانم کە ئەوە پاستە بەڵام لێت نەپرسیم کە پێت بڵێم چی شتێك گونجاو و ئاسانە بۆ تۆ کە ئەنجامی بدەیت، تۆ پرسیت کە پێت بڵێم چی شتێك پاستە بۆت کە ئەنجامی بدەیت. لە

ئێستادا ئەو ئاستەی کە گەورەترین توانا و هێزت تیایدا هەیە بریتییە لە ڕاوێژکردن و مەشقپێکردنی بەڕێوەبەر و کەسانی فرۆشیار."

ئامادەی پەرەپێدانی بەهرە نوێیەکانت بە

هاوڕێکەم بۆی دەرکەوت ئەو قسانەی کە پێیگوت ڕاستن. دواتر ڕۆشت و چەندین خولی بینی کە تیایاندا فێربوو چۆن زاڵ بێت بەسەر ئەو ترسی قسەکردنەی لەبەردەم کۆمەڵدا. فێربوو کە چۆن سیمینار بۆ کەسانی سەرکەوتوو و پڕۆفیشناڵ پێشکەش بکات.

کاتێکی زۆری نەخایاند, شەش مانگ دواتر دەستیکرد بە کاری ڕاوێژکردن و مەشقی تایبەت بەخۆی. لە ئێستادا بەباشترین شێوە کارەکانی ئەنجام دەدات و هەرگیز بەم شێوەیە لە ژیانیدا دڵخۆش نەبووە.

هەمیشە ئەمە ڕوودەدات کە تواناکانت وەك ماسولکەکان وان, گەشەیان نەکردووە, کاتێکی زۆریان دەوێت بۆ مەشقپێکردن بۆ ئەوەی دروست ببن و بگەیتە ئەو خاڵەی کە بتوانی پێشبڕکێکان ببەیتەوە. مایکل جۆردن دەڵێت:"هەموو کەس بەهرەی هەیە بەڵام کارکردنێکی زۆر و سەختی دەوێت بۆ ئەوەی بکرێت بە کردار."

گەشتێکی دوور مەودا بە تاکە هەنگاوێك دەستپێدەکات. بە دانیشتن و دانانی ئامانج و مەبەستەکانی خۆت دەستپێبکە. خۆت بڕیار دەدەیت کە ئێستا لەکوێدایت و دەتەوێت لەکوێ بیت لە داهاتوودا. چی زانیاری و بەهرەیەك زیاتر پێویست و یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی وزەکانت؟ لە چی بوارێکدا بەهرەیەکی تایبەت, بەسوود و پڕبەهات هەیە و وات لێدەکات لە کەسانی تر باشتربیت؟

ناگاداری خۆتبە

کاملی بوون بە کەسێکی تەواو پڕچالاک و کەسایەتییەکی تەواو یەکخراو, بنچینە و بناغەی پێکهێنانی باوەڕ بەخۆبوون, بۆ تۆن تا زیاتر بەناگابیت لەوەی کە تۆ کێیت و بەڕاستی چییت لەژیاندا دەوێت.

هەندێك جار لە ئەنجامی سەیرکردنی ناخت, چەند دەرفەتێك دەدۆزیتەوە بۆ پێشکەوتنی گەورە لە ژیانتدا کە ڕەنگە هەرگیز پێشتر نەت بینیبن. بە پڕۆسەی ئاشکراکردنی خود دەستپێدەکەیت. لە بیاریکردنی تواناکانت بۆ داهاتوو, بەشداری دەکەیت لە پڕۆسەیەکی گەڕان و لێکۆڵینەوەی هەموو بواره جیاوازەکان کە ڕەنگە بەهرەی شاراوەت تیایاندا هەبێت. شێوازێکی تری ئاشکراکردنی خود بریتییە لە وەڵامدانەوەی زنجیرەیەك پرسیار و تاقیکردنەوە کە بەشەکانی کەسایەتی و تواناکانت تاقیدەکاتەوە کە ڕەنگە لێیان بێئاگابیت.

بەرهەمهێنان لە خۆتدا بکە

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا, چووم بۆلای دەروونزانێکی بواری بازرگانی و کۆمەڵێك تاقیکردنەوەم ئەنجامدا تا بەهێزی و لاوازییەکانی خۆمم بۆ دەربکەوێت. زۆربەی تەمەنی هەرزەکاریم بە دەرئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانە کاریگەری لەسەربوو. تاقیکردنەوەکان ئاماژەیان بەو بوارانەدا کە من توانا و بەهرەی سروشتیم تیایاندا هەبوو. هەروەها هەموو لاوازییە کەسایەتییەکان و ئەو بوارانەی کە کەمتر تیایاندا بەتوانام بان حەزم پێیانە دەرخست.

ئەم تاقیکردنەوانە وەک هەڵسەنگاندنی بەهاکان، دەتوانن هەمان شتت بۆ بکەن. زۆر شت سەبارەت بە تۆ ئاشکرا دەکەن. هەموو ئەوانەت پێدەڵێن کە حەزت پێیانە و خۆشییان لێدەبینیت و چی جۆرە کارێک زیاتر خۆشبەختت دەکات. بەها ڕاستی و هاندەرە کاریگەرەکانت پێت دەڵێن چی بوارێکی چالاکی دەتکات بە خۆشبەختترین کەس. ئەنجامەکانیان بەدوورت دەگرن لە کارکردنی زۆر و چەند ساڵە لە کارێکی هەڵەدا.

ئەگەر پارە و کاتت هەبێت، ئەوا پڕۆسەیەکی وردی کەسایەتی و ڕاوێژکاریی پیشەیی تاقیکردنەوەیەکی زۆر بەهادار و بەسودە کە دەکرێت کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر کار و پیشەکەت هەبێت.

ئەگەر کات یاخود پارەکەشت نەبوو، ئەوا چەندین کتێب لە کتێبخانەکاندا بەردەستن کە بڕێکی یەکجار زۆر لە تاقیکردنەوەی پلەبەندیی خودی تێدایە. دەتوانیت خۆت ئەو تاقیکردنەوانە ئەنجام بدەیت و زانیاری تەواو وردت پێبدەن. چەندین کۆمپانیا و گروپ هەن کە پەرەی تەواویان بە ئامێری هەڵسەنگاندنی پلەبەندی خودی داوە. هەر یەک لەوانە دەتوانن بەرچاوڕوونییت پێبدەن لە بەهێزی و لاوازییەکانت لە بوارە دیاریکراوەکاندا.

خود ئاشکراکردن و خود شیکاری

هەروەها چەندین زنجیرە تاقیکردنەوە هەن لە خود ئاشکراکردن و خود شیکاری کە دەتوانیت تەنها بە پەڕە و پێنوسێک لەسەر خۆت تاقیبیان بکەیتەوە. ئەم تاقیکردنەوانە هەمیشە دەتوانن چاوەکانت بکەنەوە و یارمەتییت بدەن بۆ بینینی ئەو ئەگەرانەی کە ڕەنگە سەرسامت بکەن.

بەکەم تاقیکردنەوە بۆ توێە تا بزانیت پێشتر چەندین کارت بەئەنجام گەیاندووە و چەندین ڕۆڵت گێڕاوە لە ژیاندا. لە منداڵییەوە دەستپێبکە, فێربوویت کە چۆن چەندین ئەرك و پیشەی شایستە و جۆراوجۆر بەرجەستە بکەیت. ژمارەیەکی یەکجار زۆر بەهرە و توانات هەیە کە بەدرێژایی کات پەرەت پێداون و هەندێك لەوانت پشتگوێخستووە.

چەند ساڵێك لەمەوبەر, داواکاریم بۆ کارێك وەك ئەکتەرێکی لاوەکی لە فیلمێکدا پڕکردەوە. لەسەر فۆڕمی پێشکەشکردنەکە, یەکێك لە پرسیارەکان ئەمە بوو, " چی بەهرەیەکت هەیە کە ڕەنگە زیاتر بەبەهات بکات تا وەك ئەکتەرێکی لاوەکی لە دیمەنە جیاوازەکانی فیلمەکەدا دەریکەویت؟"

لیستێکی دڵنیاییان پێدام نزیکەی دوو سەد شتی جیاوازی تێدابوو, کە ڕەنگە هەرکەسێك داوای لێبکرێت لە فیلمێکدا ئەنجامی بدات. کاری من ئەوە بوو کە نیشانەیەك لەبەردەم هەموو ئەو چالاکییانەدا دابنێم کە پێشتر بەرجەستەم کردبوون. هەر کە گەشتمە بەشی خوارەوەی لیستەکە, ئێستاش لە بیرمە کە چەندە سەرسامبووم بەکۆمەڵێك شتی باوەڕپێنەکراو کە فێربووم بیانکەم تەنانەت بەبێ ئەوەی بیریشیان لێبکەمەوە.

لە چەند وەرزشێکی جۆراوجۆر ڕێکخرابوون, بۆ لێخوڕینی چەند جۆرێك لە ئوتومبیل, ئەسپسواری, گرتنی ساواکان, شوشتنی قاپەکان, سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکان, جۆلانێکردن لەسەر پەت, مەلەکردن, شۆفێری, بازدان, تەقەلێدان لەسەر زەوی و هەندێك یاری تریش. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی کەم باوەڕ بەخۆبوون کە زۆرینەی خەڵك هەیانە لەبەرئەوە

بێت کە هەرگیز دانەنیشتون لیستێك لە بەهرە و تواناکانیان دروست بکەن.

هەموو توانست و کارامەییەکانی ئێستات پیز بکە

یەکەم مەشق و ڕاهێنان ئەوەیە کە دابنیشیت و لیستێك دروست بکەیت لەو شتانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی و ڕێکو پێك ئەنجامیان دەدەیت. هەموو ئەو بەش و ڕۆڵانە بنوسە کە ئەنجامیان دەدەیت, هەر لەو کاتەی بەیانیان لە خەو هەڵدەستیت تاکو ئەو کاتەی شەو دەچیتە ناو جێگەی نوستن.

ئەگەر وەرزش یاخود ڕاهێنان دەکەیت بە چەندین کەلوپەل و پێداویستی هەمەجۆر بیاننوسەرەوە. ئەگەر تۆ دایك یان باوکی, چێشتلێنەری, قاپشۆرێت, شۆفێرێت, دوکاندارێت, خوێنەرێت, نوسەرێت, کرێکارێکبت کە چەندین کاری جۆراوجۆر ئەنجامدەدەیت, فرۆشیارێت, کڕیارێت, چاپکەرێت, وەڵامدەرەوەی پەیوەندییەکانیت, وە هەر شتێکی تر کە دەتوانیت بیری لێبکەیتەوە بینوسە, هەتا دەتوانیت درێژ نوسبە.

بەتەواوی ڕۆژەکەتدا بڕۆ, خولەك بە خولەك, کاتژێر بە کاتژێر هەموو ئەو شتانە بنوسە کە لە ماوەی ڕۆژێك, مانگێك و ساڵێکدا ئەنجامیان دەدەیت. کاتێك ئەم لیستە تەواو دەکەیت, ئەوا سەرسام دەبیت بە هەموو ئەو بەهرانەی کە پەرەت پێدلون و دەتوانیت بەبەردەوامی بەکاریان بهێنیت.

پۆل و چالاکییەکانت پۆلێن بکە

بەشی دووەمی ئەم ڕاهێنانی خود ئاشکراکردن و خود شیکارییە ئەوەیە کە لیستێکی نوێ دروست بکەیت بە دەستەکردنی شتە جۆراوجۆرەکان کە دەیانکەیت بە پۆلێنکردنیان. یەکێک لە پۆلێنکردنەکان دەکرێت باوانێتی بێت. لەژێر ناونیشانی باوانێتیدا, هەموو ئەو شتانە بنوسە کە وەک دایک و باوکێک ئەنجامی دەدەیت کە بەشێکە لە باوانێتی. وەک ژنێک یاخود مێردێک هەموو ئەو شتانە بنوسە کە ئەنجامی دەدەیت و ئەو شتانەش بنوسە کە پێدەچێت ئەنجامیان نەدەیت ئەگەر هاوسەرگیرییت نەکردبێت.

ئەگەر بەڕێوەبەر یاخود کەسێکی فرۆشیاریت یان هەر ئاستێکی ترت هەیە, هەموو ئەو شتانە بنوسە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە کارەکەتدا ئەنجامیان دەدەیت. ڕەنگە ناونیشانێک بەکاربهێنیت لەژێر ناوی هاوڕێ و لەژێر ئەم ناونیشانەدا هەموو ئەو شتانە بنوسە کە وەک هاوڕێیەک دەیانکەیت. پەیوەندی بە خەڵکەوە بکە, سەردان, ناو بنوسە, تێکەڵی خەڵک بکە, بۆ نانخواردن بچۆ دەرەوە, لەدوای کار بیان بینە. ئەگەر وەرزش دەکەیت, ئەوا وەرزشکردن لەژێر ناونیشانێکدا دابنێ و هەموو ئەو چالاکییە جەستەییانە بنوسە کە ئەنجامیان دەدەیت. ئەگەر حەزت بە خوێندنەوە هەیە, ئەوا هەموو ئەو بابەتانە بنوسە کە بەبەردەوامی دەیانخوێنیتەوە.

لەپێشینەکان بۆ پۆلەکانت دابنێ

کاتێک هەموو پۆلێ و چالاکییەکانت بەتەواوی بۆ کۆمەڵەکان دەستەکرد, ئەوا کۆتا قۆناغی ئەم ڕاهێنانە دانانی لەپێشینەکانە بۆ هەر کۆمەڵێک.

کام کۆمەڵ لە چالاکییەکان بۆت گرنگترینن؟ کام کۆمەڵ لە چالاکییەکان دووەم گرنگترینن بۆت؟ ئەگەر بنێردرێیت بۆ دوورگەیەکی دوورەدەست بۆ ماوەیەکی نادیار, تەنها بتوانیت دوو یان سێ لەو چالاکییانە لەگەڵ خۆت ببەیت, ئەوا کام لەوانە دەبەیت؟

کاتێك دەستە یان گروپەکانت ژمارەکرد بە لەپێشینەکان, ئەوا وێنەیەکی زۆر ڕوونت کێشاوە کە تۆ کێیت و چی شتێك بۆت بەهادارە لەژیاندا؟

پرسیارەکانی دواتر ڕەنگە بریتیبن لە:

١. پێویستە چی شتێك ئەنجام بدەم لە هەر یەکێك لەم بوارانەدا, هەتا زۆرترین دڵخۆشیی و ڕازیبوون لەم بوارەدا بەدەستبهێنم؟

٢. پێویستە چی شتێك زیاتر ئەنجام بدەم و چی شتێك کەمتر؟

٣. پێویستە دەست بە ئەنجامدانی چی شتێك بکەم و لە چی شتێك دووربکەومەوە ؟

٤. چی شتێك لەگەڵ هەر دەستەیەك زیاتر گرنگە و چی شتێك کەمتر؟

٥. ئەگەر پێویست بێت هەڵبژێرم, چۆن بتوانم لەنێو ئەو هەموو شتانەدا هەڵبژاردنی گونجاو ئەنجام بدەم؟

سەرسام دەبیت بە دۆزینەوەی جۆری وەڵامەکان کە دەیانڵێیت. بە ئەزموونی من, سەرەتا بەو دەستانە سەرسام دەبیت کە لەسەرەوەی لیستەکەتدا دەردەکەون دواتر بە هەندێك لەو دەستە و کۆمەڵانە کە کاتێکی زۆرت دەبەن و لەڕاستیشدا گرنگ نین. بۆ ئەوەی بەڕاستی خۆت بناسیت, ئەوا پێویستە کات تەرخان بکەیت بۆ خود شیکاری د لێکۆڵینەوە, وەك ئەمە لەسەر پەڕە.

داوای زانیاری لە کەسانی تر بکە

دروەم ڕاهێنان کە زۆر گرنگ و یارمەتیدەرتە لە زیاتر فێربوون و زانینبوونی خۆت, وە یەکێك لە خاڵەکانی وەرچەرخانە لەژیانی نۆربەی خەڵکدا بریتییە لەوەی کە بچیتە لای کەسێکی نزیك لە خۆت و پرسیاریان بکەیت کە پێویستە چی شتێك بکەیت لە ژیانتدا.

پرسیار لە کەسێکی باوەڕپێکراو بکە, ئەوەی کە پێیوایە خاڵە بەهێز و لاوازەکانت چین؟ کەسێك کە بایەخت پێدەدات و ئامۆژگاریت دەکات سەبارەت بەو کار و پیشانەی کە دەبێت بیانکەیت و پێویستە کام جۆر لە توانا و کارامەییەکانت پەرەپێبدەیت؟

ئەو کەسانەش کە بەباشی ناتناسن, هەمووکات دەتوانن بەرچاوڕوونییت پێبدەن سەبارەت بەخۆت و ئەو ئەگەرانەی کە وردو دروستن و تەنانەت لەو بوارانەشدا کە ڕەنگە بیرت لێنەکردبنەوە.

جارێك لەگەڵ هاوکارێکی بازرگان چوین بۆ کۆبونەوەیەك لە دەرەوەی شار. لەکاتی شۆفێریماندا, دەرفەتی قسەکردنمان هەبوو, من لە هەوڵی ئەوەدابووم کە بزانم هەنگاوی دواتر لە کارەکەمدا پێویستە چی بکەم. بەڕاستی بیرم لە چوونە ناو کاری وتاردان و قسەکردنی لێهاتوانە و پێشکەشکردنی سیمینار و بەرهەمهێنانی بەرنامەی دەنگی دەکردەوە. بۆ خۆشی, ڕوومکردە هاوکارەکەم و ڕاستگۆیانە لێمپرسی:" ئەگەر بمەوێت کارەکەم بگۆڕم, بە بۆچونی تۆ من لە چی کارێکدا باشم؟"

بەرچاوڕوونیەکی گرنگ

هاوکارەکەم دانیشت و بۆ ماوەیەك بیریکردەوە و دواتر سەرنجی کردم و پێیگوتم:" برایان, وا هەستەکەم کە لە قسەکردن, مەشقپێکردن و

پێشکەشکردنی سیمیناردا زۆر باشیت. کتێب زۆر دەخوێنیتەوە و توێژینەوە زۆر ئەنجامدەدەیت, وا دیارە حەز بە ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکانت لەگەڵ خەڵکی تردا دەکەیت. باشترین شت کە کاتی خۆتی تێدا بەکاربهێنیت بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردن و خستنەڕووی بیرۆکەکانت لەگەڵ ئامادەبووانداً."

هەتا ئەو کات بەدەگمەن لە ناو کۆمەڵدا قسەم دەکرد, هەرگیز پێشترپش سیمینارم پێشکەش نەکردبوو. نائێم کە ئەم ڕووداوە خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ من بەڵام کۆتا دڵنیاکەرەوە بوو کە پێویستم بوو تا بڕیاربدەم ببمە قسەکەر و مەشقکەرێکی کارامە و لێهاتوو. ئەم هاوکارە بازرگانە, توانی زۆر بەڕوونی ئەوە لە منداً ببینێت.

هەموو ساڵێك وتار بۆ زیاتر لە دوو سەد و پەنجا هەزار کەس پێشکەش دەکەم لە تەواوی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, کەنەدا, ئەورووپا, ئاسیا, ئوستورالیا و نیوزلەندا. هەروەها لە دوورگەکانی مەکسیك و کاریبی قسەم بۆ خەڵك کردووە. ئەوە دەبێت دروستترین بڕیار بوبێت.

هاندەرەکانت دەستنیشان بکە

سێیەمین ڕێگای خود شیکاری بریتییە لە جێبەجێکردنی کارەکەی داڤید ماکلیلاند لە زانکۆی هارڤارد بۆ هەڵسەنگاندنی بواری توانا شاراوەکانت. ماکلیلاند شێوازێکی پەرەپێدا لە چاوپێکەوتنی خەڵکی بۆ زانینی ئەوەی کە چی جۆرە کارێك باشترینە بۆیان. دەرئەنجامی کارەکەی ئەوەیە کە خەڵکی بەسەر سێ جۆردا پۆلێنکرد. هەمیشە دەتوانیت بڵێیت کە

لەبەرئەوەی کاری فرۆشتن چالاکییەکی تاکە کەسییە. ئەو کەسانەی کە باشترینن لە فرۆشتندا ئەوانەن کە زۆر حەز بە دەستکەوت و چالاکی تاک کەسی دەکەن.

پرۆفایلی کەسی پێشەنگ

دووەم جۆری هاندان بریتییە لە هێز. کەسێك لەگەڵ هێزێکی ڕێکخستنی بەهێز کەسێکە کە خۆشی دەبینێت لە تەواوکردنی شتەکان لەڕێگەی ئەوانی ترەوە. لەم دەقەدا هێز دەگەڕێتەوە بۆ بەتوانایی کاریگەری و هاوتایی چالاکییەکانی ئەوانی تر بە تێپەڕبوونی کات بۆ تەواوکردنی کارێکی ئاڵۆز. ڕاهێنەری یانەیەکی وەرزشی یاخود بەڕێوەبەرێك لەکارێکدا کە بەڕاستی خۆشی دەبینێت لەوەی کە دەیکات. دەبێتە کەسێك کە زۆر بەم جۆرە هێزە یاخود کاریگەرییە هاندەدرێت.

پرۆفایلی کەسی هەماهەنگیکەر

سێیەم جۆری هاندان پێیدەوترێت هەماهەنگیکردن. کەسێك بە هاندانێکی هەماهەنگیکردن کەسێکە کە زۆر دڵخۆشە بە کارکردنی هەماهەنگیانە لەگەڵ خەڵکی تردا وەك بەشێك لە دەستەکە. ئەم کەسە خۆشی دەبینێت لە پشتگیریکردنی کەسانی تر یاخود لەلایەن کەسانی ترەوە پشتگیری بکرێت. دڵخۆش دەبێت بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەوانی تر بەرەو ئامانجێکی هاوبەش و بەدەستهێانی ئامانجەکە بەسەرکەوتوویی.

ئەو پرسیارانەی کە دەیانپرسین:

کاتێك ئەم تاقیکردنەوە بۆ خۆت جێبەجێدەکەیت, لە خۆت دەپرسیت:

١. چی شتێکم زیاتر لەوانی دیکە پێخۆشە کە ئەنجامی بدەم؟
٢. چی شتێکم بە ئەنجامگەیاندووە لە ڕابردوودا کە ئەم هەستە مەزنەی ڕێزی خودی و شانازییەی پێبەخشیوم؟
٣.لوتکەی ئاستە کەسییەکانم لە ژیاندا چی بوون؟

هەرشتێك کە وا دەردەکەوێت هەتبێت و خۆشییت زۆر لێبینیوە ئەوا دەرخەرێکی باشە بۆ زانینی ئەوەی کە هێزەکانت لەکوێدان. هێزەکانت ڕەنگە بەتەواوی شاردرابنەوە بەڵام بە پرسیارکردن لە خۆت و بە ڕوبەڕووبونەوەی وەڵامەکان بەبوێری دەتوانیت دەریان بخەیت. کاتێك توانایەکی شاراوەت دەرخست لە خۆتدا و پەرەت پێدا تا ئەوەی بتوانی لە ژیاندا بەکاری بهێنیت, ئەوا بەڕاستی هەست بەباشی دەکەیت سەبارەت بەخۆت.

جیاوازی ڕاستەقینە دروست بکە

گرنگترین کارت ئەوەیە کە خۆت بخەیتە گەڕ لە شوێنێکدا کە دەتوانیت گەورەترین جیاوازی ئەرێنی دروست بکەیت. ئەمە دەبێت بەو بوارەی کە بەرزترین ئاستی وزەکەت دەبێت. کاتێك کار دەکەیت, تواناکانت فراوان دەکەیت لەو بوارەی کە بەهێزترین توانات تیایدا هەیە, ئەوا هەست بەباشی دەکەیت سەبارەت بەخۆت. هەستدەکەیت براوەیت, هەست بە خۆشییەکی ناوازەی باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزی خودییت دەکەیت.

لاوازییەکانت پەسەند بکە

لە زۆرینەی بوارەکاندا, ئەوەی کە زۆر بۆ خۆشییەکانت گرنگە ئەوەیە کە پەرە بە دیدگایەکی تەواو بدەیت لەسەر ئەو لاوازییە ڕاستییانەی کە

پێدەچێت هەتبن. لێرەدا چەند بەرچاوڕوونییەك دەخەینەڕوو کە یارمەتیدەرن بۆت.

یەکەم بەرچاوڕوونی ئەوەیە کە هەموو لاوازییەك دەکرێت وەك هێزێك سەیربکرێت کە بەشێوەیەکی نادروست بەکارهاتووە. ئەگەر یەکێك لە تواناکانت بەکاربهێنیت لە شوێنێك کە پێویست و سوودبەخش نییە, ئەم لەڕاستییدا دەکرێت لاوازی بێت ئەگەر دەست لە تواناکانت وەربدات بۆ دەستکەوتنی ئەو ئەنجامەی کە ئارەزووی دەکەیت.

کڕین و فرۆشتن _ بەڕێوەبردن

پیاوێکی خانەدان هەبوو کە کاری بۆ من دەکرد بەڵام کەسێکی زۆر شەڕانی بوو. دەستی بەکاری کڕین و فرۆشتن کرد و زۆر سەرکەوتوو بوو تیایدا و دواتر پلەکەی بۆ پلەی بەڕێوەبردن بەرزکرایەوە. وەك بەڕێوەبەرێك شەڕەنگێزییەکەی کردبووی بە کەسێك کە هیچ کەس نەیدەویست مامەڵەی لەگەڵ بکات.

ئەوەی کە لەبیرمکرد ئەوەیە کە هەموو توانا و کارامەییەکانی لە کڕین و فرۆشتندا بوو لە یەکێك لە بوارە دەستکەوتە تاکە کەسییەکاندا. شەڕانگێزییەکی بەهێزی هەبوو لە فرۆشتندا بەڵام لاوازییەك بوو کاتێك خرایە ئاستی بەڕێوەبردنەکە, نەیتوانی تواناکەی بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنێت.

لاوازییە ڕەوشییەکان

بەشێوازێکی سادە, لاوازی دەکرێت ڕەوشی بێت. وتەیەکی کۆن هەیە دەڵێت:"ئەگەر دەتەوێت ماسی بگریت, ئەوا دەبێت چاوەڕێ بیت

پێیەکانت تەڕبن." هەندێك كات ڕەخنەت لێدەگیرێت بۆ ئەو شتانەی دەیانكەیت، ڕەنگە ئەوەت بۆ دەربكەوێت كە لەو بوارانەدا لاوازییت. هەرچۆنێك بێت، ئەمە ڕەنگە ئەو ڕەخنە بێت كە تەنها لەگەڵ بواری بیركردنەوەدا دێت.

قسە لەسەر كڕین و فرۆشتن، بەڕێوەبردن و هاندان بۆ ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە خەڵكی دەكەم. ناوبەناو خەڵك دێنە لام یان بۆم دەنوسن كە حەزیان بە قسەكانم نییە. هەرچەندە، لە سەدا نەوەد و نۆی ئەو ئیمەیڵ و نامانەی بەدەستم دەگەشتن زۆر پەسەند بوون. كەسانێك هەن كە بە هەر هۆكارێك بێت دڵخۆش نین. ئەوانە ئەو كێشە لێدەربازنەبووانەن كە بەردەوام لەگەڵ كار و پیشەكەمدان.

ئەوەت بۆ دەردەكەوێت كە چەندین سكاڵا و ڕەخنەی لێدەربازنەبووی بەردەوام هەن لەگەڵ ئەو شتانەی كە دەیانكەیت. ئەمانە ڕەنگە دەلالەت لە لاوازییت نەكەن بەگشتی بەڵام دەكرێت بژاردە یان تێبینی بن لەلایەن كەسانی ترەوە.

پێدەچێت زیاد لە پێویست هەستیاربیت

ڕەنگە بەهۆی ئەزموونێكی پێشوترەوە لاوازییەكی كەسایەتی ئەوتۆت هەبێت. ڕەنگە كەسانێك سودمەند بوبن یان لە سودی كەسی خۆیان بەكاریان هێنابیت لە ڕابردوودا. تۆش لەمەوە هەستیاری زیاد لە پێویست وەردەگریت لەو بارەیەوە ئەگەر لەداهاتووتدا بۆ سود لێوەرگرتن بەكاربهێندرێیت.

ڕەنگە ڕوبەڕووی ڕەخنەیەکی ڕوخێنەر بوبیتەوە و بەمەش هەستیارییەکی زۆرت پەیداکردبێت لەو بارەیەوە. لاوازترین پێشنیاز کە کەسێك ناتوانێت پەسەندی بکات سەبارەت بە ئاکار و هەڵسوکەوتەکانت, ڕەنگە وات لێبکات کە کاردانەوەیەکی نەرێنییت لا دروستبکات.

ئەمە ڕەنگە ببێتە خاڵێکی لاواز لە کەسایەتییت. هەرچەندە, لەڕاستییدا ئەمە تەنها دەرئەنجامی مێژووە بەهێزەکەی ڕابردووتە. هەروەها پێدەچێت ئەمە شتێك بێت کە سودبەخش بێت بۆت تا بڕیاربدەیت کە پەسەندی بکەیت.

ئامادەی وەرگرتنی زانیاری بە

خاڵی لاوازییت پێدەچێت ئامادەی وەرگرتنی زانیاری بێت. زۆرجار تاکە شتێك کە دەتگێڕێتە دواوە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانت و دەستکەوتی نائاسایی, بوونی بڕێکی کەم بێت لە زانست و زانیاری.

ئەگەر خولێکی تەواو وەربگریت, گوێبیستی بەرنامە دەنگییەکان ببیت, پەرتوکە ڕاست و گونجاوەکان بخوێنیتەوە ئەوا ڕەنگە ئەمانە هەموو ئەو شتانە بن کە وات لێدەکەن ببیتە کەسێکی شارەزا لە بوارەکەتدا.

لاوازییەکانت کە وات داناون ناپەیوەست بن. ئەوە ڕەنگە کەسێکی تر پێی وابێت کە چەند جۆر لە توانا و خەسڵەتی دڵنیاییت هەیە کە لەڕاستییدا نیتە, ئەوەیە کە ئارەزوو ناکەیت یاخود ناتوانیت پەرەی پێبدەیت. زۆرجار ئاڵۆزییەکی لە کەسانی ترەوە دەبێتەهۆی ئەوەی کە هەست بە کەمی و ناچالاکی بکەیت لە هەندێك بارودۆخدا. لەڕاستییدا, ئەو بەهرە و توانا تایبەتە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی بۆت نییە.

لاوازییەکان نیشاندەری باشن

لەکۆتاییدا, ئەوەی کە وەک لاوازی دەردەکەوێت ببێتە کلیلێکی نیشاندەر لە جۆری ئەو کارە یاخود چالاکییەی کە پێویست ناکات بەشداری تێدا بکەیت. چونکە بەهیچ شێوەیەک خۆشی لە هەوڵدان لەو بوارەدا نەبینیت. ئەگەر هەوڵبدەیت کارێک یاخود ئەرکێک بەئەنجام بگەیەنیت وە بەردەوام بەخراپی ئەنجامی بدەیت, ئەمە چونکە شێوەیەکی سروشت بێت کە بڵێیت ئەمە بوارێکی نادروست و هەڵەیە بۆ تۆ.

بەهێزییەکان _ لاوازییەکان

گرنگترین خاڵ کە پێویستە لەبیرت بێت بە لەبەرچاوگرتنی بەهێزی و لاوازییەکانت ئەوەیە کە هەموو کەسێک بەهێزی و لاوازیی هەیە. چەند بوارێک هەن کە تیایاندا بەهێزیت و چەند بوارێکیش هەن کە دەتوانیت ببیتە کەسێکی نائاسایی لە کارکردن و ئەنجامدانیاندا.

هەروەها چەند بوارێکیش هەن کە لاوازییت تیایاندا و پێویست نییە کاتی زیاتریان تێدا بەفیڕۆ بدەیت. ئەوەی کە پێویستە ئەوەیە کە خۆت دڵنیا بکەیتەوە کە ئەوەندە باشیت هەتا بەرەوپێش بچیت.

کاتی خۆت وەربگرە تا زۆر بەوردی لە خۆت دەکۆڵیتەوە. بە مەشق و پڕۆفەکردنی خود ئاشکراکردن لەگەڵ خۆت و ئەوانی تریشدا بە هەر دوو شێوازی نوسراو و قسەکردن, بەم شێوەیە پەرە بە ئاستی بەئاگایی و ڕاستگۆیی خۆت دەدەیت. لەکاتێکدا کە زیاتر شارەزا دەبیت لەبارەی بەهێزییەکانتەوە, ئەوا زیاتر لە خودی خۆت ڕازی دەبیت و بە کەسایەتی خۆت ڕازی دەبیت. هەرکات ئاستی لە خۆڕازیبوونت زیاد دەکات, ئەوا پێز

لە خۆت دەگریت بۆ ئەو توانا و بەهرە ناوازانەی کە خاوەنیانیت و هەروەها ئاستی ڕێزی خودی و باوەڕ بەخۆبوونیشت زیاد دەکەن. کاتێک لاوازییەکانت بچووک یاخود کەم دەکەیتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەهێزییەکانت دەناسیتەوە و دەیانگەیەنیتە بەرزترین ئاست، ئەوا دەبیتە جێبەجێکارێکی سەرکەوتوو لە هەرشتێک کە بڕیاری ئەنجامدانی دەدەیت.

ڕاهێنانە کردارییەکان:

١. ئەمڕۆ بڕیار بدە کە دەتەوێت زۆر باش بیت لەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت و بەنیازی ببیتە یەکێک لە دە باشترینەکان لە بوارەکەتدا.

٢. ناسینەوەی گرنگترین ئەو بەهرانەی کە خاوەنیتی، ئەو بەهرانەی کە گرنگترینن بۆ ئەوەی کە بە ناوازەترین شێوە کارەکەت ئەنجامبدەیت.

٣. ناسینەوەی هێز و توانا سروشتییەکانت و ئەو ئیش و کارانەی کە بەباشی ئەنجامیان دەدەیت و زیاتر خۆشییان لێدەبینیت.

٤. بواری کارامەییت چییە؟ ئەو شتە چییە کە باشتر لە کەسانی تر ئەنجامی دەدەیت؟ دەبێت چی بێت؟ دەکرێ لە داهاتوودا چی بێت؟

٥. چی جۆرە کارێک زۆرترین هاندەرتە؟ چی جۆرە چالاکییەک گەرەترین هەستی ڕازیبوون و دڵخۆشکەری کەسییتن؟

٦. لە چی بوارێکدا بەرزترین ئاستی وزەت بەدەستدەهێنیت؟ چی کارێک دەکەیت کە بەڕاستی جیاوازی لە خۆت و کارەکەتدا دروستدەکات؟

٧. هەندێک کات وەرگرە لەگەڵ پێنوس و پەڕەیەک بۆ تەولوکردنی یەکێک یاخود زیاتری ئەو مەشقانەی کە لەم بەشەدا ڕوونکراونەتەوە، تا ئەوەی دڵنیابیت لەوەی کە کتومت ئەو کارە ئەنجامدەدەیت کە ڕاست و دروستە.

بەشی شەشەم

سەرکەوتن بەسەر دۆخی دژواریدا

" ئەو موعجیزە یاخود هێزەی کە وا لە هەندێك کەس دەکات لە بواره‌کانیاندا بناسرێن، ئاستی بەرز پێشکەش بکەن و خۆڕاگر بن، ئەو ڕۆحیەتی سوربوون و بوێرییەیە کە هەیانە."

(مارك تواین)

باوەڕ بەخۆبوونی ڕاست و دروست لە زانینی ئەرێنییەوە دێت نەك لە بیرکردنەوەی ئەرێنییەوە. ئامانجەکەت پێویستە پەرەپێدان بێت بە باوەڕ بەخۆبوونێکی نەگۆڕ و پتەو کە دەتکات بە هێزێکی نەوەستێنراوی سروشت. کاری تۆ ئەوەیە کە هەموو هەنگاوێکی گونجاو بنێیت بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی ئەرێنی کە زۆر گەورە و بەهێزت بکات و بتوانیت هەموو ئەو ئامانجانە بەدەستبهێنیت کە لە هزرتدا داتناون. گرنگترین شت کە پێویستە بریتییە لە باوەڕێکی تەواو بە تواناکانت بۆ زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر هەر دژواری و ناخۆشییەك کە لە ژیان توشی دەبیت.

بەردەوامیی پێویستە

ناپلیۆن هیڵ دەڵێت:" بەردەوامی بۆ تایبەتمەندی مرۆڤ، وەك کاربۆنە بۆ پوڵا." هەروەها دەشڵێت بەرلەوەی مرۆڤ لە ژیان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دڵنیایە لەوەی کە توشی چەندین کەوتن و شکستی کاتی

دەبێت. کاتێک شکست زاڵدەبێت بەسەر مرۆڤدا، ئەوا ئاسانترین و ژیرانەترین شتێک کە ئەنجامی بدات وازهێنانە. ئەمەش ئەوەیە کە زۆرترین کەسانێک ئەنجامی دەدەن."

لەڕاستییدا، بەردەوامییت پێوانەی باوەڕ بەخۆبوونت و تواناکانتە بۆ سەرکەوتن. ئەگەر بەتەواوی باوەڕت هەبێت کە ئەگەر بەبەردەوامییەکی تەواو و توانایەکی زۆرەوە درێژە بە کارەکەت بدەیت، ئەوا لە کۆتاییدا دەیبەیتەوە و سەرکەوتوو دەبیت و دواتریش هیچ شتێک ناتوانێت ڕاتبگرێت و بتوەستێنێت. کاتێک ئەم دڵنیاییە تەواوە لە خۆتدا بنیاد دەنێیت ئیتر هەموو شتێک بۆت شیاو دەبێت و باوەڕ بەخۆبوونت زیاد دەکات.

خوونەریتی ڕاستی

پۆبەرت ڕینگەر لە پڕفرۆشترین کتێبیدا دەڵێت:" یەکێک لە هەرە گرنگترین خوەکان کە ڕابەرییت دەکات بۆ دەستکەوتی مەزن پێیدەوترێت" خوونەریتی ڕاستی." ئەمە هەڵوێست و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە پووندەکاتەوە کە سەرکەوتنی مەزنیان لە زۆربەی بوارەکاندا بەدەستهێناوە.

کەسە سەرکەوتوو و دڵخۆشەکان ئەوانەن کە زۆر ڕاستیخوازن. کەسانی ڕاستیخواز بەهۆکاری جۆراوجۆر خۆیان فریو نادەن و ڕوبەڕووی جیهان دەبنەوە بەو شێوەی کە هەیە نەک بەو شێوەی کە خۆزگەی بۆ دەخوازن ببێت. ڕاستییە نەگۆڕەکانی ژیان قبوڵ دەکەن، کاردەکەن، پلان و چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی ئەم ڕاستییانەدا دادەنێن.

لە فێربوونی زاڵبوون بەسەر دژوارییەکاندا, کارکردن بە بنەمای ڕاستی بڕیتییە لە قبوڵکردنی ئەوەی کە" کێشەکان ناچاری و لێدەربازنەبوون." کێشەکان, بەربەستەکان و نائومێدیی و بێهیواییەکان ڕاستییەکی لێدەربازنەبوو و ناچاری ژیانن. تواناکانت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دژوارییانەدا ئەوەندەیە کە ئەنجامی دەدەیت لەگەڵ باوەڕ بەخۆبوونت وەک هەر هۆکارێکی دیکە.

ناقیکردنەوەی کەسایەتی

ئاسانە کە سەبارەت بەخۆت هەست بەباشی بکەیت و ئاستێکی بەرزی باوەڕ بەخۆبوونت هەبێت لەکاتێکدا هەموو شتێك بەباشی بەڕێوەدەچێت. بەڵام ناقیکردنەوەی ڕاستی خەڵکی لەکاتێکدایە کە بتوانیت بمێنیتەوە و بەردەوامبیت لە ئەرکەکاندا کاتێك شتەکانی دەوروبەرت بەدڵی تۆ بەڕێوەناچن و هەموو کەسانی تر بێوزەت دەکەن و هەمیشە لۆمەی تۆ دەکەن. هەندێك کات پێویستە نیشانی کەسانی تری بدەیت کە چی توانایەکت هەیە.

بەشی بازرگانی لە زانکۆی ستانفۆرد توێژینەوەیەکی گشتگیریان ئەنجامدا بۆ تایبەتمەندییەکانی خەڵکی کە وایان لێدەکات بەرەوپێش بچن بە دەستەیەك پرسیاری جێبەجێکاری وە بەتەواوی بۆ ئاستی سەرۆك و بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکار. کۆمەڵێك پرسیار و ڕاپرسی و ناقیکردنەوەی جۆراوجۆریان بەکارهێنا بە گەڕانەوە بۆ سەرەتا کە کەسێك پەیوەندی بە کۆمپانیایەکی گەورەوە کردووە بۆ دەرکەوتنی ئەو شێوازانە بۆ

پێشبینیکردنی ئەوەی کام جۆری خەڵکی زۆر گونجاون و ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ گەشتن بە بەرزترین پلەی ڕێکخراوێکی گەورەتر.
پاش لێکۆڵینەوە لە دەیان تایبەتمەندی، لە ئەنجامدا توانیان دوو تایبەتمەندی جیا بکەنەوە کە زۆر پێشبینیکراون بۆ سەرکەوتن لە پلەی دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە ڕێکخراوەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا و لە جیهانێکی پڕ لە چالاکی و پێشبڕکێداردا دەتوانێت بەردەوام بێت.

ڕۆڵێکی باش لە تیمەکەدا بگێڕە

یەکەم تایبەتمەندی کە دیاریان کرد بریتی بوو لە توانای باش ئەنجامدان وەک ئەندامێك لە تیمێکدا و توانای یەکخستن و پێکەوەنانی تیمەکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە باوەکان. هەموو پیشە و بەهرە هاوبەشەکان کە وا دەکەن کەسێك کاریگەر و بەسود بێت بۆ ڕێکخراوێك لە دانانی تیمەکەوە دەردەکەوێت. ئەم تایبەتمەندییە ئاسان بوو بۆ دیاریکردن و پێوانەکردن بەدرێژایی کاری کەسێك.

ئیدارەدانی قەیران

جۆری دووەمی تایبەتمەندی کە دیاریان کرد سەختتر بوو بۆ پێوانەکردن هەرچەندە بەتەواوی بۆ سەرکەوتنی گەورە و ماوە درێژ گرنگ بوو. تایبەتمەندییەکە بریتی بوو لە توانای باش کارکردن لە کاتی هەبوونی قەیراندا.

ناپلیۆن بەمە دەڵێت:" بوێری کاتژێر چوار لە بەیانیاندا" جۆرێکی بوێرییە کە بەردەوام بەردەستە بۆ ئەو کەسەی لەو کاتەدا بەخەبەرە.

کەسێکە کە کاتی نییە بۆ ئەوەی لەلایەنی هزری و سۆزداریەوە ئامادەکاری بکات بۆ قەیرانەکە. ئەمەی بەدەگمەنترین شێوەی بوێریی دادەنێ و لە دەرئەنجامدا کەسانێکی زۆر کەم ئەم جۆرە بوێرییەیان هەیە.

لە زارلوەی سەربازییدا کاتێک بەمە دەڵێن کە بە ئامانج دەگیرێن. پرسیارێک کە هەموو سەربازەکان، دەریاوانەکان و فڕۆکەوانەکان بیری لێدەکەنەوە ئەوەیە کاتێک هێرشیان کرایە سەر کارەکانیان چۆن ئەنجام بدەن. دەزانن کە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی تەواوی کەسایەتی و هەڵسەنگاندنی تاکە کەسییە.

ئەم زارلوەکان ئەوە دەزانن کە هەمیشە مانەوەیان پشت دەبەستێت بەوەی چەندە بەباشی تاکەکان مامەڵە لەگەڵ پێچەوانەبوونەوەی چارەنوسە پێشبینی نەکراو و ناچارەکانیاندا دەکەن. توێژینەوەکەی ستاندفۆرد گەشتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەرچەندە ئەم تایبەتمەندییە نورس بوو بۆ پێوانەکردن لەبەرئەوەی قەیرانی ڕاستەقینە ناکرێت پێشبینی بکرێت و دروست بکرێت بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە. ئەوە هێشتا زۆر گرنگە لە پێشبینیکردنی سەرکەوتن لە ئاستە بەرزەکانی کار و بازرگانییدا.

پێنج‌وانەبوونەوەی چارەنووس

هەروەها ئەمە بۆ تۆش دروستە. ڕێزی خودییت و باوەڕ بەخۆبوونت پەیوەستن بە هەستە قوڵەکانی ناخت سەبارەت بە تواناکانت، تاکو چالاک بیست لە کاتێکدا توشی ئەو کێشە و گرفتانە دەبیت کە وەک مشتەکۆڵەیەکی بەهێز لێت دەدرێت. ئەوەی کە پێوانەی تۆ دەکات کە

چی و چۆن دروست بوویت, تواناکانتە کە لەگەڵ هەموو سەختی و
دژواریيەکدا بتوانیت بەردەوام بیت.
یەکێك لە هۆنراوەکانی (ڕۆبێرت و. سێرڤیس) کە زۆر پەسەندە لام ناوی
" بەزیوەکە"یە. ئەمە یەکێك لە کۆپلەکانی هۆنراوەکەیە:
تۆ بێزاریيت لە یارییەکە, ئەوە شەرمەزارییە,
تۆ گەنجیت و بەهێز و پڕئومێدیت
ڕەفتارێکی خراپت هەبوو! دەزانم, بەڵام هاوار مەکە
چالاکانە ڕەفتار بکە و شتە سەرسوڕهێنەرەکەت ئەنجام بدە و بجەنگە
بە کارکردنی زۆر, ئەو ڕۆژە براوە دەبیت
کەوایە هاوڕێی دێرین, مەبە بە کەسێکی دەستهەڵگر
تەنها پشت بە دڵێرییەکەت ببەستە و ئاسانە بۆ فێربوون
تەنها مانەوە بە دڵێری و باوەڕبەخۆبوون, سەختە.
تایبەتمەندیی تەواوی کەسایەتییت کارپێکراو دەبێت بەوەی کە چۆن
مامەڵە لەگەڵ دۆخە دژوارەکاندا دەکەیت و چۆن بەردەوامی پێدەدەیت
بەرەو باشبوون. کەسانی سەرکەوتوو و باوەڕ بەخۆبوو ئەوانە نین کە
هیچ کێشەیەکیان نییە بەڵکو بەزۆری کەسانێکن کە بەباشترین و
کاریگەرترین ڕێگا مامەڵە لەگەڵ کێشەکانیان دەکەن بەبەرلورد بە
کەسانی ئاسایی.

بێرتی چارلس فۆربیس دامەزرێنەری گۆڤاری فۆربیس دەڵێت:" مێژوو
سەلماندوویەتی زۆرینەی براوە ناسراوەکان هەمیشە ڕوبەڕووی بەربەستە
جەرگبڕەکان بونەتەوە بەرلەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنن. ئەوان

براوەبوون لەبەرئەوەی ڕەتیانکردەوە کە بەهۆی شکستەکانیانەوە پەرۆشوێیەکەیان لەدەستبدەن." بە هەمان شێوە تۆش دەتوانیت.

نموونەی کاردانەوەی بەرەنگاری

لە ساڵی ١٩٥٢ دا مێژوونوس ئارنۆڵد تۆینبی پاڵێوراو بوو بۆ خەڵاتی نۆبڵ لە ئەنجامی ئەو کارانەی کە کۆششی بۆ کردبوون لە سوڕی ژیانی شارستانیەتەکاندا. ئەوەی خەڵاندبوو کە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا بیست و یەک شارستانیەتی مەزن هەبوون کە بیست لەوان بە تێپەڕبوونی کات داڕووخان. وای بیرکردەوە کە شارستانیەتی ئەمریکی بیست و یەکەمین شارستانیەت دەبێت. مەبەستی نوسینەکانی ئەوە بوو کە بەرچاوڕوونی و ڕێنیشاندەربن بۆ مێژوونوس و سیاسەتمەدارە هاوچەرخەکان هەتا بتوانن باشتر دڵنیابنەوە لە سەرکەوتووتن و مانەوەی نەتەوەکانیان و هێشتنەوە و درێژەدان بە دەسەڵاتی ئەمریکییەکان.

تۆینبی تیۆرییەکی مێژوویی دانا کە پێیدەوترێت تیۆری کاردانەوەی بەرەنگاری. دەڵێت کە هەموو شارستانیەتێکی مەزن بە کۆمەڵە کەسێکی بچووک دەستپێکردوە کە دەرئەنجام خۆی لە پوبەڕووبونەوە و بەرەنگاربوونەوەی دەرەکی بینیوەتەوە. لە زۆربەی بارودۆخەکاندا ئەم بەرەنگارییە پێکهاتبوو لە هێزی دوژمن کە سوربوون لەسەر کاری وێرانکاری. هەرچەندە, لە هەندێك بارودۆخدا, بەرەنگارییەکە لە زێدی جوگرافیاوە یاخود ئاوهەواوە دێت.

چالاکانە مامەڵە لەگەڵ بەرهەنگارییەکەدا بکە

کاتێک ڕوبەڕووی بەرهەنگارییەک دەبیتەوە، ئەگەر دەستەیەکی کەمی خەڵک بەشێوەیەکی ئەرێنی و بنیادنەرانە کاردانەوەیان هەبێت ئەوا ڕەنگە زاڵبن بەسەر بەرهەنگارییەکەدا و بەم شێوەیەش گەشە دەکەن. لە گەشەکردندا، ئەم کۆمەڵە یاخود تیرە بەرهەنگاری تیرەیەکی تر، زۆرکات شەڕانگێزیی تیرەکانی تریش دەبنەوە.

جارێکی تر پێویستە کۆمەڵەکە بەشێوەیەکی ناوەکی خۆی ڕێکبخاتەوە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی بەرهەنگاری گەورەتر. ئەگەر هاتوو نیسانەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی و دروستکەرانە کاردانەوەیان هەبوو وە زاڵبوون بەسەر بەرهەنگارییەکاندا ئەوا ئیتر بەردەوام دەبێت لە گەشەکردن. لە هەر قۆناغێکی گەشەکردندا، قەبارەی تیرەکان، نەتەوەکان یاخود دەوڵەتەکان ڕوبەڕووی بەرهەنگاری گەورەتر دەبنەوە.

لە هەر قۆناغێکدا، هەتاکو شارستانیەتەکە بەشێوەیەکی کاریگەر و ئەرێنییانە کاردانەوەی بۆ بەرهەنگارییەکە هەبێت ئەوا بەردەوام دەبێت لە گەشە و پێشکەوتن. خاڵی وەرچەرخان لە کاتێکدا ڕوودەدات کە شارستانییەتەکە چیتر خواست یاخود توانای ڕوبەڕوویونەوەی بۆ بەرهەنگاریکردن نییە. لە ئەنجامدا هێزیان کەمیکرد و لە کۆتاییدا بە هۆکاری ڕووداوە مێژوویییەکان بونیان نەماوە.

لە کۆتاییدا هەموو شارستانیەتەکان لاوازدەبن

هەندێک جار هەروەک بارودۆخی شارستانیەتی ڕۆما کە چەند سەدەیەکی خایاند و بەرلەوەی ڕۆما وەک یەکێک لە بەهێزترین شارستانیەتەکانی

دەریای ناوەڕاست لاواز ببێت. سەردەمێك خەڵكی ڕۆما هۆگربوون بە "ئان و سێرك" و شێوازە جۆراوجۆرەكانی بەخشین و چاودێری دەوڵەت، هاوسێی بەرگریكردن و بەرەنگارییە دەرەكییەكانیان لەدەستدا كە لەلایەن تیرە ناشارستانیەتەكانی باكوورەوە دەكران.

هەندێك جار، شارستانیەتەكە زۆر بەخێرای دەكەوت و لەناودەچوو. لەماوەی كەمتر لە پێنج سالّی نیشتەجێبوونی لە ڤیراكروز، كۆرتیز توانی كە دامەزرێنەری شارستانیەتی ئەزتێكی " گەلێكن فەرمانڕەوای مەكسیكیان كردووە) خاپوربكات كە بۆ ماوەی چەندین سەدە خۆڕاگربوون و بەرگەیان گرتبوو. ئیمپراتۆریەتی هەنگاریای لە مێژینە لەماوەی چوار سالّی جەنگی جیهانی یەكەمدا لاوازبوو، جیابوەوە و هەرگیز دروست نەبوویەوە.

هەرچەندە، ماوەی لاوازبوون و شكستهێنان درێژبێت، گرنگترین ڕووداوەكان هەمیشە لەدەستدانی ویست و بێتوانایی بووە بەرامبەر ئاستەنگی و هەڕەشە دەرەكییەكان. تۆینبی بە چەند ئەگەرێكی كەم كۆتای پێهێنا بۆی دەركەوت كە شارستانیەتەكان لەناو خۆیاندا لاوازدەبن و شكست دێنن بەرلەوەی لەلایەن هێزی دەرەكییەوە داگیر بكرێن.

چیرۆكی ژیانت

هۆكاری ئەوەی كە تیۆرییەكەی تۆینبی بۆ ئێمە زۆر گرنگە، ئەوەیە كە نۆرینەی ژیانمان پووندەكاتەوە. گرنگ نییە كە دایك و باوكمان چەندە بەباشی پارێزگاریمان لێدەكەن لە كاتی گەشەكردن و گەورەبونماندا، زۆد یاخود دەرەنگ ڕوبەڕووی بەرەنگارییەكان و سەختییەكان دەبینەوە لە

پەیوەندی، کارەکانمان و لە هەموو چالاکی و کردارەکانی تریشماندا. هەرکاتێك ڕوبەڕووی یەکێك لەم هۆکارە دەرەکییانە بوینەوە، ئەوا بڕاردەمان دەبێت کە ئایا بەشێوەیەکی ئەرێنی و دروست کاردانەوەمان هەبێت یاخود ڕێگە بدەین لەناومان ببات.

ئەگەر هاتوو خۆویستانە کاردانەوەی ئەرێنی و دروستمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی هزرمان بەئارامی و هێوری بهێڵینەوە و بەشێوازێکی کاریگەرانە مامەڵە لەگەڵ کێشە ناچارییەکاندا بکەین، ئەوا فێردەبین، گەشە دەکەین و بەهێزدەبین. باوەڕ بەخۆبوونمان زیاد دەکات، باوەڕمان بە تواناکانمان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان و ڕێزی خودیشمان زیاد دەکات. پەرە بە تێڕوانینە خودییەکانمان دەدەین و زیاتر لە خۆمان دڵنیادەبین و دەبین بە کەسێکی باوەڕ بەخۆبوو و گەشبین.

سەرکەوتن و شکستی کاری بازرگانی

هەموو کۆمپانیایەکی گەورە و بچوکیش بە هەمان بازنەی بەرەنگاری و کاردانەوەدا تێپەڕدەبن. ئەگەر کۆمپانیایەکی بچوك لە توانایدا بێت کە سەربکەوێت بەسەر کۆسپە ناچارییەکاندا ئەوا بەردەوام دەبێت لە گەشە و لەم بارەدا دەتوانێت ڕوبەڕووی شکست و تەنگەشە و بەرەنگاری گەورەتر ببێتەوە. پیتەر دراکەر دەڵێت: " کۆمپانیایەك دەتوانێت لە کاردا بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کە دەتوانێت پارەی پێویست پەیدا بکات بۆ دانەوەی باجی هەڵەکانی. "

ڕاوێژکارێکی بازرگانی هەڵسەنگاندنی کرد کە هەموو سێ مانگ جارێک بازرگانییە بچوکەکان توشی قەیران دەبن. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ڕوبەڕووی نەبنەوە ئەوا دەبێتەهۆی داڕوخان و تیاچونیان.

لە زۆربەی بار و تێڕوانینەکاندا من و تۆش هاوشێوەی بازرگانی و کۆمپانیا بچوکەکانین. خۆشبەختانە, نەتوانینی کاردانەوەمان بۆ هەندێک شت وەک کۆتایی و ڕووخانی بازرگانییەک نییە. هەرچەندە, ئەگەر بە هەر هۆکارێک بێت سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ بەرەنگارییەکاندا نەکەین, لەبری ئەوە بەرەنگارییەکان بێزار و نائومێدمان دەکەن. باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزی خودیمان کەم دەکەن و توانای مامەڵەکردنمان لەگەڵ کێشە و گرفتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت.

کاردانەوەکانت داهاتووت دیاری دەکەن

زۆرینەی ئەو شتانەی کە بۆت پێشدێن لەلایەن کاردانەوەکانت بۆ ڕووداو و کاتە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانەوە دیاری دەکرێن. کاردانەوەکانت دەرئەنجامی هەموو ئەو شتانەن کە بە تێپەڕبوونی کات فێریان بوویت و ئەزموونت کردوون. تۆماس هەکسلی دەڵێت:" ئەزموون و شارەزایی ئەوە نییە کە بۆ مرۆڤ پێشدێت, بەڵکو ئەوەیە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە بۆی پێشدێن."

ژیانت و هەموو شتێک سەبارەت بە تۆ لەڕێگەی کاردانەوەکانتەوە دەخرێنە ڕوو. ئەوە نییە کە چی بۆت ڕوودەدات بەڵکو ئەوەیە کە چۆن کاردانەوەت بۆی دەبێت. بەم هۆکارەوە بوو کە تۆڕینەوەکەی ستانفۆرد نۆد پوون و دیاربوو سەبارەت بەم تایبەتمەندییە کاتێک دەڵێت:" توانا

سەلمێنراوەکەت بۆ کارکردن لە قەیراندا، مەرجێکی ڕەها و لەپێشینەیە
بۆ پلە بەرزکردنەوەت بۆ ئاستێکی بەرزتر."
تا ڕادەیەک، ئەوەی کە بەڕاستی لێرەدا لەبارەیەوە دەڵێین بریتییە لە
کەسایەتی. یەکێک لە ئامانجەکانی ژیانت ئەوەیە کە پەرە بە
کەسایەتییت بدەیت هەتا ببیتە مرۆڤێکی باشتر و بەهێزتر. پەرەدان بە
کەسایەتییت پێویستە بۆ باشیی و دڵخۆشیی درێژخایەن کە پێویستی
بەوە دەبێت بەناو کۆمەڵێک کۆسپ و بەربەستە سەخت و شکستە
کاتییەکان و سەرکەوتنەکاندا تێپەڕبیت.

کێشە و دژوارییەکان نەویستراوانە دێن

ڕەنگە هەموو هەوڵێک بدەیت بۆ ئەوەی ژیانت بەجۆرێک ڕێکبخەیت کە
ناخۆشییە چاوەڕواننەکراو و کتوپڕەکان کە ڕەنگە ڕووبدەن، کەمبنەوە.
بۆتەوەی لەو دژوارییانە دوورییکەوێتەوە کە دەکرێت لە هەر شوێن و
کاتێکدا ڕووبدەن، هەموو زیرەکی و دانایی وئەزموونەکانت بەکاردەهێنیت
بۆ ڕێکخستنی کاروبار و ژیانت.

ڕەنگە پێشوەختە بەوریاییەوە پلانت دانابێت و ئامادەکاریت کردبێت بۆ
ئەوەی دڵنیابیت لەوەی کە شتەکان لە ماڵ و لە کار بەگونجاوی و
بێکێشە بەڕێوەدەچن. بەتایبەت ئاگاداری تەندروستییت و سەلامەتیی
ئەندامانی خێزانەکەت دەبیت. بۆ دڵنیابوونی زیاتر لە سەرکەوتن لە کار و
پیشەکەتدا لەو شتانە ڕادەمێنیت کە دەتوانیت ئەنجامیان بدەیت.
درگاکان دادەخەیت، تەواو دڵنیادەبیت، بەوریاییەوە شوێنێری دەکەیت و

بەپێچەوانەوە مەترسی توشبوونت بە ڕووداو و کارەساتە ناخۆشەکان
کەمدەکەنەوە.

ژینەی خەڵکی ئەم ئەنجامدەدەن جگە لەوانەی کە کەمتەرخەم و
بێئاگان. تەنانەت سەرەڕای ئەوەی هەوڵی تەواو دەدەیت بۆ ئەوەی
ڕووبکەوێتەوە لە کارەسات و نەهاتی لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی نەو
نەهاتی و کارەساتانە دەکەیت. نەهاتییەکان نەویستراوانە و
پێشبینینەکراوانە بۆت پێشدێن, دژواری و کارەساتەکان سەرسامت
دەکەن. سەرەڕای هەموو هەوڵێکت بۆ بەرهەڵستیکردنی نەهامەتییەکان
بەڵام هەر ڕوودەدەن.

دژواری و پەرەپێدانی کەسایەتی

هەرچۆنێك بێت بەبێ هەبوونی نەهاتی و دژواری ناتوانیت پەرە بە
کەسایەتییەکی بەهێزتر بدەیت. ناتوانیت ببیتە کەسێکی باشتر و
ناشتوانیت پەرە بە خۆشیی و خۆڕاگری و بڕیادانی کەسایەتیت بدەیت.
ناتوانیت ببیتە ئەو جۆرە کەسەی کە خۆشی لە ئاستی بەرزی باوەڕ
بەخۆبوون دەبینێت و هەستێك کە دەتوانێت ڕوبەڕووی هەموو ئەو شتانە
ببێتەوە کە توشی دەبێت. هەرگیز ناتوانیت ببیتە کەسێکی بەهێزتر بەبێ
هەبوونی نەهاتی و دژواری کە بەوریاییەوە ڕێگریان لێدەکەیت و خۆتیان
لێلادەدەیت.

ئەگەر لەم مەتەڵەدا بیت, تەنها یەك هەڵبژاردنت هەیە. دەتوانیت
پێشوەختە ئەوە هەڵبژێریت کە یەکسان بێت لەگەڵ بارو دۆخەکەدا. ئان
لاندەرس ئەوەی لە چەند وشەیەکی جواندا کورتکردوەتەوە و دەڵێت:"

ئەگەر داوام لێبکرایە کە کورتترین و گرنگترین ئامۆژگاری پێشکەشی هەموو مرۆڤایەتی بکەم ئەوا ئەم وشانە دەبوون: پێشبینی کێشە بکە وەك بەشێکی لێدەربازنەبوی ژیان و کاتێك توشی بویت ئەوا سەرت هەڵبڕە, ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانی بکە و پێی بڵێ " من لە تۆ گەورەتر و بەهێزترم, هەرگیز ناتوانیت بمبەزێنیت."

توانای کاردانەوەت کلیلەکەیە

فرێدریك ڕۆبێرسۆن دەڵێت:" ئەوە بارودۆخ نییە کە مرۆڤ دروستدەکات بەڵکو مرۆڤە کە بارودۆخ دروستدەکات." ئەوەی کە بڕیار لەسەر تەواوی ژیانت دەدات, ئەوە نییە کە بۆت ڕوودەدات بەڵکو ئەوەیە کە کاردانەوەت چۆن دەبێت بۆی. لە کاردانەوەکاندا کە هەڵیان دەبژێریت هۆکارە دیاریکراوەکانی شکۆداریی مرۆڤایەتی یان خرایەکاری لەخۆدەگرن. کەسە مەزنەکان ئەوانەن کە لە کاتی هەرکێشە و گرفتێکدا کاردانەوەی باش و ئەرێنییان هەبووە و دواتر هەموو شتێك باشبووە.

دکتۆر ئەبراهام زالیزینك لە زانکۆی هارڤارد کە یەکێکە لەو چەند کەسەی توێژینەوەی فراوانی ئەنجامداوە لە بابەتی " نائومێدیی"دا. لە لێکۆڵینەوەی لە شێوازە جیاوازەکانی کاردانەوەی خەڵکی بۆ نائومێدیی ئەوەی بۆ دەرکەوت کە دەتوانی بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵێیت کەسێك چەند بەرز و دوور دەڕوات لە ژیان تەنها بە تێبینیکردنی ئەوەی کە کاردانەوەی چۆن دەبێت کاتێك دووچاری کێشە و گرژی و ئاڵۆزییەکان دەبێت لە گەشتن بە ئامانجەکانیدا.

د. زالیزنیك بۆی دەرکەوت کە زۆرینەی زۆری خەڵك بە شێوەیەکی هـزری ئامادەنین بۆ ئەو نائومێدیی و بێهیواییە ناچارییانەی کـە لـە ژیـان توشـی دەبن. کاتێك دەگەن بە نائومێدیی، ئەوا خۆبەدەستەوە دەدەن و لـەڕووی هەسـت و سـۆزەوە داگیریـان دەکـات. دواتـر ئـەم نائومێدییـە دەکـەن بەڕاستی و ڕێگە بەخۆیان دەدەن کە ئـەو هەسـتی نائومێدییـەیان هـەبێت لەبەرئەوەی کە سەرکەوتوونەبوون، ئەوان بەڕاستی باشنین لەو شتەی کـە ئەنجامی دەدەن.

هۆکـاری بێهیواییەکـەیان دەگێڕنـەوە بـۆ کـەمی چوسـت و توانـایی. لـە ئەنجامدا زۆر بەئاسـانی لـە خۆیـان هیـوابڕاو دەبـن، ئـەو توانـا و بـاوەڕە لەدەسـتەدەن کـە پێویسـتیانە بـۆ بەرەوپێشچـوونیان. زۆرجـار نائومێـد دەبـن و لـە زۆربـەی دۆخەکانـدا وردە وردە وازدەهێـنن لـە دانـانی ئامانجەکانیان و لە کار لەسـەر خودکردنیـان دەوەسـتن و زیـاتر پەرۆشـی ئاسایش و توانا شاراوەکانیان دەبـن لـەبری ئـەوەی هەلـەکان بقۆزنـەوە و تواناکانیان بەدەستبهێننەوە.

کاردانەوەی دروست بۆ نائومێدیی

لە لێکۆڵینەوەی د. زالیزنیکدا، کەسانێك کە ئامانجی بەرزیان بەدەسـتهێنا بوو کاردانەوەی زۆر جیاوازیان هەبوو بۆ نائومێدیی وەك لـە کەسـانێك کـە ئامـانجی نزمیـان بەدەسـتهێنا بـوو. یەکـەم لـەڕووی هـزر و هۆشـییەوە، لەپێشـتردا ئامـادەبوون بـۆ نائومێـدیی لەبەرئـەوە کاتێـك گەشـتن بـە نائومێدییەکـە هەنـدێك لەبارەیـەوە بیریـان کردوەتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە

پێویستە کاردانەوەیان چۆن بێت بۆی و بۆ ئەو ڕوودارانەش کە ڕەنگە بۆیان ڕووبدەن.

وایان دانا کە هەر کۆسپێك دیاریکراو و تایبەتە بە بارودۆخێکی دیاریکراوەوە نەوەك تایبەت بێت بە دەرخەڕێکی نەبوونی توانای گشتی یاخود کێشەی کەسایەتی. لە هەمووی گرنگتر, کەسە سەرکەوتووەکان بەرەیان دابوو بە زنجیرە ئامرازێکی دەروونی هەرکات شتەکان بەرەو خراپی بچونایە, بەشێوازێکی ئۆتۆماتیکی بەکاریان دەهێنا.

پێشبینیکردنی قەیران

ناپلیۆن بۆناپارت لەلایەن مێژوونوسانەوە بە باشترین و زیرەکترین ژەنەڕاڵی مەیدانی جەنگ دانراوە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا. لەماوەی بیست و پێنج ساڵ کاری سەربازیدا و بەژداریکردنی لە سەدەها جەنگ و ململانێی گەورە و بچوکدا تەنها سێ جەنگی دۆڕاندووە. دەوترێ کە ئامادەبوونی لە مەیدانی جەنگدا زۆر گرنگتر بووە لە ئامادەبوونی چل هەزار سەرباز بەهۆکاری ئەو پشتگیریکردن و وەرە بەرزکردنەوەی کە پێی دەدان.

ناپلیۆن بەناوبانگ بوو بەوەی کە کاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە مەیدانی جەنگدا تەرخانکردووە و بیریکردۆتەوە لە هەموو ئەگەرێکی ڕوودانی جەنگی چاوەڕوانکراو. بەڕاستی و بە هەڵوێستەوە ئامادەبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خراپترین ئەگەرەکان کە دەکرا ڕوویدەن. کاتێك جەنگ دەستیپێدەکرد و لە هەموو لایەکەوە شپرزەیی و سەرلێشێواوی بوو, بەردەوام دەستە نامەبەرەکان و ئەفسەرەکان بە نامە و

[illegible] مەمەتن بۆ لای و دلوای ڕێنماییان لێدەکرد کە قۆناغی دواتر چی [illegible] هەمیشە وەڵامەکانی بوون، پوخت و دەستبەجێ بوون. گرنگ نییە [illegible] پووبدەدا، هەمیشە فرمان و وەڵامی لەسەر زمان بووە. هۆکاری [illegible] کە یارمەتیدا ببێتە سەردار و گەورەی هەموو ئەوروپا ئەوە بوو کە [illegible] ترمێتە بیری لە هەموو شتێك دەکردەوە.

[illegible] بە پلاندانان و بیرکردنەوە بدە

هیمکێتیی هێزی باوەڕبەخۆبوونە، کرداری و یارمەتیدەرە بۆت. لە هەرمکانی دامەزاتوودا هەندێك لە باشترین ئامرازە هزرییەکانتان بۆ مخەمەڕوو کە کەسە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەکەمان بەکاریان هێناوە بۆ پارمەرکردنی دڵۆڤری و تەنگ و چەڵەمەکان.

ئەوەی بۆتان پێشنیاز دەکەم ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن و لە هزرتاندا بیریان لێبکەنەوە و بەشێوەیەکی بەردەوام و ئاسای پیاباندا بچنەوە هەتاکو دەبنە بەشێکی ئۆتۆماتیکی پڕۆسەی بیرکردنەوەکانتان. کاتێك نەمە ئەنجامدەدەن، بەڵێنتان پێدەدەم کە هەنگاوێکی گەورە دمتێن لە بوون بە کەسێکی نەوەستێنراو. خۆشی دەبینن لەو ئاستە بەرزەی باوەڕبەخۆبوون کە شیاوە بۆتان.

چەمکی شکست

یەکەم تەکنیکی هێزی بۆت هەڵسەنگاندنەوەی تەواوی هەڵوێستە سەبارەت بە چەمکی شکست. دەزانیت کە "ترس لە شکست" یەکێکە لە گەورەترین کۆسپەکان لە بەردەم دڵخۆشیی و سەرکەوتنەکانی ژیانی

[redacted] مەمەتن بۆ لای و دلوای ڕێنماییان لێدەکرد کە قۆناغی دواتر چی [redacted] هەمیشە وەڵامەکانی بوون، پوخت و دەستبەجێ بوون. گرنگ نییە [redacted] بوونیدا، هەمیشە فرمان و وەڵامی لەسەر زمان بووە. هۆکاری [redacted] کە یارمەتیدا ببێتە سەردار و گەورەی هەموو ئەوروپا ئەوە بوو کە [redacted] مەتە بیری لە هەموو شتێك دەکردەوە.

ڕە بە پلاندانان و بیرکردنەوە بدە

هیزی باوەڕبەخۆبوونە، کرداری و یارمەتیدەرە بۆت. لە هەرمکانی دامەزراتووداو هەندێك لە باشترین ئامرازە هزرییەکانتان بۆ مەبەستە کە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەکەمان بەکاریان هێناوە بۆ پارمەرکردنی دڵۆڤری و تەنگ و چەڵەمەکان.

ئەوەی بۆتان پێشنیاز دەکەم ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن و لە هزرتاندا بیریان لێبکەنەوە و بەشێوەیەکی بەردەوام و ئاسای پیاباندا بچنەوە هەتاکو دەبنە بەشێکی ئۆتۆماتیکی پڕۆسەی بیرکردنەوەکانتان. کاتێك نەمە نەنجامدەدەن، بەڵێنتان پێدەدەم کە هەنگاوێکی گەورە دەتێن لە بوون بە کەسێکی نەوەستێنراو. خۆشی دەبینن لەو ئاستە بەزەی باوەڕبەخۆبوون کە شیاوە بۆتان.

چەمکی شکست

یەکەم تەکنیکی هیزی بۆت هەڵسەنگاندنەوەی تەواوی هەڵوێستە سەبارەت بە چەمکی شکست. دەزانیت کە "ترس لە شکست" یەکێکە لە گەورەترین کۆسپەکان لە بەردەم دڵخۆشیی و سەرکەوتنەکانی ژیانی

گەنج. هەروەك دەزانی كە ئەوەش كاردانەوەی بارودۆخێكی تایبەتە كە لە سەرەتای مندالییەوە گەشەیكردووە, لە ئەنجامی ڕەخنەیەكی ڕوخێنەر و هەر جۆرە هەڵەیەكی تر كە باوانت ئەنجامیان داوە لەمیانەی پەروەردەكردنتدا. خۆشبەختانە, ئەمە ترسێكی پۆشنبیرانەیە و بەهۆی ئەمەوە ڕەنگە ببێتە ناڕۆشنبرانە. بەو جۆرە ئازادت دەكات لەو ترسانەی كە دەتگێڕنە دواوە و هەروەها باوەڕ بەخۆبوون و هاندانێكی وات پێدەدات كە بەرەوپێش بچیت.

خاڵی دەستپێك بۆ نەهێشتنی ئەم ترسە ئەوەیە كە پەسەندی بكەیت و تێبگەیت كە سەركەوتن بەبێ شكست ئەستەمە. بەر لە هەموو سەركەوتنێك, شكستێك هەبووە. زۆربەی كات شكستە گەورەكان بە تێپەڕبوونی كات دووبارەبونەتەوە.

ئەبراهام لینكۆڵن بە یەكێك لە سیاسەتمەدارە گەورە شكستخواردووەكانی ئەمریكا دادەنرا. پیاوێك بوو كە بازرگانییەكەی لەدەستدابوو, خۆشەویستەكەی لەدەستدابوو, لە هەڵبژاردنەكانیشدا زۆرجار شكستی هێنا. هەرچۆنێك بێت, بە فێربوون لە هەموو شكستەكانیەوە, لە كۆتا هەڵبژاردن سەركەوتنی بەدەستهێنا و بوو بە یەكێك لە سەرۆكە هەرە گرنگ و ڕێزلێگیراوەكان لە مێژووی ئەمریكادا.

هەروەك ستانلی جوود دەڵێت:" لە شكستهێنان مەترسە, وزەكەت لە شاردنەوەی شكستەكەتدا بەفیڕۆ مەدە. لە شكستەكانت فێربە و بەردەوامبە لە بەرەنگاربوونەوەی دواتر. ئاسایە شكست بهێنیت, هەرگیز گەشە ناكەیت ئەگەر شكست نەهێنیت."

ڕادەی شکستت دوو هێندە لێبکە

فێربووین کە چۆن سەربکەوین لەڕێگەی شکستەوە و سەرکەوتن بەبێ شکست نەستەمە. لە یەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ لای(تۆماس ج. واتسۆن) ڕۆژنامەنوسێکی لاو پرسیاریکرد, ئایا چۆن بتوانێت خێراتر سەرکەوتوو بێت؟ واتسۆن کە دامەزرێنەری (IBM) ئامێری بازرگانی نێودەوڵەتییە. بەم چەند وشە سەرنجڕاکێشە وەڵامیدایەوە: " ئایا دەتەوێت سەرکەوتووبیت؟ ڕادەی شکستەکانت دوو هێندە لێبکە. سەرکەوتن لە لایەکی دووری شکستەوەیە."

هەموو ئەو کەسانەی کە دەستکەوتی مەزنیان هەبووە, جارێك توشی شکستی گەورە بوون. گەورەترین سەرکەوتن لە کتێبە مێژووییەکانمان چیرۆکی ئەو زنجیرە ژن و پیاوانەن کە چەندین جار شکستیان هێناوە تا لە کۆتاییدا فێربوون کە چۆن سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە بەرنامەی (دەیڤید سەسکیند) دا, چوار پیاو بانگهێشتکرابوون کە هەموویان لەپێش تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا ببونە ملیۆنەری بازرگانی. لە کاتی ناوبڕەکەدا, داوایان لێکرا باسی تێکڕای ئەو کار و بازرگانییە جیاوازانە بکەن کە پێشتر کردوویانە و هەوڵیان بۆ داوە بەرلەوەی ئەو کار و بازرگانییە بدۆزنەوە کە سەروەتەکەیان لێ دەستکەوتووە.

دەرکەوت کە هەر یەك لەو چوار کەسە تێکڕا حەڤدە کاری بازرگانییان ئەنجامداوە کە لە شازدە دانەیان سەرکەوتوونەبوون بەڵام ئەوە بازرگانی حەڤدەیەم بوو کە دەوڵەمەندی کردن. ئێستا پرسیارە ئاشکراکە ئەوەیە: ئایا ئەم پیاوە گەنجانە لە هەریەکە لە پڕۆژە بازرگانییەکانی پێشویاندا

شکستیان هێنابوو؟ وەڵامەکە زۆر ڕوونە: شکستیان نەهێنا. فێربوون کە چۆن سەرکەوتن بەدەستبهێنن. پڕۆژە بازرگانییەکانی پێشتریان ناقیکردنەوەیەک بوو کە فێری ئەو وانانە بین کە دواتر پێویستن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابوری.

مەزنترین داهێنەرمان

تۆماس ئەدیسۆن سەرکەوتووترین داهێنەربوو لە سەدەی بیست و هەموو سەدەکانی تریشدا. ئەو تەنها پەرەی نەدا بە گڵۆپی کارەبایی بەڵکو پەرەی بە کۆمپانیای وزەی کارەباییشدا کە وایکرد گونجاوبن بۆ فرۆشتن و گەیاندنی تەزووی کارەبا و فرۆشتنی گڵۆپی کارەبایی بە هەموو گوند و شار و شارۆچکەکانی ئەمریکا. مافی خاوەندارێتی و نیشانەی بازرگانی زیاتر لە هەزار ئامێری وەرگرت لە نوسینگەی نەتەوە یەککگرتوەکانی ئەمریکا بۆ داهێنان و نیشانەی بازرگانی. کە زۆرینەیان هێنرانە نێو بەرهەمی بازرگانییەوە لە ماوەی ژیانیدا. شێوازی ژیانمان و شێوازی ژیانی زۆرینەی خەڵک لە جیهاندا کارتێکراو بووە بە سەرکەوتنەکانی لە بواری داهێناندا. هەرچەندە, تۆماس ئەدیسۆن وەک داهێنەرێک شکستخواردوویەکی نائاسایش بووە. زۆر زیاتر لە داهێنەرەکانی سەردەمی خۆی شکستی هێناوە. هەزاران جار لە هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی دەزولەی گونجاو بۆ یەکەم گڵۆپی کارەبایی شکستیهێناوە. لە تاقیگەکانییدا کە ئێستا ناسراوە بە کارەبای گشتی, هەندێک لە باشترین زاناکانی سەردەمی خۆی کۆکردەوە تاکو بتوانن بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارە و خێرایی شکستەکانیان زیاد بکەن.

سەرکەوتن یارییەکی ژمارەییە

ئەبسۆن بۆیدەرکەوت کە سەرکەوتن یارییەکی ژمارەییە. پشت دەبەستێت بە هەوڵی زیرەکی و یاسای ئەگەرەکان, ئەگەر بە چەندین پێگای جیاواز چەندین شتی جیاواز تاقی بکەیتەوە. لە هەر تاقیکردنەوە و شکستێك وانە وەربگریت و فێربیت, ئەوا بەدڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبیت. لەلایەکی دیکەوە, ترسان لە شکست دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی شتی کەمتر و کەمتر تاقی بکەنەوە, لە ئەنجامدا ئەگەری بەدەستهێنانی هەرشتێك کەمدەبێتەوە کە دەیانەوێت بەدەستی بهێنن.

لە هەمان ساڵدا, (بابی ڕوس) یاریزانێکی بەیس بۆڵ بوو زۆرترین دەوران وڵبدانی تۆپی لە هەموو یاریزانەکانی تر تۆمارکرد. کاتێك تۆپەکە هەڵدەدرا بە هەموو هێزێکییەوە دەجوڵا و هەمیشە کە دەورانەکەی تەواو دەکرد بە زەویدا دەکەوت بەهۆی ئەو کۆششانەی کە دەیکرد. هەرچەندە, ڕیکۆردێکی بەیس بۆڵی ئەمریکی تۆمارکرد کە بۆ چەند ساڵێك نەشکێندرا و بوو بەو ئەفسانەیەی کە تا ئێستاش قسەی لەسەر دەکەین.

هێنری فۆرد, کە یەکێك بوو لەو کەسانەی لە تەمەنی چل ساڵیدا مایەپوچ بوو, بەردەوام بوو تا ببێتە یەکێك لە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی جیهان, دەڵێت:" شکست هەڵێکی دیکەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ژیرانەتر دەستپێبکەیتەوە."

دکتۆر جۆیس دایان دەڵێت:" ئەو کەسەی کە حەز بە سەرکەوتن دەکات, دەبێت فێربێت کە شکست وەك بەشێکی لێدەربازنەبوو و تەندروستی پڕۆسەی گەشتن بە لوتکە ببینێت."

لە هەموو شکستێکەوە فێر ببە

کاری تۆ ئەوە نییە کە لە شکست بترسیت یاخود زۆر خۆت لە شکست لابدەیت کە ئەمەش وادەکات لە سەرکەوتن دوور بکەویتەوە. لەبری ئەوە کاری تۆ ئەوەیە کە بەرەوپێش هەنگاو بنێیت و هەرشتێك کە پێویستە بیکەیت و سەرەتا بیری لێبکەیتەوە, تاکو دەتوانیت هەموو شتێك فێربیت و بەردەوام بیت.

زیگ زیگلار دەڵێت" دەتوانیت بڵێیت کە بینایەك چەندە بەرز دەبێت بە سەیرکردنی ئەوەی بناغەکەی چەندە قوڵ هەڵدەکەنن. ئەو ئاستە بەرزەی کە لە ژیانتدا پێی دەگەیت هەمیشە دیاری دەکرێت بە قوڵیی بناغەی کەسایەتییت کە هەمیشە چەندێتی و چۆنێتی شکستەکانتە و بە چی گەشتویت لە ئەنجامی ئەوانەوە. "

ناپلیۆن هیڵ دەڵێت:" کاتێك شکست دێت, ئەوا وەك ئاماژەیەك پەسەندی بکە کە پلانەکانت ڕاست و دروست نین. پلانەکانت دابڕێژە و جارێکی دیکە بەرەو ئامانجە نهێنییەکەت هەنگاو بنێ."

دیل کارنگی دەڵێت:" کەسی سەرکەوتوو سود لە هەڵەکانی وەردەگرێت و دیسانەوە بەڕێگایەکی جیاوازتر هەوڵدەداتەوە." خاڵی دەستپێك لە سەرکەوتن بەسەر ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەکاندا ئەوەیە کە زاڵبیت بەسەر ترس لە شکست تا ئەو خاڵەی کە ئامادەیت ئازایانە بە ئاڕاستەی خەونەکانت بەردەوام بیت. هەستەکانت, ترس, یاخود خواستەکانت هەرشتێك هەن, کۆنترۆڵی بڕیارەکانت و هەموو ئەو شتانە دەکەن کە ئەنجامیان دەدەیت.

کانێك ئامانجە ڕوونەکانت دەنوسیت و پلانی ورد و درشت دادەنێیت بۆ بەدیهێنانیان و هەمیشە بیر لە ئامانجەکانت دەکەیتەوە, بەم شێوەیە "ئارەزوویەکی یەکجار بەهێز" لە خۆتدا بنیاد دەنێیت کە لە کۆتاییدا هێندە بەهێزە کە زاڵدەبێت بەسەر هەر ترسێك لە شکستدا کە ڕەنگە بنگێڕێنە دواوە.

هەتا زیاتر بنوسیت, بیربکەیتەوە و قسەبکەیت سەبارەت بە ئامانجەکانت, زیاتر سوردەبیت لە بەدەستهێنانیان و کردنیان بە ڕاستی و زیاتر هەوڵدەدەیت لە بەرەوپێشچوون و زاڵبوون بەسەر ئەو ترسانەی کە ڕەنگە بنگێڕێنە دواوە.

پلان بۆ داهاتوت دابنێ

دووەمین تەکنیکی هزری کە دەتوانیت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەهاتی و دژوارییەکاندا بەکاری بهێنیت پێیدەوترێت پێشبینیکردنی قەیران و ئامادە دەکات بە توانای بیرکردنەوەت. هزرت بەهێزترین ئامرازە کە هەتبێت بۆ تێگەشتن لە ڕاستی.

هەموو ئەو شتانەی کە هەستیان پێدەکەیت و کاردانەوەکانت پەیوەستن بە چۆنیەتی بیرکردنەوەت سەبارەت بە هەر بابەتێك. ئەگەر چۆنیەتی بیرکردنەوەت بگۆڕیت ئەوا چۆنیەتی ژیانت گۆڕیوە. ئەمەش بە خستنەگەڕی تواناکانت بە بیرکردنەوەت لە بارودۆخی ئێستا دەستپێدەکات.

پێشبینیکردنی قەیران بریتییە لە چاوخشاندنەوە بە کارەکانی شەش بۆ دوازدە مانگتدا و دروستکردنی لیستێك بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ڕەنگە

خراپبن لەو بوارانەی کە بۆت گرنگن. ئەمەش بە هەمان شێوە بوو کە ناپلیۆن ئەنجامی دەدا لە پێشبینیکردن بۆ جەنگی داهاتوو.

ئەگەر لە بازرگانییەکدایت، ئەوا لیستێك دروستبکە بۆ هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە ڕەنگە بۆت بێنە پێش و هەڕەشە بن بۆ مانەوەی بازرگانییەکەت. ئەگەر لە کاری فرۆشیاریدایت، ئەوا لیستێك دروستبکە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ڕەنگە ڕووبدەن و بەشێوەیەکی بەرچاو ببنە هۆی کەمکردنەوەی قەبارەی فرۆشتنەکانت. سەبارەت بە خێزانەکەت، یاخود لە کاتی ڕەچاوکردنی پشوی خێزانیشدا، لیستێکی ڕووداوە پێشبینینەکراوەکان دروست بکە کە ڕەنگە ڕووبدەن و ببنەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پلان و ئامانجەکانت.

مەترسییەکە بنەبڕ بکە

لە بازرگانییەکدا کە کارم دەکرد، خاوەنکارەکە بۆی دەرکەوت کە زیاتر لە سەدا شەستی فرۆش لە دوو لە یازدە کەسە فرۆشیارەکانەوە بەدەستدەهاتن. ئەگەر یەکێك لەو کەسانە وازبهێنێت یاخود شتێکی خراپتر، یەکێکیان بڕوات کار بۆ کۆمپانیایەکی ڕکابەرمان بکات، ئەوا ڕەنگە قەبارەی فرۆشی کۆمپانیاکە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزێت و لەڕاستییدا توانای کۆمپانیاکە بۆ بەردەوامبوون و مانەوە بکەوێتە بەر مەترسی لەناوچوون.

جارێکیان خاوەنکارەکە پێوەن بوو سەبارەت بەمە، دەستبەجێ دەستیکرد بە بەرنامەیەکی چڕی مەشقکردنی کڕین و فرۆشتن بۆ هەموو کارمەندەکان. لە هەمان کاتدا، دەستیکرد بە گەڕان و زیادکردنی ئەندامی

و باشتر لە کاتی پێکخستنەکاندا و ناردنی نەدامە کەم تواناکانی خۆ
پێکی دەبێ. لە ماوەی شەش مانگدا، هیچ فرۆشیارێك لە سەدا
سی زیاتری بازرگانییەکەی پێکنەهێنا. کاتێك ئەوە دووبدا بەکێك لە
پارە لێهاتووەکان بڕیاری بەجێهێشتنی کۆمپانیاکەیدا. بازرگانییەک
ی چارەسەری دابەزینی کاتی لە بەرهەمهێناندا بکات و بەردەوام بێت
کەشەسەندن.

ی چی کێشەیەك دروست بێت ؟

ر قەیرانانە چین کە ڕەنگە لە ژیانتدا ڕووبدەن؟ چی دەبێ ئەگەر نرخی
ووەکان دوو هێندەیان لێبێت یاخود بازرگانییەکەت بە لە سەدا پەنجا
لبەرێت؟ چی دەبێت ئەگەر پڕفرۆشترین بەرهەمەکانت لە فرۆشتن
چەستن یاخود باشترین کڕیارەکانت واز لە کڕین بهێنن؟ لە کام بوارانەدا
بەزۆری پشت بە کەسانی تر یاخود شتی تر دەبەستیت بۆ
بەردەوامبوونت لە سەرکەوتنی بەردەوام؟ دەتوانیت چی هەنگاوێك بنێیت
بۆ پارێزگاریکردن لە بەرامبەر قەیرانەکان کە ڕەنگە دروست بن؟ سەرسام
نەبیت بەوەی کە چەندە باوەڕت بەخۆت هەیە کاتێك بیر لە بوارە
گرنگەکانی ژیانت دەکەیتەوە و پلان بۆ هەموو ئەو کێشانە دادەنێیت کە
ڕەنگە دروست بن.

نۆتۆ فون بیسمارك "سەرۆك وەزیرانە ئاسنینەکە" ی ئەڵمانیا بە یەکێك
لە باشترین سیاسەتمەدارەکانی ئەم سەدەیە دادەنرێت. بەوە بەناوبانگ
بوو کە هەمیشە و بۆ هەموو دۆخێك پلان - بی- هەبووە. گرنگ نەبوو
چی ڕوویدەدا و چەندە هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی ئەنجامێکی تایبەتی
هەبێت، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوایە، ئەوا هەمیشە خۆی دەگەیاندە

چەکمەجەکەی و پلانێکی باش و تەواو پەرەپێدراوی دەردەهێنا بۆ ئەنجامدانی. ئەم خوونەریتی ئامادەکارییەی بۆ دەرئەنجامە پێشبینینەکراوەکان بوە هۆی ئەوەی ببێتە یەکێك لە بەهێزترین سیایەتمەدارەکانی ئەوروپا.

ببە بە چارەسەردانەرێکی بەهێز

بیر لە چارەسەر بکەرەوە سەبارەت بەوەی دەتوانرێت چی بکرێت نەوەك چی ڕوویداوە و لۆمەی کێ بکرێت. یەك خولەك بەفیڕۆ مەدە یان هەراسان و تورە مەبە سەبارەت بە شتێك کە ڕوویداوە و ناتوانرێت بگۆڕدرێت. هوشیارانە داهاتووت بەسەر ڕابردووتدا هەڵبژێرە. ببە بە چارەسەردانەرێکی بەهێز نەوەك کێشە دروستکەر. بیر لەوە بکەرەوە کە دەبێت دەستبەجێ چی بکەیت بۆ چارەسەرکردنی سەختی و ئاڵۆزییەکان. بۆ بەبەهاترین وانە بگەڕێ کە دەتوانیت لەو بارودۆخەوە فێری ببیت. بیربکەرەوە کە چۆن دەتوانیت زیانەکان کەمبکەیتەوە و ئەو دەرفەتانە زیادبکەیت کە ڕەنگە لەم کۆسپانەوە سەرهەڵبدەن. هەروەك فەیلەسوف فرێدریك نیچە دەڵێت:" ئەو شتەی کە نەمکوژێت, بەهێزترم دەکات."

تاکە دەرمان و چارەسەری ڕاستەقینەی نەرێنی و دوودڵی و دڵەڕاوکێ تەنها کرداری بنیادنەرانە و پڕمەبەست و ئەرێنییە بە ئاڕاستەی ئامانجەکانت. هەر کە دەستبەکار بوویت, ئەوا ڕێزی خودی و باوەڕ بەخۆبونت زیاد دەکەن. وا هەستدەکەیت کە لە کۆنترۆڵی تەواوی هەستەکانت و ژیانتدایت. واز لە بەهانەهێنانەوە دەهێنیت و دەست بە

هەوپێشچوون دەکەیت. دەستدەکەیت بە بیرکردنەوە سەبارەت بەوەی ڕوون بارودۆخەکە بۆ سوودی خۆت بگۆڕیت.

هەرگیز ڕەچاوی ئەگەری شکست مەکە

لە لێکۆڵینەوەی کۆتاییدا, سەردەکەویت بەسەر دژوارییەکاندا بە هەبوونی بەهای ڕوون, پلان و ئامانجی ڕوون و هەروەها کۆنترۆڵکردنی تەواوی هەڵز و بیرکردنەوەکانت. سەرکەوتوو دەبیت بە بیرکردنەوە لە بردنەوە بەدڕێژای کات و ڕەچاونەکردنی ئەگەری شکست و دۆڕان. سەرکەوتوو دەبیت بە بڕیاردان لەوەی کە بەردەوام بیت, گرنگ نییە گرفتەکان چین, گرنگە نییە چی ڕوودەدات, تاکو سەرکەوتن بەدەستدەهێنیت. ئەم بەردەوامییەت دەناسیتەوە کە شێوەیەکە لە بوێریی. ئەوە بوێرییە کە بەرامبەر نائومێدیی و تەنگ و چەڵەمەکان خۆڕاگرت دەکات و تاکە تایبەتمەندییە کە دڵنیات دەکاتەوە لە کۆتاییدا سەرکەوتوو دەبیت.

گالڤین کۆلیدج, سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەموو ئەمانەی کورتکردوەتەوە کاتێک دەڵێت:" هیچ شتێك لە دنیادا ناتوانێت شوێنی بەردەوامیی بگرێتەوە. بەهرە ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە: هیچ شتێك هێندەی پیاوی سەرنەکەوتووی بەهرەدار زۆر نییە. بلیمەتی ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە: بلیمەتی پاداشتنەکراو, زۆرکات کەسێکی نمونەییە. فێرکردن ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە, جیهان پڕیەتی لە پوناکبیری پشتگوێخراو. تەنها بەردەوامیی و سووربوون بەهێزترینیانن."

بوێریی و بەردەوامیی

بوێریی بریتییە لە کرداری خود بەرنامەڕێژیی لە کرداردا. هەرکات کە بەرنامەڕێژیی خودییت بەکارهێنا بۆ بەردەوامبوون لە ڕووی تەنگ و چەڵەمە و بێهیوابوندا, ئەو کات ڕێزی خودییت دەچێتە تروپک. کاتێک بەردەوامبوون جێبەجێدەکەیت, ئەوا بەرگری خۆت بنیاد دەنێیت و ڕێگەت بۆ ئاسان دەبێت. هێزێکی لێکخشاندنی ئەوتۆ دروستدەکەیت کە دەرئەنجامی پێچەوانەی ئارەزووی سروشتی خۆتن. گەرمییەک بەدی دێنیت کە کەسایەتی خۆت شێوەیەکی نوێ وەربگرێت لە ئاستێکی بەرزتری نوێدا, لەم ئاستە بەرزەی بەردەوامبووندا, خود بەرنامەڕێژیی و کەسایەتی و ڕێزی خودی و شانازییت بە کەسایەتی خۆت زیاد دەکەن.

باوەڕبوونت بەخۆت هاریکارتە وەک بنچینەیەکی قوڵی باوەڕ کە بەهۆیەوە ژیانێکی مەزن بنیاد بنێیت. ئەو کات دەبیتە کەسێکی ئەرێنی, گەشبینتر و نەوەستێنراو لەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەیت. ئەمە دەکەیت. هەروەک چەرچڵ دەڵێت:" هەرگیز واز مەهێنە , هەرگیزاو هەرگیز واز مەهێنە."

ڕاهێنانە کردارییەکان:

١. ناسینەوەی یەکێک لە سەرەکیترین دژوارییەکان کە مامەڵەت لەگەڵ کردووە و چارەسەرت کردووە. چی شتێکی لێوە فێربوویت کە یارمەتی داویت ببیتە کەسێکی باشتر؟

٢. دەستنیشانکردنی خراپترین شتی گونجاو کە دەکرا لە بازرگانی و کارەکەتدا ڕووبدات. دەتوانیت ئێستا چی بکەیت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان ئەگەر ڕووبداتەوە؟

٣. ئەو سێ خراپترین شتانە چین کە دەکرا پووبدەن لە ژیانی کەسی و خێزانیندا وە دەتوانیت چی شتێك بکەیت بۆ ئەوەی ئامادەی ڕوبەڕووبونەوەیان بیت؟

٤. ئەو سێ گەورەترین هەڵانە چین کە ئەنجامتداون و لە هەر یەکێکیان چی فێربووبیت؟

٥. کاریگەرترین شێواز کە دەتوانیت کاردانەوەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەورەترین کێشە هەبێت لە ئەمڕۆدا چییە؟

٦. لە کام بوارانەدا پێویستە ئامادەبیت تا کردار بکەیت و بەرەوپێش بچیت وەك لەوەی بەوریاییەوە ڕەفتاربکەیت؟

٧. چی کارێك دەستبەجێ ئەنجامدەدەیت بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ترسەکانت و بەرەوپێشچوونت لە بەدەستهێنانی یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانت؟

بەشی حەوتەم
باوەڕ بەخۆبوون لە کار وکرداردا

"لە سەرو هەموو شتێکەوە, تاکە ئامانجێك کە هەت بێت, با مەبەستێکی سودبەخش و پەسەندکراوت هەبێت و بەتەواوی خۆتی بۆ تەرخان بکە."
(جەیمس ئالن)

یەکێك لە سودبەخشترین ڕاهێنانەکان کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت, بۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێك کە دەتوانیت بۆ خۆتی دابنێیت ئەوەیە کە ئەم پرسیارە لە خۆت بکەیت:" هەنگاوە سنورداراەکەم چییە؟ ئەو هۆکارەی کە ڕێژەی خێرایی لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەم دیاری دەکات یان ئاخۆ هەر بەدەستی دەهێنم چییە؟

تواناکەت بۆ ناسینەوەی هەنگاوە سنورداراەکەت یەکێکە لە باشترین دەرخەرەکانی زیرەکییت. توانات بۆ نەهێشتنی ئەم هەنگاوە سنورداراە یەکێکە لە باشترین دەرخەرەکانی توانستە گشتییەکانت لە بەدەستهێنانی هەرشتێك کە دەتەوێت.

باوەڕ بەخۆبوون زۆر گرنگە
لە لێکۆڵینەوەی هەموو شتێکی نوسراو و گوتراودا سەبارەت بە سەرکەوتنە کەسییەکان, گەشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە ئاستی باوەڕ

بەخۆبوونت هۆکارێکی زۆر گرنگە لە هەموو ئەو شتانەی کە بەدەستیان دەهێنیت.

کاتێک باوەڕ بەخۆبوونی تەواوت هەیە, ئەوا هەموو شتێک تاقیدەکەیتەوە. لەبەرئەوەی سەرکەوتن تاڕادەیەکی زۆر بابەتێکی ڕێژەیی یاخود ئەگەرییە, تا شتی زیاتر تاقی بکەیتەوە, ئەوا ئەگەری بەدەستهێنانی شتی مەزنترت دەبێت.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ کۆمپانیای نەوتی ئەماکەو بەناوبانگ بوو لەنێوان هەموو کۆمپانیا نەوتییەکانی تردا بە هەبوونی باشترین و بەرزترین تایبەتمەندی نەوت و گاز بەبەراورد بە کۆمپانیا گەورەکانی تر. پرسیار لە سەرۆکی ئەماکەو کرا سەبارەت بەوەی بۆچی کۆمپانیاکەی لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتووە؟ ئەویش زۆر بەسادەی و ئاسای وەڵامیدایەوە:" ئێمە چالّی زیاتر هەڵدەکەنین." مەبەستی ئەوە نەبوو کە لە پێشبڕکێی کارەکانیان باشتر و زیرەکترن لە کۆمپانیاکانی تر بەڵکو تەنها جەختیان لەسەر هەڵکەندنی بیرە نەوتی زیاتر کردوەتەوە. بەپێی یاسا ڕێژەییەکان, لە ئەنجامدا بیرە نەوتی سەرکەوتووی زیاتریان هەڵکەند و بوون بە یەکێک لە سودمەندترین کۆمپانیاکانی نەوت لە جیهاندا.

شتی زیاتر تاقی بکەرەوە

هەمان شت بۆ تۆش دروستە. کاتێک ئامانجی زیاتر دادەنێیت و شتی زیاتر تاقیدەکەیتەوە, بەشداری لە چالاکی زیاتردا دەکەیت و بەدوای دەرفەتی زیاتردا دەگەڕێیت, ئەوا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەگەرەکانی سەرکەوتن زیاد دەکەیت. تاکە هەنگاوی سنوردار کە پەنگە هەتبێت

بریتییە لە ئاستی باوەڕ بەخۆبوونت. کاتێک گەشتیتە ئەو ئاستەی کە باوەڕی تەواوت بەخۆت هەبێت, هەموو ئەو بەربەستانەی کە لە جیهانی دەرەوەتدا هەن ناتوانن بتوەستێنن.

سەرەکیترین کۆسپەکان کە لەبەردەم سەرکەوتندا هەن, هەموو کات لەناوەوەی هەزری تاکەکاندان. لە کەس یان ڕەوش و بارودۆخە دەرەکییەکاندا نین . هەر کە جەنگی ناوەکییت بردەوە, جەنگە دەرەکییەکان ئاگاداری خۆیان دەبن. پەرەدان بە باوەڕ بەخۆبوون خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژیانمدا. هۆکاری ئەوەی کە ئەو هەستە بەهێزەم هەیە سەبارەت بە بابەتەکە ئەوەیە کە بۆ من چی دەگەیەنێت.

پەرەدان بە باوەڕ بەخۆبوونێکی گەورەتر دەرفەتی گۆڕینی پێدام لە هەژاریەوە بۆ ساماندارى, لە ترس و خەمەکانم سەبارەت بە پارە بۆ ناوبانگی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیم. توانیم لە ژیانێک کە لە باڵەخانەیەکی بچوکی یەک ژوریدا, وە هەمیشە لە قەرزێکی زۆردا بووم بچمە ئاستێکی نوێ لە ژیاندا و خانوویەکی جوان لە ناوچەیەکی یاری گۆڵفدا بکڕم و سەیارەی نوێی مارسیدس لێبخوڕم.

سەرەتایەکی سەرنەکەوتوو

بەهرە و خۆزگە زۆر سودمەندبوون بەڵام بەبێ پەرەدان بە باوەڕ بەخۆبوون هەموو توانا بەکارنەهاتوەکانم ناچالاک بوون و بۆماوەی چەندین ساڵ بەکارنەهاتوون. بەرلەوەی باوەڕ بەخۆبوونی پێویست بەدەستبهێنم بۆ خۆتەرخانکردنی تەواو بۆ ئامانجەکانم بە هیچ جێگایەک نەدەگەشتم لە ژیانمدا. سەرەتا بە قازانجێکی کەم دەستم پێکرد, لە

مالێکدا لەگەڵ سێ برای لە خۆم بچوکتر دەژیام. لەکاتی گەورەبونماندا هیچ پارەیەکمان نەبوو. باوکم پیاوێکی باش بوو بەڵام نەویش دانەمەزرابوو. پۆژەکانی ڕابردووم لەبیرە کە هەرگیز نەماندەتوانی هیچ شتێك بکڕین.

دایکم هەمیشە پۆشاکە بەکارهاتووەکانی " کۆمەڵگای ئێس- تی ئینسنت دی پۆڵ "ی بۆ دەکڕین. ئەو پانتۆڵ و کراسانەمان لەبەردەکرد کە لەلایەن خێزانەکانی تڕەوە دەبەخشران. هەندێك جار منداڵەکان لە قوتابخانە ئەو جلانەیان دەناسییەوە کە لەبەرمدابوون, دەیانزانی کە ئەوە جلە کۆنەکانیان بووە کە دایك و باوکیان بەخشیویانن. لە جەژنەکانی سەری ساڵ و لەدایکبووندا ئاهەنگی گەورەمان نەدەگێڕا, تەنها شتێکی کەمان هەبوو کە بیبەخشین و بەشی بکەین.

کێشەکانی هەڵسوکەوتی تەمەنی گەنجی

لە سەرەتای تەمەنمدا گرفتی هەڵسوکەوتم هەبوو, بەڕاستی کێشە بووم بۆ هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرم بوون. ئێستا دەزانم کە تەنها یاخیبووم لە دژی گەورەکردنەکەم و پەروەردەکردنەکەم. بەردەوام لە پۆڵ دەکرامە دەرەوە بەهۆی هەڵسوکەوتە هەڵەکانمەوە. چوارجار قوتابخانە دەرکرلوم لە ماوەی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیدا. لە قوتابخانەکەدا بە منداڵێکی ڕەوشت خراپ جیادەکرامەوە و لە پۆلەکانی نۆ, دە و یازدەدا زیاتر لە هەموو منداڵەکانی تر نمرەم لێبڕاوە و وانەی دەرنەچووم هەبووە و لە قوتابخانە دوورخراومەتەوە. دواتر زانیم کە ماموّستاکانم بەوە منیان ناوزەندکردووە کە " ئەگەری زۆرە سەرەنجام بچمە زیندانەوە."

لە تەمەنێکی گەنجییەوە دەستم بە کارکردن کرد و دواتر سەرتاسەری کاتەکە کارم دەکرد هەتا پارەی زیاتر بۆ خۆم پەیدابکەم، جل بۆ خۆم بکڕم و لەئەنجامدا ببمە خاوەنی ئوتۆمبیلی خۆم. وەک قاپ شۆرێک لە ئوتێلێکی بچوک کارم کرد لە کاتێکدا لە پۆلی دوازدەدا بووم هەشت سەعات لە ڕۆژێکدا کارم دەکرد. هەرچەندە, لە قۆناغی دواناوەندیدا وازم نەهێنا بەڵام بەهۆی نمرەی نزمەوە لە قوتابخانە دوورخرامەوە.

شکست لە سەرەتاوە

تا ساڵەکە بە کۆتا هات بەردەوام بووم لە چوون بۆ قوتابخانە بەڵام لە حەوت کۆرسی کۆتایمدا لە شەش دانەیاندا شکستم هێنا. لە ئاهەنگی دەرچوونەکەدا, ڕێگەیاندا بچمە سەر ستەیجەکە لەبەردەم ئامادەبووان و لەلایەن بەڕێوەبەرەوە بڕوانامە وەربگرم. ئەو کەسەی کە لە پێشمەوە بوو بڕوانامەی دبلۆمی وەرگرت و هەروەها ئەو کەسەش کە لە پشتمەوە بوو بڕوانامەی دبلۆمی وەرگرت. ئەوەی کە من وەرمگرت" بڕوانامەی جێهێشتن " بوو. بڕوانامەی جێهێشتن, شێوازێکی بەڕێزانەی قوتابخانەکەیە کە دەڵێت:" خوات لەگەڵ, تکایە جارێکی نیکە مەگەڕێوە."

کرێکاریکردن

لەکاتێکدا کە زۆربەی هاوڕێکانم قوتابخانەیان تەواوکرد و چوونە زانکۆ تاکو درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن, من دەستم بە کرێکاری کرد. بۆ ماوەی چەند ساڵێکی کەم, وەک قاپشۆر و یاریدەدەری چێشتخانە و لە

کارگەکانیش کارم کرد. هەروەها لە دەستەی ئاوەدانکردنەوە و وەک کرێکارێکیش کارم کرد. لە یەکێک لە کارەکاندا, بیرم هەڵدەکەند, ئەوەش کانێکە کە لە سەر زەوییەوە دەستپێدەکەیت بەرەو ناخی زەوی, نەک بەرەو سەرەوە.

لە شوشتنی ئوتۆمبیل و وەک خواردن ئامادەکارێکی سەر کەشتیش کارم کرد. لە بەنزینخانەکان و وەک یاریدەدەری فیتەریش کارم کرد. کاتێک داواکارییەکانی دامەزراندنم پڕدەکردەوە لە پۆژنامەکان و لەسەر پەڕەکان, هەرگیز وەڵامێکیشم لە کەس وەرنەدەگرتەوە و داواکارییەکانیشم دەخرانە زبڵدانەکانەوە.

کاتێک تەمەنم بیست و سێ ساڵ بوو وەک کرێکارێکی گەڕۆک لە کێڵگە کارم دەکرد. لە کایەنی ماڵە جوتیارەکە لەسەر کا و پوش دەنوستم. دنیا تاریک بوو کاتێک لە خەو هەڵدەستام تا لەگەڵ خێزانی جوتیارەکە نان بخۆم بەرلەوەی کاری ڕۆژەکەم دەستپێبکات.

کاری دەستگێڕی ماڵ بۆ ماڵ

لە ناوەڕاستی تەمەنی بیست ساڵیمدا, هێشت بێکاربووم. بۆ ئەوەی پارەی خواردنەکەم پەیدابکەم هەر لە هەوڵدابووم. دەستم کرد بە فرۆشتنی شتومەکی نوسینگەکان لە ماڵ بۆ ماڵ. زۆر خراپ بووم لەم کارەدا و لەوێوە دەستم کرد بە فرۆشتنی شتەکانی تر. بیرمە کە بۆماوەی مانگێکی تەواو هاوارمکرد بێ ئەوەی یەک شتیش بفرۆشم. ژیانم لەسەر قەرز و خێراتی خێزان و هاوڕێکانم بوو. لەڕاستییدا خاوەنی هیچ شتێک نەبووم تەنانەت کەمێک جل و بەرگیش, هیچ پارەیەکم نەبوو, هیچ

بڕوانامەیەکی دواناوەندیم نەبوو, نە بەهرەی کڕین و فرۆشتنم هەبوو وە نە ئەزمونێکی باشیشم هەبوو. بەزووی هیچ شتێکم دەستنەدەکەوت و بەهیچ جێگایەکیش نەدەگەشتم.

لە هەمان کاتدا, لە دەوروبەرم هاوتەمەنەکانی خۆم وە بچوکتر لە خۆشم دەبینی کە زۆر باشن. جلی جوانیان دەپۆشی, سەیارەی جوانیان لێدەخوڕی و بە پارەیەکی باش کاریان دەکرد. هەمیشە لە بەرەوپێشچوون و سەرکەوتندابوون لە کارەکانیاندا. زۆربەیان نوسینگە و هەندێکیان ستاف و دەستەشیان هەبوو, هەندێکیان هاوسەرگیرییان ئەنجامدابوو وە مالّ و خێزان و ئوتۆمبیل و شتومەکی جوانیان هەبوو کە وا دەردەکەوت ژیانێکی زۆر خۆشیان هەیە.

پرسیارە گەورەکە

لە تەمەنی پازدە سالّییەوە, هەمیشە بیردەکەمەوە بۆچی هەندێك کەس لەوانی دیکە سەرکەوتووترن؟ هەرچەند بەرەوپێش نەچووم لە ڕووی دەرەوەم بەڵام بەردەوام بووم لە خوێندنەوە و بەدواداچوونی وەڵامەکان بۆ ئەم پرسیارە و دەستم کرد بە تاقیکردنەوەی هەندێك لەو بیرۆکانەی کە هەمبوون.

یەکەم خاڵی وەرچەرخانم ئەوەبوو کە زانیم هەموو کێشەکانی قوتابخانە و نەگونجانم لەگەڵ خەڵکی تردا دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی کەسایەتیی خودی خۆمە. بۆم دەرکەوت کە ئەگەر بمەوێت شتەکان بگۆڕێن ئەوا پێویستە منیش بگۆڕێم. لەوە تێگەشتم کە ئەو بێزاریی و تورەیی و

ناخۆشییانەی لە منداڵیمدا هەمبوون بونەتە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکی نەرینی پەرە پێبدەم کە بووە بەهۆی دورخستنەوەی چەندین کەس لێم. ڕازیبووم بەوەی کە هەر گۆڕانکارییەک پێویستە پووبدات دەبێت لە خۆمەوە دەستپێبکات و بەتەنها دەکەوێتە سەر خۆم و هیچ کەسێک ئەمەم بۆ ناکات. کەس ناتوانێت یارمەتیم بدات و بەڕاستی هیچ کەسێکی تر پێی گرنگ نەبوو. ئەگەر بمویستایە ببمە کەسێکی سەرکەوتوو و بەناوبانگ، ئەوا پێویستە کار لەسەر خۆم بکەم و ببمە کەسێکی جیاواز.

خاڵی وەرچەرخانە گەورەکە

دووەمین خاڵی وەرچەرخان بۆم کاتێک بوو کە تەمەنم بیست ساڵان بوو، زۆر هەژاریش بووم، لە باڵەخانەیەکی یەک ژووریدادەژیام و بە پۆژێش کرێکاریم دەکرد. تێگەشتم کە بەتەواوی بەرپرسیارم لە ژیانم و هەموو ئەو شتانەی کە بەسەرما هاتوون. ئەگەر دڵخۆش نەبووم بە سامانەکەم، بە کارەکەم، بە ئاستی ڕۆشنبیریم یاخود ئومێدەکانی داهاتووم، ئەوە کەوتبوە سەر خۆم کە کار لە سەر خۆم بکەم و گۆڕانکارییە پێویستییەکان لە خۆمدا ئەنجام بدەم. هیچ شتێک لە خۆیەوە بۆم پوونادات.

گرنگی ئامانجەکان

سێیەمین خاڵی وەرچەرخان کاتێک بوو کە گرنگی دانانی ئامانجەکانم لێزیەوە و بڕیاری ڕاست و دروستمدا سەبارەت بەوەی کە بەڕاستی لە هەر بوارێکی ژیانمدا چیم دەمەوێت. کاتێک بەڕێکەوت چاوم بە بابەتی

ئامانجەکان کەوت، وام بیرکردەوە کە شتێکە لە وەرزشدا هەیە. بیرۆکەی دانانی ئامانجەکان بۆ خۆم تاڕادەیەک باوەڕپێنەکراوبوو. چەندین بەهانە و کێشەم هەبوو کە وام هەستەکرد دانانی ئامانجەکە بەڕاستی ڕاهێنانێکی بێسوودە. ڕەنگە ئەمە شتێکی دڵخۆشکەر بێت بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی من ئەوا ڕەنگە هیچ سودێکی نەبێت. لەبەرئەوەی ڕێزێکی خودی کەم و باوەڕ بەخۆبوونێکی سنوردارم هەبوو، ئامانجە یەکەمەکانم زۆر بەرز نەبوون. هاوتا بوون لەگەڵ ئەوانەی کە لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد بەڵام ڕاهێنانەکانم زیاتر وەک ئاسودەیی دەهاتە بەرچاو نەک وەک هەنگاوێکی گەورە و گرنگ بۆ سەرکەوتن.

لە بیرمە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە ژوورێکی هەرزانی ئوتێلێکدا دانیشتبووم، پارچە پەڕاوێکی ئوتێلەکەم دەرهێنا و زنجیرەیەک ئامانجم نوسی و دوا مۆڵەتم بۆ دانان و پلانێکی سادەم بۆ بەدەستهێنانیان دارشت. دەستبەجێ پارچە کاغەزەکەم ونکرد، کتومت سی و یەک پۆڵ دواتر هەروەک نوسیبووم و لە ئەنجامی زنجیرەیەک ڕووداوی بەرێکەوتی دیارەوە هەموو ئامانجەکانم بەدەستهاتن. ئەو کات تەمەنم بیست ساڵان بوو بەڵام تا ئێستاش ئەو هەستی سەرسامییەم لەبیرە کە لەو کات هەمبوو. وام هەستکرد کە فێری هێزێکی نهێنی بووم کە بتوانم بۆ بەدەستهێنانی هەرشتێك بەکاری بهێنم.

سێ بیرۆکە مەزنەکە

سێ بیرۆکەی گرنگ فێربووم. یەکەم: بەرپرسیارێتی تەواو قبوڵ بکەیت بۆ خۆت و بۆ هەرشتێك کە هەیت و دەیبیت. دووەم: قبوڵکردنی ئەوەی کە دەتوانی بارودۆخت بگۆڕیت تەنها بە کارکردن لەسەر خۆت و فێربوونی ئەو شتانەی کە پێویستە بیانزانیت تا ببیتە کەسێکی باشتر. سێیەم: ئامانجی ڕوون و ئاشکرا دابنێیت و کات تەرخان بکەیت بۆ ئەو شتانەی کە دەتەوێت و هەموو ڕۆژێك کار بکەیت بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانە بکەیتە ڕاستی.

بۆ ماوەی چەند ساڵێکی کەم، ئەم بیرۆکانەم بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە بەکاردەهێنا و هەر جارێك کە ئەنجاممەدان ئەوا چەندین بەرەوپێشچوون وسەرکەوتنی دەستەبەجێ و کاتیم ئەزموون دەکرد. هەرکات سەرکەوتنێکی بچوکم بەدەستهێنابا ئەوا دەستم لەو بیرۆکانە هەڵدەگرت و بەسادەی دەگەڕامەوە بۆ وەڵامدانەوە و کاردانەوەی هەرشتێك کە بەشێوەیەکی ئاسای بۆم ڕوودەدات.

چەندین ساڵی خایاند بەرلەوەی لە کۆتاییدا دەستبکەم بە بەکارهێنانی ئەم بیرۆکانە بەبەردەوامی و لەگەڵ زۆرینەی ئەوانەی کە لەم بەرنامەدا ئاماژەم پێکردن. دواتر دەستم کرد بە وەرگرتنی ئەنجامەکان بەشێوازێکی ڕێکخراو و ڕێك و پێك.

ئێمە خۆمان وێران دەکەین

فێربووم کە ئارەزووە سروشتییەکانمان بۆ ئەوەیە کە کاری زۆر بکەین هەتا تەکنیکێك و شێوازێکی گونجاو دەدۆزینەوە کە بەسودبێت بۆمان لە

ژیانماندا, لە کارەکانماندا یاخود لە پەیوەندییەکانماندا و دواتر بە چەند شێوازێکی نەخوازراو و دەستبەجێ واز لەو تەکنیکە دەهێنین و دەگەڕێینەوە سەر هەڵسوکەوتەکانی پێشوومان بەشێوازێکی هەڕەمەکی و کوێرانە.

بەرنامەی ڕاهێنانێکی هزری وەک دانانی ئامانجەکان و بیرکردنەوەی ئەرێنی, زیاتر وەک بەرنامەیەکی ڕاهێنانی جەستەیی وایە. ئەگەر پێشبینی دەکەیت کە بەڕاستی بوێت بەسودە, ئەوا پێویستە هەموو ڕۆژێک و بەبەردەوامی بەکاری بهێنیت. کاتێک دەستم کرد بە بەکارهێنانی ئەم بنەمای سەرکەتنە سەلمێنراوانە بۆ ژیانم و کارکردن لەسەریان هەموو ڕۆژێک, ئەوا لە توانامدا بوو کە گۆڕانکاری سەیر لە هەموو بوارەکانی ژیانمدا بکەم.

مەبەستەکە لێرەدایە. بە بیرکردنەوەم لە ڕابردووم, فێربووم کە هۆکاری ئەو هەموو نائومێدیی و بێهیواییەم و بەکارنەهێنانی ئەم ڕێسایانەیە زۆر کات بەهۆی نەبوونی باوەڕبەخۆبوونمەوە بوون. هزری بەناگاییم پێیدەوتم کە بەکارهێنانی ئەم ڕێسایانە مانادارن. هەرچەندە, هزری ناناگاییم سەرچاوەی بیرەوەری و هەستەکانم و ئەزموونەکانی پێشووم بوو. پێی دەوتم کە لەڕاستییدا ئەوەندە باش و گونجاونیم و سەرکەوتن بۆ من نییە. هەر وەک زیگ زیگلاری هاوڕێم دەڵێت:" من ڕاهێنراوم بۆ سەرکەوتن بەڵام بەرنامەڕێژکراوم بۆ شکست." سەرکەوتنم دەویست لە دەرەوەم بەڵام باوەڕم نەبوو کە لە ناوەوە توانای ئەنجامدانیم هەیە."

دەتوانیت هەر تایبەتمەندییەک پەرە پێبدەیت

چوارەمین خاڵی وەرچەرخان بۆ من و هۆکاری نوسینی ئەم کتێبە بۆ تۆ، ئەو ڕۆژێنەوەم بوو کە دەتوانم پەرە بە هەر تایبەتمەندییەك بدەم کە پێم وابوو پێویستە بۆ سەرکەوتن و دڵخۆشییم. ئەوە فێربووم کە بە کاری زۆر و ڕووبارەکردنەوە, دەتوانم زاڵببم بەسەر هەستەکانی خۆ بەکەمزانین و ناشایستەیمدا و هەستەکانی ڕێزی خودی و باوەڕ بەخۆبوونم بنیادبنێم. توانیم کۆسپ یان ئاستە سنورداریيەکانم دیاری بکەم و کەمیان بکەمەوە. بە کارکردن لەسەر خودی خۆم هەموو ڕۆژێك, توانیم خۆم بنیادبنێمەوە و ببمە کەسێکی بەدەستهێنەری باڵا و دڵخۆش کە لەڕاستییدا دەمویست ببم. بە لابردنی پێیەکانم لەسەر بڕێکی نائاگاییەکانم و دانانی لەسەر خێرایکەری بەئاگاییم, دەتوانم زۆر بەخێرای بەرەوپێش بچم لە ژیاندا. کلیلەکە پەرەپێدانی ئامانجدار و بەئاگا و هێشتنەوەی ئاستی بەرزی باوەڕ بەخۆبوون و شانازی خودین کە پێکەوەن.

نهێنی سەرکەوتن

هەموو ئەو کەسە سەرکەوتووانەی کە قسەم لەگەڵ کردوون یاخود لە بارەیانەوە خوێندومەتەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە هەمان دەرئەنجام گەیشتوون. بە هەموو پێوەرێك, ئەوەندە توانا و بەهرەی زیاترت هەیە کە دەتوانی تا تەمەنی سەد ساڵی بەکاریان بهێنیت. تۆش بە هەمان شێوە دەتوانیت پێ لەسەر تاودەری تواناکانت دابنێیت و بەرەپێشچوونێکی بەرچاو بەخۆتەوە ببینیت بەخێرایيەکی زۆر کە سەرسامت دەکات. زۆرێك لەو کەسانەی کە گوێیان لە بەرنامەکانم ڕاگرتووە یاخود چوونەتە سیمینارەکانمەوە دواتر هاتونەتەوە لام, پێیان

گوتم جێی باوەڕپێکردن نییە کە چەند بەخێرای بەرەوپێشچوون کاتێک بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم ڕێسایانەیان بەکارهێنا.

چوار بنەماکەی سەرکەوتن و باوەڕ بەخۆبوون

چۆن تێکڕای ژیانت پڕ دەکەیت لەو جۆرە باوەڕ بەخۆبوونەی کە وا دەکات هەموو شتێك بۆت گونجاو بێت؟ وەڵامەکەی لەو شتەدایە کە من پێیدەڵێم چوار بنەماکە کە سەرکەوتن لە هەرشتێکدا دیاریدەکات کە بەڕاستی دەتەوێت بەدەستی بهێنیت.

بنەمای یەکەم: بریتییە لە ئارەزوو. بەڕاستی پێویستە ببیتە مرۆڤێکی تەواو باوەڕ بەخۆبوو. پێویستە ئارەزووەکەت بنیادبنێیت بەبیرکردنەوە لێی, قسەکردن دەربارەی و کارکردن لەسەری هەموو کات. پێویستە ئارەزووەکەت هێندە بەهێزبێت کە زاڵبیت بەسەر ترسەکانت لە شکست و ڕەتکردنەوە و خۆ بەکەمزانین. ئارەزووەکەت دەبێت بەو سۆزە زاڵەی کە هەڵسوکەوتت بەڕێوەدەبات. ئارەزووی بەهێز خاڵی دەستپێکە بۆ هەموو گۆڕانێکی کەسایەتی و بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

بنەمای دووەم: بریتییە لە بڕیاردان. پێویستە بڕیاری چارەنوسساز بدەیت کە دەچیت کار لەسەر خۆت دەکەیت و بەردەوام دەبیت لەسەری تا ئەو باوەڕ بەخۆبوونە بەدەستدەهێنیت کە توانات پێدەدات بۆ بوون, کردن و گوتنی هەرشتێك کە دەتەوێت. پێویستە بەربەستە هزرییەکانت تێپەڕێنیت. زۆرینەی خەڵکی شتەکانیان دەوێت بەڵام هەرگیز بڕیارێکی ڕاست و ڕەوان نادەن کە پێویستە چی بکەن تا ئەوەی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن.

بەشەمای سێیەم: بڕیتییە لە هەبوونی ئیرادە. کاتێک سەرەتا دەست بە گۆڕانکاریی گرنگ دەکەیت لە شێوازی هەڵسوکەوتتدا, سەقامگیرکەری باوەکییت هەوڵدەدات دەستت بەسەردا بگرێتەوە و بتگێڕێتەوە بۆ ناوچەی پاڵدانەوە, بۆ شێوازی هەڵسوکەوتەکانی پێشوت.

هەندێک جار پێشکەوتنەکانت لە سەرخۆ و هێواش دەبن و زۆر جاریش بە هیچ شێوەیەک پێشکەوتن بەدیناکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا, پێویستە بەردەوامبیت لە هەڵسوکەوتی ئەرێنی و بنیادنەرانە کە دەزانیت دەتکات بەو کەسەی کە خۆزگە دەخوازیت ببیت. پێویستە ئیرادەت هێندەی ئەو باوەڕ بەخۆبوونەی ئارەزووی دەکەیت بەهێز و نەگۆڕ بێت.

بەشەمای چوارەم: بڕیتییە لە بەرنامەڕێژیی. بناغەی سەرەکی هەموو بەدەستهێنانێکی مەزن لە ژیان بڕیتییە لە خود بەرنامەڕێژی. ئەمە توانایەکە کە وات لێدەکات ئەو شتەی کە پێویستە دەبێت ئەنجامی بدەیت, ئاخۆ حەزت لێی بێت یاخود نا. هەموو جێبەجێکردنێکی خود بەرنامەڕێژی, بەرنامەڕێژییەکانی ژیانت لە هەموو بوارەکانی تردا بەهێز دەکات.

لە دوای تۆڕێنەوە بیست ساڵییەکەی کە لەسەر کەسە سەرکەوتووەکان ئەنجامیدابوو, ناپلیۆن هیڵ دەڵێت:" خود بەرنامەڕێژی کلیلی لێهاتوویە بۆ ساماندارەکان." لەگەڵ هەبوونی بەرنامەڕێژی خودی هیچ شتێک ئەستەم نییە.

ئەگەر ئارەزووی گۆڕانت هەیە, توانای خێرا بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی کردار, ئیرادەت بۆ بەردەوامبوون لە بەرەوپێشچوونەکانت و

بەرنامەڕێژیکردن بۆ هەرشتێك کە پێویستە ئەنجامی بدەیت, ئەوا بەدڵنیاییەوە باوەڕ بەخۆبوون و سەرکەوتن بەدەستدەهێنیت.

بیرکردنەوەی ئەرێنی _ زانینی ئەرێنی

هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە کە باوەڕ بەخۆبوون زیاتر لە زانیاریی ئەرێنییەوە نێت وەك لە ئومێدی ئەرێنی یان بیرکردنەوەی ئەرێنییەوە. ئەمەش تەنها لە کاتێکدایە کە باوەڕی نەگۆڕ و بەهێزت بە تواناکانت هەبێت, لەسەر بنەمای ئەزموونەکانت و بەڕاستی دەزانیت کە باوەڕ بەخۆبوونت نواندنێك نییە.

هەر لەبەر ئەمەیە هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەیت باوەڕ بەخۆبوونت بنیاد دەنێت. هەموو ئەزموونێکی سەرکەوتوو باوەڕ بەخۆبوونت بنیاد دەنێت و هێزی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاترت پێدەدات. هەموو ڕاهێنانێکی هەرزی کە دەیکەیت بۆ بەرەوپێشچوون و بەهێزکردنی کەسایەتییت, دەبێتەهۆی بنیادنانی باوەڕ بەخۆبوونت. هەموو ئەو شتانەی کە فێریان دەبیت و جێبەجێیان دەکەیت لە ژیانی کەسانی تری باوەڕ بەخۆبوو, ئەوا خود بینینت باشدەکات, ڕێزی خودییت زیاد دەکات و باوەڕ بەخۆبوونت بەرزدەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەکەی ڕێکخراوی گالەپ بۆ سەرکەوتن

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا, لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکاندا ڕێکخراوی گالەپ بەرفراوانترین لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرکەوتن کە یەکێك بوو لە گەورەترین لێکۆڵینەوەکان کە لە ئەمریکا

ئەنجامدرا بوو. هەزار و پێنج سەد کەسیان هەڵبژارد کە ناو و ژیاننامەکانیان دەرکەوت لە بەرنامەی "مارکویز هووز هووز" لە ئەمریکادا. دیارترین پڕۆگرامی ناوتۆمارکردنە کە تیایدا ناوی کەسە نیار و ڕێزلێگیراوەکانی وڵات تۆمار دەکات.

بەدرێژی پرسیاریان لێکردن لەبارەی ئەوەی کە هەستیان چۆن بووە و هۆکار چی بووە کە بەم شێوەیە ناودار و ڕێزلێگیراو بوون لە ژیانیاندا. ئەم کۆمەڵەیە پێکهاتبوون لە براوەکانی خەڵاتی نۆبڵ، سەرۆکی زانکۆکان، بەڕێوەبەرانی دارایی پێنج سەد کۆمپانیا، ئەکادیمیستە ناوداڕەکان، نوسەرەکان، داهێنەرەکان، قۆنتەراتچییەکان، تەنانەت ڕاهێنەرەکانی تۆپی پێی قوتابخانە ئامادەییەکان، کەسێك کە کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر ژیان و کەسایەتی ئەو گەنجانەی کە مەشقیپێکردوون.

پێنج تایبەتمەندی گرنگی سەرکەوتن

لە دوای چەندین مانگ لە چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە توانیان گرنگترین پێنج تایبەتمەندی بۆ سەرکەوتن و باوەڕ بەخۆبوون لە ئەمریکا بدۆزنەوە. دۆزینەوەکانیان دەگونجێن لەگەڵ هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون.

توانای گشتی

یەکەمین و گرنگترین تایبەتمەندی مرۆڤ بە توانای گشتی پێناسەکراوە. دەڵێت کە کەسێکی ئاسایی توانایەکی گشتی یەکجار زۆری هەیە لەبەرئەوەی تاکو ئێستا بەکاری نەهێناوە. توانای گشتی پێدەچێت

شتێك بێت كە كەسێك وەك دەرئەنجامی ئەزموونێك لە پاش ماوەیەكی زۆر بەدەستیهێناوە و كەڵەكەی كردووە.

توانای گشتی لەلایەن بەشداربووەكانی ئەم لێكۆڵینەوە پێناسەكراوە بە " توانایەك بۆ كورتكردنەوەی ناوەڕۆكی بابەتێك, بۆ ناسینەوە و مامەڵەكردن لەگەڵ لایەنە گرنگەكانی كێشەیەك یان دۆخێك نەك ئەوەی كە سەرقاڵ بیت بە كێشە بچوكەكانەوە."

پێناسەیەكی تری توانای گشتی ئەوە بوو" توانای فێربوونی وانەیە لە ئەزموونەكانەوە و دواتر بەكارهێنانی ئەو وانە بۆ ئەزموونی زیاتر."

توانای گشتی وەك تایبەتمەندییەكی سەرەكی دەبینرا كە وا لە كەسێك دەكات بە تێپەڕبوونی كات زۆر چالاكتر بێت.

ژیریی پێویستە

ڕەنگە وشەیەكی تر بۆ توانای گشتی بریتی بێت لە ژیریی. ئەرستۆ پێناسەی ژیریی وەك تێكەڵەیەكی یەكسان لە ئەزموون و بیركردنەوە كردووە. پێشنیازی ئەوە دەكات كە سەرەتا ئەزموونت هەبێت دواتر هەندێك كات تەرخان بكەیت بۆ بیركردنەوە سەبارەت بەوەی كە ڕوویداوە بۆت و دەتوانیت چی شتێكی لێوە فێربیت.

زۆر ژیرتر و داناتری لەوەی كە بیری لێدەكەیتەوە. لەڕاستییدا, بەپێی ئەزموونت ڕەنگە توانای ئەوەت هەبێت كە زیاتر چالاكتربیت لەوەی كە تەنها ئەو شتانە بەكاربهێنیت كە پێشتر فێریان بوویت. كێشە و گرفتی نۆرینەی خەڵكی ئەوەیە كە كاتی تەواو وەرناگرن بۆ بیركردنەوە,

دانیشتن، نوسین و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تردا سەبارەت بە ئەزموونەکانیان.

سوقرات دەڵێت: " فێری شتێك دەبین بە گفتوگۆکردن سەبارەت بەو شتە لەگەڵ کەسانی تر." بەڕاستی لە شتێك تێدەگەیت کە بتوانیت لەگەڵ کەسانی تردا تاوتوێی بکەیت یاخود بتوانیت بۆ لایەنی سێیەمی ڕوونبکەیتەوە. توانای گۆڕینی ئەزموومەکانت بۆ وشە تەنها لەڕێگەی بیرکردنەوە و دەربڕینەوە دێت، زۆر گرنگە بۆ گەشە و بەرەپێشچوون و ئەزموونەکەت.

زانیاری زیادە بەدەستبخە

من بەشێکی دیکە زیاد دەکەم بۆ پێناسەکەی ئەرستۆ سەبارەت بە ژیریی کە ئەویش زانیارییە. ژیریی لە بەشی یەکسانی زانیاری، ئەزموون و ڕەنگدانەوەوە پەیدا دەبێت. سەرەتا، فێردەبیت، دواتر ئەو شتە جێبەجێی دەکەیت کە فێری بوویت و پاشان کات تەرخان دەکەیت بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە چی ڕوویداوە. کاتێك تەلەفزیۆنەکە یان ڕادیۆکە دەکوژێنیتەوە یان ڕۆژنامەکە دادەنێیت و کاتی زیاتر تەرخان دەکەیت بۆ قسەکردن و بیرکردنەوە سەبارەت بەو شتەی کە ڕوویداوە بۆت، ئەوا بەڕادەیەکی بەرچاو پەرە دەسێنیت.

دوو پرسیاری جادوویی

بێدەچێت باشترین دوو پرسیار کە فێریان بووبم بۆ بەرەپێدانی کەسایەتیم ئەمانەبن: لە پاش هەموو ئەزموونێك، سەرکەوتوو یان

سەرنەکەوتوو, ئەوا وازبهێنە و دەستبەجێ جارێکی دیکە ئەزموونەکە دووبارە بکەرەوە. باشترە لەسەر پەڕە بێت و یەکەمجار لە خۆت بپرسی, چی شتێکم بەدروستی ئەنجامدا؟ دواتر, چی شتێکم بەجیاوازی ئەنجامدا؟

ئەگەر پارچە پەڕەیەك بهێنیت و لە سەرەوەی پەڕەکە بنوسییت, چی شتێکم بەدروستی ئەنجامدا؟ دواتر هەموو بەشەکانی ئەزموونەکەت بنوسە کە بەبێ هەڵە ئەنجامتدا, ئەوا بەرەوپێشچوونی ئەزموونەکەت خێرا دەکەیت. بە شیکارکردنی کارە دەستبەجێکانی ڕابردووت وەك یاریزانەکانی تۆپی پێ لە ڤیدیۆکاندا دەیکەن, دەبینیت کە بەخێراییەکی زۆر بەرەوپێش دەچیت. ئەو ڕاستییەی کە کات تەرخان دەکەیت تا تیاتدا ڕەنگبداتەوە دەبێتەهۆی بەرەوپێشچوونت لەو بوارانەی کە گرنگیان پێدەدەیت و سەرنجیان لەسەر دەکەیتەوە.

کاتێك دەپرسیت, چی شتێکم بەجیاوازی ئەنجامدا؟ ئەوا هەموو ئەگەرێك دەبینیت بۆ بەرەوپێشچوون. شتە ناوازەکە سەبارەت بەم دوو پرسیارە ئەوەیە کە وەڵامەکان هەردووکیان ئەرێنی و بنیادنەرانەن. کاتێك ئەرێنییانە و بنیادنەرانە ژیان بەڕێدەکەیت, لە ئێستا و داهاتوشدا ئەم بیرۆکانە زیاتر لە هزری نائاگاییتدا جێگیردەبن و بەرنامەدارێژراوت دەکەن تا بەشێوازێکی وا هەڵسوکەوت بکەیت کە لەگەڵ زانیارییەکانی داهاتووتدا دەگونجێن.

پێداچوونەوە بە ئاستقدا بکە

بەکێک لە ڕاهێنەرە بەناوبانگەکانی تۆپی پێ لەگەڵ یاخیبوون یاریزانەکانیدا دانیشت و گرتەی کۆتا یارییانی نیشاندانەوە. بەبێ لێدوان، ڕاکردن و پاسدان و گرتنی توپ لە فیدیۆکەدا. ئەو یاریزانانەی کە خۆیان زۆر هەستیاربوون، زۆر بەئاگابوون لە هەڵە و لاوازییەکانیان. هیچ شتێک پێویست نەبوو بوترێت. لە ئەنجامی پێداچوونەوەی گرتەکان پێکەوە، یاریزانەکان باشتر و باشتربوون و ڕاهێنەرەکەشیان وەک کەسێکی بنیادنەر دەبینی.

پاش هەموو پەیوەندییەکی فرۆشتن یاخود چاوپێکەوتن، دووبارەکردنەوەیەکی دەستبەجێ ئەنجامبدە بەتەنها یاخود لەگەڵ کەسێکی نیکەدا و بەخێرایی لە خۆت بپرسە، چی شتێکم بەدروستی ئەنجامدا؟ وە چی شتێکم بەجیاوازی ئەنجامدا؟ سەرسام دەبیت بەوەی کە دەبینیت چەندە بەخێرایی پێشدەکەویت. ئەم ڕێگا سادەیە، دڵنیایی زیاترت پێدەدات کە لەماوەی مانگێکدا پێشکەوتنی زیاتر بەدەستدەهێنیت وەک لەوەی کە کەسێکی ئاسایی لەماوەی ساڵێک یان تەنانەت دوو ساڵیشدا بەدەستی دەهێنیت. تەنها بۆ بەک ڕۆژ تاقیبکەرەوە و بۆ خۆتی بسەلمێنە.

باشبە لەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت

دووەم تەکنیکی باوەڕ بەخۆبوون و سەرکەوتن کە لە توێژینەوەکەوە دەرکەوت پسپۆڕییە. لە بەشی سێیەمدا و بەشێوەیەکی وردتر دروست باسمکردووە. زۆربەی کەسە سەرکەوتوو و دڵخۆشەکان زۆر باشن لەو

شتەی کە ئەنجامی دەدەن و دەشزانن کە باشن. ئەوانە فێربوون و جێبەجێیان کردووە و ڕەنگیداوەتەوە لە ژیانیاندا, باشتر و باشتربوون هەتا لەلایەن هاوکارەکانیانەوە بە کەسانێکی زۆر سەرکەوتوو لە بواڕەکانیاندا ناسراون. ئەم هەستی بوون بە باشترینە پێویستییەکی تەواو داواکراوە بۆ هەبوونی باوەڕ بەخۆبوونێکی کۆتایی نەهاتوو و تەواو.

پشت بەخۆبەستن

سێیەم تەکنیك کە لە توێژینەوەکەدا ناسێنراوە بریتیە لە پشت بەخۆبەستن. ئەو ژن و پیاوانەی کە لەلایەن کەسانی دیکەوە ڕێزیان لێدەگیرێت دەیانەوێت سەرەتا سەیری خۆیان بکەن بۆ وەڵامی پرسیارەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان, ئەوانە کەسانێکی زۆر بەڕپرسیارن.

ئەوان لۆمەی کەسانی تر ناکەن یاخود بەهانە ناهێننەوە لەکاتێکدا شتەکان خراپەبن. وەك هێزێکی داهێنەری سەرەکی خۆیان دەبینن لە ژیاندا. خۆبەخشانە لە کارە قورسەکاندا بەشداری دەکەن و ئامادەن کە بەڕپرسیاریەتی تەواو لە ئەستۆ بگرن بۆ شتانێك کە پێویستە ئەنجامبدرێن.

زیرەکی لە ڕادەیەکدا هەڵناسەنگێندرێت

چوارەمین تەکنیکی سەرکەوتن بریتییە لە زیرەکی. زیرەکی کلیلێکی پێویستە بۆ سەرکەوتن و باوەڕ بەخۆبوون لە هەر بوارێکدا. هەرچەندە,

کاتێك سەیری بابەتەکەیان کرد و بۆیان دەرکەوت کە زیرەکی هەمیشە لە ڕادەی زیرەکییەوە هەڵناسەنگێندرێت.

زۆرینەی کەسە ناودار و پایە بەرزەکان کە ئەمڕۆ لەژیاندان, لە قوتابخانە ناستیان زۆر نزمبووە, نمرەی کەم یان هەر هیچ نمرەیان بەدەستنەهێناوە و زۆرینەشیان خوێندنی ئامادەیی و زانکۆیان تەواونەکردووە. لە توێژینەوەکەدا کەسێك توانای خوێندنەوە و نوسینی نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕێگاکانی چوونە زانکۆی تەواوکرد بەشاراوەی و لەڕێگەی کەسانی دیکەوە تاکو ئەرکەکانی بۆ ئەنجامبدەن.

ڕادەی زیرەکی _ داهات

لە تازەترین لێکۆڵینەوەدا لە وڵاتی نیویۆرك, هەزار گەنجی تازەپێگەشتوو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران و تاقیکردنەوەی ڕادەی زیرەکییان بۆ ئەنجامدرا. بۆیان دەرکەوت ئەو کەسەی کە بەرزترین ڕادەی زیرەکی هەیە و ئەو کەسەی نزمترین ڕادەی زیرەکی هەیە جیاوازییەکە تەنها دوو هێندە و نیوە بەڵام لەنێوان کەسێك کە بەرزترین بڕە پارە بەدەستدەهێنێت لەگەڵ کەسێك کە نزمترین بڕە پارە بەدەستدەهێنێت, جیاوازییەکە سەد هێندە زیاتر بوو لە داهاتدا. ئەو کەسەی کە بەرزترین بڕە پارەی بەدەستدەهێنێت واتای ئەوە نییە کە بەرزترین ڕادەی زیرەکی هەیە.

زیرەکی چۆن پێناسەکراوە؟
ئەگەر زیرەکی هەمیشە ڕادەیەک, یان چەند ساڵێکی خوێندن یاخود نمرە نەبێت, ئەی کە وایە چییە؟ بە بۆچونی من, زیرەکی لەڕاستییدا شێوازی ڕەفتارکردنە. ئەگەر زیرەکانە ڕەفتاریکەیت, ئەوا کەسێکی زیرەکیت. ئەگەر بەشێوەیەکی گەمژانە ڕەفتار بکەیت, ئەوا کەسێکی گەمژەیت. بەبێ ڕەچاوکردنی ڕادەی زیرەکییت یان پۆشنبیرییت.
کەسانی زیرەک ئەو کارانە ئەنجامدەدەن کە پێویستن بۆ دەستخستنی ئەو ئەنجامەی کە دەیانەوێت. ئەوان کەسانی چالاکن لە هەر بارودۆخێکدابن. زیرەکی ئەنجامدانی شتە دروستەکانە, نەک ئەنجامدانی شتەکان بەدروستی.

زیرەکی پێناسەکراوە

کەوایە شێوازی ڕەفتارکردنی زیرەکانە چییە؟ ئەمە وەڵامەکەیە: شێوازی ڕەفتارکردنی زیرەکانە بڕیتییە لە ڕەفتارکردن بە شێوازێک کە گونجاوبێت لەگەڵ هەڵبژاردنی ئامانجە خودییەکانت. هەرکات شتێک ئەنجامدەدەیت کە بە ئاڕاستەی بەدەستهێنانی ئامانجێک دەتبات, ئەوە شتێکی گرنگە بۆت, بەشێوەیەکی زیرەکانە ڕەفتاردەکەیت. تۆ کەسێکی زیرەکییت. هەرچەندە, لە کاتێکدا سەرقاڵی ئەنجامدانی کارێکیت کە لە یەکێک لە ئامانجەکانت دوورت دەخاتەوە, ئەوا بەشێوەیەکی گەمژانە ڕەفتاردەکەیت. جیهان پڕە لەو کەسانەی کە بە گەمژانە ڕەفتاردەکەن, لەبەرئەوەی کاتژێر لەدوای کاتژێر, ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەریکی ئەنجامدانی

کارێکن کە ئەو ئەنجامەیان بۆ بەدەستناهێنێت کە وەک خۆیان دەڵێن بەڕاستی دەیانەوێت.

وا لە کردارەکانت بکە لەگەڵ یەکدا بگونجێن

ئەگەر یەکێک لە ئامانجەکانت ئەوەیە کە هەشتا بۆ نەوەد ساڵ بژیت و دڵخۆشبیت و ژیانێکی تەندروستت هەبێت, دواتر هەموو ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ ئەنجامیان دەدەیت, لە پووی خواردن, خواردنەوە, ڕاهێنانکردن, پشودان و بەتایبەت دورکەوتنەوە لە هەڵسوکەوتی ناپەسەند و ناتەندروست, ئەوا کارێکی زیرەکانەیە. هەرچەندە, ئەگەر ڕاهێنان نەکەیت, ئەگەر خواردنی هەڵە و ناتەندروست بخۆیت, جگەرە بکێشیت, بەهەر شێوەیەک بێت تەندروستییت پشتگوێ بخەیت, ئەوا بە پێناسەی خۆت, گەمژانە ڕەفتارت کردووە.

ئەگەر لە بازرگانییدایت یاخود لە کاری فرۆشتندایت, فێردەبیت کە چۆن بەباشی کاتەکانت ڕێکبخەیت تا ئەوەی کارێکی زۆر لە ماوەی پۆژانی کارکردنتدا ئەنجام بدەیت, ئەوا بەزیرەکانە ڕەفتار دەکەیت. ئەگەر ئەو شتە ئەنجامدەدەیت کە دەستکەوتەکانت کەم بەها دەکات یاخود لە ئامانجەکانت دورتدەخاتەوە, ئەوا بەگوێرەی ئامانجەکانت گەوجانە ڕەفتار دەکەیت.

کلیلێکی بەرچاوڕوون ئەوەیە: هەرشتێک کە ئەنجامیدەدەیت, یان بە ئاڕاستەی ئامانجەکانت دەتبات یان دورتدەخاتەوە لێیان. هیچ شتێک بەدەر نییە. هەموو شتێک هەژماردەکرێت. هەر ڕەفتارێک کە ئەنجامیدەدەیت, یا ئەوەتا کارێکی ئەرێنییە و دەچێتە سەر لایەنی

ئەرێنی بودجەی گشتی کەسییت یان ئەوەتا کارێکی نەرێنییە و دەچێتە سەر لایەنی نەرێنی بودجەی گشتی کەسییت.

زۆر بەسادەیی, مەزنترین ژیان ئەوەیە کە زیاتر ئامازە لەسەر لایەنە ئەرێنییەکان دەکاتەوە وەک لە لایەنە نەرێنییەکان. ئەمە واتە کەسی زیرەک ئەوەیە کە زیاتر ئەو شتانە ئەنجامدەدات کە نزیکی دەکەنەوە لەو شتانەی کە دەیەوێت ببێت, هەیبێت یاخود ئەنجامی بدات زیاتر لەوەی کەسی نازیرەک ئەنجامیدەدات.

دوورېکەرەوە لە خۆفریودان

مەکەوە ناو تەڵەی خۆفریودانەوە, کە باوەڕت وابێت هەرشتێك کە خۆت دەتەوێت, هەژمار بکرێت. زۆرینەی خەڵکی پێیان وایە کە ئەگەر هەژماری نەکەن, ئەوا هیچ کاریگەرییەکی لەسەریان نابێت. پێیان وایە کە ئەگەر کتێب نەخوێنەوە یاخود گوێ بۆ بەرنامەی دەنگی ڕانەگرن, ئەگەر کات لەگەڵ خێزانەکانیان بەسەرنەبەن و یاری لەگەڵ منداڵەکانیان نەکەن لەبری ئەوە یاری بە کۆمپیوتەرەکانیان بکەن و تەماشای تەلەفزیۆن بکەن, ئەگەر ئەو شتانەی کە بەرەو ژیانێکی سەرکەوتوو, دڵخۆش و تەندروستیان دەبات ئەنجام نەدەن, تا ڕادەیەك, گرنگ نییە. هەژمار ناکرێت.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەموو شتێك هەژمار دەکرێت, هیچ شتێك نییە کە هەژمار نەکرێت. هەموو ئەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەیت یاخود ئەنجامیان نادەیت بەژداردەبن لە گۆڕینی ژیانت بۆ ژیانێکی مەزنتر یاخود ناوەند. هەموو شتێك هەژماردەکرێت.

بە ڕەچاوکردنی باوەڕ بەخۆبوونت، هەرکاتێك شتێك ئەنجامدەدەیت کە دەنبات بە ئاڕاستەی ئەو شتەی بۆت گرنگە، هەستدەکەیت کە براوەیەکیت. هەرچەندە، هەرکات کارێك ناکەیت کە بتبات بەرەو ئەو شتەی کە دەتەوێت یان تەنانەت خراپتر دوردەخاتەوە لێی، هەستدەکەیت دۆڕاوەیەکیت.

ئەم ڕەفتارانە تەنها شتانێکی بەرەپێشچوو نین بەڵکو شتانێکی نەریت و باون. هەتا زیاتر بەشداری لە ڕەفتارێکدا بکەیت، ئەوا ئەو ڕەفتارت ئاسان دەبێت و دەبێت بە ئۆتۆماتیکی. تا زیاتر ڕەفتاری براوانە بکەیت، زیاتر و بەبەردەوامی هەستدەکەیت براوەیت و باوەڕت بەخۆت و ئامانجەکانیشت زیاتر دەبێت. کردارەکانت کەسایەتییت دروستدەکەن.

کۆتای بە کارەکە بهێنە

کۆتا تایبەتمەندی سەرکەوتن کە لە توێژینەوەکەدا باسکراوە بریتییە لە ئاڕاستەکردنی دەرئەنجامەکان. ئەمە واتای ئەوەیە کە دەزانیت توانای بەدەستهێنانی ئەو دەرئەنجامەت هەیە کە لێی بەرپرسیاریت. هەموو کەسە زۆر ناوازەکان ئەوانەن کە هەرشتێك ڕووبدات و لە هەر نوخێکدا بن توانای ئەوەیان هەیە کارەکانیان بەباشی ئەنجام بدەن. ئەوان هەمیشە کەسانی چارەنوس سازن، جەخت لەسەر دەرئەنجامەکان دەکەنەوە، ئاڕاستەی کارەکانیان دەکەن.

ڕێکخەری کارامەییەکانیانن، مەیلی کارکردنیان هەیە و هەستی خێرا ئەنجامدانی کاریان هەیە. وا خۆیان ڕاهێناوە کە توانای ئەنجامدانی هەر

کارێکیان هەیە کە داوایان لێبکرێت. کار و بەرپرسیاریەتییە باشتر و گەورەکان بۆ ئەوان دەبێت.

بچۆ سەر ڕێگا خێراکەی سەرکەوتن

یەکێك لە زیرەکترین شتەکان کە دەتوانی ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە بتوانی باشتر بیت لە شتە زۆر گرنگەکان کە ئەنجامیان دەدەیت بۆ دەستکەوتنی ئەو دەرئەنجامەی کە سەرکەوتنت دیاری دەکات. تا ئەنجامەکانت باشتربن, باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزی خودییت زیاتر دەبن. پلەکەت زۆر زیاتر بەرز دەکرێتەوە و موچەی زیاتریشت پێدەدرێت لەبەرئەوەی کارەکەت باشتر و سەرکەوتوانە ئەنجامدەدەیت.

چەندین ئۆفەری کاری باشتر و زیاترت پێدەدرێت. لە دابەزینی ئابووری پارێزراو دەبیت لەبەرئەوەی خزمەتگوزارییەکانت زۆر بەهادار و بەنرخ دەبن. بە بوون بە ڕێکخەرێکی بەهێزی دەرئەنجامەکان, داهاتوویەکی گەش و سەرکەوتوو بۆ خۆت دەستەبەر دەکەیت.

ئەو شتانە ئەنجامبدە کە کەسانی سەرکەوتوو ئەنجامی دەدەن

ئەوە بەدیدەکەیت کە هەموو ئەو شتانەی دەربارەیان قسەمان کرد لەم کتێبەدا تا ڕادەیەك کاریگەری لەسەر پێنج تایبەتمەندییەکان بۆ سەرکەوتنی مەزن لە ئەمریکادا دەبێت. پێشتر ڕوونکردنەوەم داوە سەبارەت بە گرنگی هەڵبژاردنی بەهاکانت و ڕێکخستنی تەواوی ژیانت لە هەموو ئەو شتانەی کە باوەڕت وایە ڕاست و دروستن. تا ئەو ساتەی کە

ڕەزامەندی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بەرزترین بنەماکانت ژیان دەکەیت.

باوەڕ بەخۆبوونت پشت بە بنەمایەکی پتەو و نەگۆڕ دەبەستێت.

بەدرێژایی ئەم کتێبە سەبارەت بە گرنگییەکانی دانان و ڕێکخستنی ئامانجە ڕوونەکان قسەم کردووە، هەروەها کتومت بڕیاردان لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە لە بوارەکانی ژیاندا دەتەوێت. دەزانیت کە ئامانجە بەرەنگاری، گەورە، گرنگەکان بەڕوونی پێناسەکراون بە پلانی نوسراو و داڕێژراو بۆ بەدەستهێنانیان. چەمکی گشتی خودییت بەرەوپێش ببە و باوەڕ بەخۆبوونت بنیاد بنێ.

پلان بۆ کارەکەت دابنێ و کار بە پلانەکەت بکە

کاتێک پلان بۆ کارەکەت دادەنێیت و کار بە پلانەکەت دەکەیت و ڕەزامەندت تەرخان دەکەیت بۆ تەواوکردنی ئەرک وکارە بەها بەرزەکانت، ئەوا بەخێرای بەرەوپێش دەچیت بەرەو هێنانەدی ئامانجەکانت و باوەڕ بەخۆبوونیشت زیاد دەکات.

هەرکات بڕیاردەدەیت میلێك زیاتر ڕێبکەیت، بۆ ئەنجامدانی زیاد لەو بڕە پارەی کە پێت دەدرێت، زیاتر لەوە ئەنجام بدە کە پێتدەدرێت. زیاد لەو شتانە ئەنجامبدە کە چاوەڕوانییت لێدەکرێت لە کار و لە پەیوەندییەکاندا لەگەڵ کەسانی دیکەدا. هەست بەباشیەکی زۆر دەکەیت سەبارەت بە خۆت. زیاتر هەستدەکەیت کە براوەیەکییت. ئاستی باوەڕ بەخۆبوونت بەرزدەبێتەوە و هەستدەکەیت هاندەدرێیت بۆ ئەو شتەی کە لە ئێستادا ئەنجامی دەدەیت و زیاتر خۆتی بۆ تەرخان دەکەیت.

کاتێک خۆت تەرخان دەکەیت بۆ ئەوەی باشتر و باشتر بیت لە ئەنجامدانی کاری گرنگ لە ژیاندا, هەست بە توانست و لێهاتوویی ئەنجامدانی کارێکی گرنگ دەکەیت, باوەڕ بەخۆبوونت قوڵتر دەبێتەوە و بەرەوپێشچوونەکەت دەکەیت, باوەڕ بەخۆبوونت قوڵتر دەبێتەوە و توانای ئەنجامدانی کارە گرنگەکان زیاد دەکات. پەرەدان بە نایابی یان پسپۆڕییەکەت لەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت, شێوازێکی ناوازەی ژیانی ئەرێنییە کە ڕابەرێکی هەمیشەییە بۆ باوەڕ بەخۆبوونێکی بەرزتر.

کارەکەت زۆر بەباشی و بەخێرای ئەنجام بدە

ئەنجامدانی کارەکەت بە باشترین شێوە و خۆتەرخانکردنێکی باش خێراترین ڕێگەن بۆ ئەوەی وا لەو کەسانە بکەیت کە ڕێزیان دەگریت, ڕێزت بگرن و شانازییت پێوە بکەن. لێکۆڵینەوە لەدوای لێکۆڵینەوە, ئەوەی نیشانداوە کە ناسینەوەی بەردەوام وەک کەسانی گرنگ لە کارەکەتدا تەنها لە باشبوونتدایە لەو کارەی کە ئەنجامی دەدەیت. تەنها کار و ئاستی پێشکەشکردنی زۆر باش لە کارەکەتدا بەسەر سیاسەتدا سەرتدەخات و ئەو هێز و کاریگەرییەت پێدەدات کە بەڕاستی جیاوازی دروستبکەیت لە هەر دامەزراوەیەکدا بیت.

خۆت بۆ فێربوونی بەردەوام تەرخان بکە

ڕاسپاردنی بەردەوام بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆفیشناڵانە و کەسییت, هەستی بەردەوام گەشەکردنت تێدا دروستدەکات. هەرکات هەستتکرد وەک کەسێک گەشە دەکەیت, هەست بە پڕوزەی و هاندان لە ناختدا

دەکەیت بۆ بەدەستهێنانی زیاتر. تا زیاتر فێربیت, توانای فێربوونی شتی زیاتر دەبێت. تا زیاتر پەرە بەخۆت بدەیت, بەتواناتر دەبیت لەوەی پەرەی زیاتر بەخۆت بدەیت.

بەپێی یاسای ڕەنگدانەوە, تا زیاتر بەهێزتر و باشتربیت لە ناختدا, ئەوا لایەنەکانی دەرەوەشت پەرەدەسێنن لە ژیانتدا. هەرکە هەستت بە باشتربوونی ژیانت کرد, زیاتر هەستی ئەرێنییت دەبێت و چارەنوست لەژێر کۆنترۆڵی خۆتدا دەبێت. زیاتر خۆتت خۆشدەوێت, ڕێز لە خۆت دەگریت و باوەڕ بەخۆبوونیشت زیاد دەکات.

کاری بەردەوپێشچوون و بەردەوام ئەنجام بدە

هەر کارێکی ئەرێنی, دروستکەرانە و خود بڕیارلێدەرانە کە ئەنجامی دەدەیت بە ئاڕاستەی خەونەکانت, ئەوا پەرە بە وێنەی کەسییت دەدات و باوەڕ بەخۆبوونیشت زیاد دەکات. کاتێك خۆت بەرنامەڕێژ دەکەیت بۆ ئەنجامدانی کتومت ئەو شتانەی کە ڕێنوێنییت دەکەن بە ئاڕاستەی ئەو شتەی کە زۆر بۆت گرنگە, ئەوا پەرە بە هەستێکی بەهێزی و دڵنیایی دەدەیت کە بەڵگەیە بۆ کەسانی دەوروبەرت.

هەموو کارێکی ئەرێنی هەستێکی ئەرێنی دروستدەکات کە لەگەڵی دەگونجێت. کاتێك بیروکەکانت و کارەکانت دەگونجێنیت لەگەڵ بڵندترین ئاوات و بەبەهاترین ئامانجەکانت, ئەوا بەبەردەوامی جۆرێك لە باوەڕ بەخۆبوونی نەگۆڕ لە خۆتدا دروستدەکەیت کە توانای بەدەستهێنانی زۆرینەی شتەکانت پێدەدات.

ببە بە پاڵپشتیکەری خۆت

هەموو بەیانییەك کاتێك لە خەو بەئاگادێیت, بەخۆت بڵێ, ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆش و مەزن دەبێت. پەرە بە کەسایەتیی ئەرێنیی ئامانجە گرنگەکەت بدە و هەموو ڕەفتارەکانت بە یەك ئاڕاستەدا ڕێکبخە. لەبیرت بێت, کە بەرزترین ئاستی زیرەکی نیشان دەدەیت کاتێك هەموو ئەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەیت هۆکارێکن بۆ دروستکردنی هەستی باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزی خودی کە خۆزگەی بۆ دەخوازیت.

هەمیشە بە شێوەیەکی ئەرێنییانە لەگەڵ خۆت بدوێ و بەخۆت بڵێ:"دەتوانم ئەنجامی بدەم! دەتوانم ئەنجامی بدەم!" یاخود بڵێ:" تەندروستم, هەست بە تەندروستییەکی باش ئەکەم, زۆر باشم!" لە گفتوگۆکانت لەگەڵ کەسانی تردا, وشەکانت با ئەرێنی و پڕئومێد بن .

لەو کەسانە دووربکەرەوە کە ڕەخنە دەگرن و سکاڵا دەکەن. بیکە بە یارییەك بۆ ئەوەی هەمیشە شتی جوان بدۆزیتەوە تا سەبارەت بە هەمووان و هەموو شتێك بیڵێیت. وشە ئەرێنییەکان دەبنەهۆی هەڵوێستی هزری ئەرێنییانە.

ژینگەیەکی پێشنیازی ئەرێنییانە لە دەوری خۆت دروست بکە. وێنەیەکی ڕوونی ئەو کەسە لە هزرتدا بکێشە کە دەتەوێت ببیت و ئەو شتانەشی کە دەتەوێت هەتبن, ئەو کتێبانە بخوێنەرەوە کە هزرت فراوان دەکەن و توانات زیاد دەکەن. لەناو ئوتۆمبیلەکەتدا گوێ بۆ بەرنامە ڕەوەردەییەکان ڕابگرە, کەسانی ئەرێنی لە دەوری خۆت کۆ بکەرەوە و لە کەسانی نەرێنیش دووربکەرەوە.

کۆنترۆڵی وێنە هزرییەکانت بکە

بەر لە هەر ڕوداوێکی گرنگ، هۆشیارانە خۆت ڕابهێنە و بەجۆرێك خۆت ببینە کە لە هەموو بارودۆخێکدا باشترین شت ئەنجامدەدەیت. ئاسنە نایابەکانی پێشترت وەبیر خۆت بهێنەرەوە و ئارامبەرەوە. بەڵەوەی بچینە سەر جێگەی نوستن، بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەرەوە کە بەدروستی ئەنجامت داون لە ماوەی ڕۆژەکەدا و ئەو شتانەشی کە بەنیازیت باشتر ئەنجامیان بدەیت لە ڕۆژانی داهاتوودا. هزرت نقومی وێنە ئەرێنییەکانی باشترین کەسایەتییت بکە. ئەوەی کە "دەیبینیت" نەوەیە کە "بەدەستی دەهێنیت".

هەرکات شتێك ڕوودەدات و هاوسەنگییت لێ تێکدەدات، ئەوا بە بیرکردنەوە لە ئامانجەکانت خۆت جێگیر بکە. چونکە بەپێی باسای لەجێدانان، لە یەك کاتدا بەتەنها دەتوانیت بیر لە یەك شت بکەیتەوە، وە ئەگەر سەبارەت بە ئامانجەکانت بیر بکەیتەوە، ئەوا دەستبەجێ هزرت ئەرێنی دەبێتەوە. یارییەك بکە بۆ سەرکەوتن بەسەر بێئومێدیی خەڵکی، ترافیك و کۆسپ و بەربەستە چاوەڕواننەکراوەکاندا. بەخۆت بڵێ: "ئەوەی ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، دەبێت بەرگەی بگیرێت." بگەڕێوە بۆ بیرکردنەوە لە ئامانجەکانت و ئەو شتانەی ئێستا دەتوانیت ئەنجامیان بدەیت تاکو بەرەو ئامانجەکانت بڕۆیت.

پەرە بە بوێریی و بەرنامەداڕێژییەکەت بدە

هەرکات بڕاردەت هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەوەی ئاسان و خۆشە وەك لەوەی کە قورسە بەڵام پێویستە. لە ناوچەی پاڵدانەوەت وەرە دەرەوە

بە ئاڕاستەی خەونەکانت. بەئاگاییانە بەرەنگاری فریودانەکە ببەرەوە بۆ ئەوەی بەباشی مامەڵە لەگەڵ خۆت بکەیت. لەبیرت بێت کە ناوچەی پاڵدانەوە دوژمنێکی گەورەی کارکردن و توانا شاراوەکانی مرۆڤە. تەنها لە بارە مەترسیدار و بەرەنگاربوەکاندا زۆر لە خۆت دەکەیت کە چی شتێك ئاسودە و ئاسانە بۆت, ئەگەرەکانی سەرکەوتن لەوێدا چاوەڕێت دەکەن.

هەر کردارێکی بوێرێی و دلێرێی لە بەشەکەتدا, بەتەنها بوێرێی و دلێرێی زیادە بنیاد نانێت بەڵکو باوەڕ بەخۆبوونیشت بنیاد دەنێت. هەتا بوێرییت زیاتر پەرە پێبدەیت, تەنانەت لەکاتی نادڵنیایشدا, ئەگەری زۆرە ئەم جۆرە ڕەفتارە بوێرییە ببێتە خوویەك بۆت.

وردە وردە دەتوانیت بە شێوەیەك ڕەفتار بکەیت کە تەنانەت لە زۆربەی دۆخەکانیشدا نەترسیت و تەنها بڕێکی کەم دەمێنێتەوەی لەوەی کە نەیگریتەبەر یاخود تاقی نەکەیتەوە. پەرە بە باوەڕ بەخۆبوونێك دەدەیت لە خۆتدا کە بەتەواوی باوەڕت بە تواناکانت دەبێت بۆ سەرکەوتن تەنانەت لە دۆخە سەخت و پڕ لە کێشەکانیشدا. لەبەرئەوەی سەرکەوتن پشت بە یاسا ڕێژەییەکان دەبەستێت, ئەوا لە ئەنجامدا سەرکەوتوو دەبیت و سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستدەهێنیت.

زۆر بەباشی ئاگاداری خۆتبە

دەبێت دڵنیابیت لەوەی کە هەموو کاتژێر و ڕۆژێك ئاگاداری جەستەی خۆت بیت. خواردنی باش و تەندروست بخۆیت, شلەمەنی زۆر بخۆیتەوە, بڕێکی باش بخەویت و هەروەها بە ڕێکو پێکی ڕاهێنان بکەیت. ئەگەر

دڵخۆش نییت بە پۆکار و جەستەی خۆت, ئەوا بڕۆ کاری لەسەر بکە و پەرەی پێبدە. زنجیرە ئامانجێك دابنێ کە کێشێکی گونجاوت هەبێت, جلوبەرگی ناوازە بپۆشیت و لە هەموو پووپەکەوە خاوێن و شیك پۆش بیت.

باوەڕ بەخۆبوونت بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری بە وێنە خودییەکانت لەسەر دەبێت, لەلایەکی دیکەشەوە زۆرکات وێنەی خودییت بەوەی کە پێتوایە کەسانی دیکە چۆن تۆ دەبینن و بیرت لێدەکەنەوە دیاری دەکرێت. کاتێك کار لەسەر خودی خۆت دەکەیت و کاتی تەواو دابین دەکەیت تا ئەو وێنەیە دروست بکەیت کە دەزانی سەرنجڕاکێشە بۆ کەسانی تر, ئەوا هەستێکی ناوازەت بەرامبەر بەخۆت دەبێت و باوەڕ بەخۆبوونیشت دەستبەجێ زیاد دەکات. گرنگ نییە لە کوێوە دەستپێدەکەیت. بەڵکو کاری سەرەکییت ئەوەیە کە بڕیاریدەیت ئەو شوێنە کوێیە دەتەوێت بۆی بڕۆیت و دواتر پلان دابنێیت تا بگەیت بەو شوێنە.

بەڕوونی و باوەڕ بەخۆبوونەوە قسە بکە

لە گفتوگۆکانت لەگەڵ کەسانی دیکەدا, دڵنیابە کە بەڕوونی قسە دەکەیت و بەڕاشکاوی و ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خۆت دەکەیت. لە گفتوگۆی نێوان کەسییدا, لە کۆبونەوەکاندا یاخود لەگەڵ کۆمەڵێکدا, زیاتر بەتواناتریت لە قسەکردن بۆ خەڵکی, ئەوا هەستدەکەیت لێهاتووتریت و زیاتر باوەڕت بەخۆت دەبێت.

ئەگەر شەرمکردن بۆ تۆ کێشەیە, ئەوا وەک ئامانجێک دایبنێ تاکو زاڵبیت بەسەریا. کۆرسێکی دیل کارنگی وەربگرە لەسەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ یاخود پەیوەندی بە تۆست ماستەرزەوە بکە و فێربە لەسەر پێیەکانی خۆت بوەستیت و قسە بۆ خەڵکی بکەیت. یەکێکیان یاخود هەردووکیان دەتکەن بە کەسێکی ئەرێنی و کراوە و باوەڕ بەخۆبوو.

بیرکردنەوەی بێسنورانە ئەنجام بدە

دەتوانی گەشە بە باوەڕ بەخۆبوونێکی پتەو و نەگۆڕ بدەیت, ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت و هزرتی بۆ تەرخان بکەیت. دەتوانی لە ناختدا تایبەتمەندی هەر کەسایەتییەک پەرە پێبدەیت کە بەڕاستی دەتەوێت. هەمیشە ئازادیت لە هەڵبژاردندا. هەرشتێک کە هەیت و هەرشتێک کە دەبیت بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی خودی خۆتدایە.

کلیلی کۆتایی بۆ باوەڕ بەخۆبوون کە لەلایەن دۆروۆسییا براندییەوە لە ساڵی ۱۹۳۵ دا دانرا. دەڵێت:" بەرزترین ڕێگا بۆ سەرکەوتن ئەوەیە کە بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەیت وەک ئەوەی کە ئەستەمە شکست بهێنیت و دەبێت سەرکەوتووبیت."

جیاوازی ڕاستی لەنێوان دۆڕاوەکان و براوەکاندا لە ژیاندا بریتییە لە جیاوازی لە ئەنجامدانی کار و بەهانە هێنانەوە. لەنێوان ئەو کەسانەدایە کە کارەکان ئەنجامدەدەن و ئەوانەی کە قسەدەکەن دەربارەی ئەنجامدانی کارەکان. لەنێوان ئەنجامدەرەکان و ئەوانەدایە کە تەنها دانیشتون و هیچ شتێک ئەنجامنادەن.

ڕەنگە گەورەترین بەرپرسیاریەتییت ئەوە بێت کە ببیتە کەسێکی چالاک و ئەنجامدەر تا هەڵسوکەوت و هەستەکانت گونجاوبن لەگەڵ کارە

ناوازەکانت و ئاستە بەرزەکانتدا. کاری سەرەکییت ئەوەیە کە هەموو کۆششێك بکەیت, بەسەر هەر کۆسپێکدا سەربکەویت, پێوانەی هەموو بەرزییەك بکەیت تاکو ببیتە کەسێکی پڕجوڵە, نەوستێنراو و باوەڕ بەخۆبوو کە لە تواناتدایە ببیت. کاتێك ئەم تایبەتمەندییە نەگۆڕەی باوەڕ بەخۆبوونت لە خۆتدا پەرەپێدا, ئەوا هیچ شتێکی دیکە بۆت ئەستەم نییە.

ڕاهێنانە کردارییەکان:

١. ئەمڕۆ بڕیار بدە وەك ئەوەی کە خاوەنی باوەڕ بەخۆبوونێکی تەواو بیت لە دنیادا. ئەو شتە بڵێ کە بیری لێدەکەیتەوە, داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت و بەردەوامبە هەتا سەرکەوتوو دەبیت.

٢. هەر ئێستا سێ لە گرنگترین ئامانجەکانت لە ژیاندا بنوسە. دواتر سێ هەنگاو بنوسە کە بۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێکیان دەتوانی بیان گرێتەبەر, لانیکەم دەستبەجێ یەکەم هەنگاو بگرەبەر.

٣. ئەو سێ دەرئەنجامە گرنگە دیاری بکە کە لە کارەکەتدا بەدەستی دەهێنیت و بڕیاربدە ئەمڕۆ زۆرینەی کات کار لەسەر ئەو چالاکیانە بکەیت.

٤. وێنەیەکی ڕوونی هزری بۆ خۆت دروست بکە کە بەباشترین شێوە- لەسەرخۆ, باوەڕ بەخۆبوو وە گەشبینانە ئەنجامی دەدەیت. ئەم وێنانە بەدرێژایی ڕۆژەکە دووبارە بکەرەوە.

٥. خۆت تەرخان بکە بۆ بەرەوپێشچوونی پڕۆفیشناڵانە و کەسێتی بەردەوام تا هەموو ڕۆژێك باشتر ببیت.

٦. لە سەدا سەد بەرپرسیاریەتی قبوڵ بکە بۆ هەرشتێك کە ئەمڕۆ هەیت و بۆ هەرشتێك کە لە ئایندەدا دەبیت. ڕەتی بکەرەوە لۆمەی هیچ کەسێك بکەیت.

٧. ئەمڕۆ بڕیاربدە کە هەرگیز وازناهێنیت و بەردەوامبە بەسەر هەموو کۆسپ و بەربەستەکاندا تاکو سەرکەوتوو دەبیت لە دروستکردنی ئەو ژیانە ناوازەی کە بۆت گونجاوە.

بەختێکی باش!

Brian tracy

[redacted]

بەخێربێیت بۆ ناوچەی نەترسان, لە لاپەڕەکانی دواتردا, فێردەبیت کە چۆن پەرە بە باوەڕ بەخۆبوون, بوێریی, وریەیەکی پتەو و نەگۆڕ بدەیت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. فێردەبیت کە بەبوێری و چاونەترسییەوە لە گەورەترین بەرەنگاریی و دەرفەتەکانی ژیانت نزیک ببیتەوە و ڕوبەڕوویان ببیتەوە. باوەڕت بە تواناکەت دەبێت کە دەتوانی هەرشتێك بەدەست بهێنیت کە بیری لێدەکەیتەوە.